

# نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادیمیکی کوردی

نووسینی
د. بەختیار سەجادی

# نوانەسازی و ئامارژەپێوی

# بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی

د. بەختیار سەجادی

# نوانەسازی و ئاماژەپێوی
# بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی


**د. بەختیار سەجادی**

پرۆفیسۆری هاوکار لە ئەدەبی ئینگلیزی و ڕەخنەی ئەدەبی

دامەزرێنەر و سەرۆکی بەشی کوردی (٢٠١٥–٢٠٢٠)

بەڕێوەبەری بەرپرسی ژورناڵی *CLS*

سەرنووسیاری *ژورناڵی ئەدەبی کوردی* (*JKL*)

زانکۆی کوردستان، سنە

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: نوانەسازی و ئامارەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی

ناوی کتێب بە ئینگلیزی:

**Indexing and Citation Metrics for Kurdish Academic Writing**

دانەر: بەختیار سەجادی

دیزاینی ناوەوە: محەمەد دانشگەر

ژمارەی چاپ: یەکەم

ساڵ: ٢٠٢٤

ئەژمار: ٥٠٠

بڵاوکەرەوە: دامەزراوەی ڤیژ ن ئێجوکەیشن، هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٦١٩)ی ساڵی ٢٠٢٤ی دراوەتێ.



مافی لە چاپدانەوەی بۆ دانەر پارێزراوە

**ئەم کتێبە پێشکەشە بە ڕۆحی:**

ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)

حاجی قادری کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧)

جگەرخوێن (١٩٠٣-١٩٨٤)

هەژاری موکریانی (١٩٢١-١٩٩١)

## ناوەرۆک

**پێشەکی ........................................ ١٣**

**بەشی یەکەم: ناساندنی پرسەکە و پێناسەکان ........................................ ٣٣**

بابەتی بەرباس ........................................ ٣٣

پلەی زمانەکان لە بەرهەمهێنانی هزر و زانستدا ........................................ ٣٥

گرنگایەتی و ئامانجەکان ........................................ ٣٩

چوارچێوە ........................................ ٤٢

پێناسەی زاراوەکان ........................................ ٤٤

**بەشی دووەم: زمانی کوردی و هزرین لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ...... ٥٥**

زمانێکی دەوڵەمەند، بەڵام بزر ........................................ ٥٥

زمانی کوردی و هێڵکەکانی کەکستۆن ........................................ ٥٩

مێکانیزمی نەریتیی داهێنان بە کوردی ........................................ ٦٢

چاپەمەنیی ئەکادیمیکی کوردی لە دونیای ئەوڕۆی زانستدا ........................................ ٦٥

داتایەک بۆ داچەڵەکین ........................................ ٦٩

نا بۆ کتێبسازی، بەڵێ بۆ توێژینەوە ........................................ ٧٠

توێژینەوە بە کوردی: لە کتێب و گۆڤارەوە بۆ بنکەدراوەی دیجیتاڵ ........ ٧٤
توێژی خوێندەواری کورد و زاراوەی ئەکادێمیک ........ ٧٨
نەبوونی گۆڤاری ئەکادمێک لە بوارە جیاوازەکاندا ........ ٨٠
**بەشی سێیەم: زمانەکانی تر و پرسی نوانەسازی ........ ٨٥**
بنکەدراوەی نێودەوڵەتی بۆ نوانەسازی ........ ٨٥
پێگەکانی بڵاوکردنەوەی سەرچاوەی ئەکادێمیک ........ ٨٦
هاوکۆلکەی ئاماژەمەندی بۆ نووسینی ئەکادێمیک ........ ٨٨
گەشەی فارسی و پەنگخواردوویی کوردی ........ ٨٩
ناوەندی ISC و زمانی کوردی ........ ٩٠
تورکی، کوردی و گەمەی چارەنووس ........ ٩١
پێشکەوتنێکی گەورە بۆ عەرەبی ........ ٩٣
**بەشی چوارەم: نووسینی ئەکادێمیکی کوردی ........ ٩٥**
نڤیساری کوردی و کتێبخانەی ئەلکترۆنیک ........ ٩٥
نڤیساری کوردی لە داتا و نوانەکانی ئێران و تورکیا ........ ٩٨
پاشاگەردانی لە ڕێنووسدا: کۆسپی گەڕان لە دونیای دیجیتاڵدا ........ ١٠٢
شێوازی دەقەکان لە نێوان ئاخاوتن و نووسیندا ........ ١٠٤
سێ پۆل توێژەری کورد ........ ١٠٧
ئەکادێمیا و ڕۆشنبیری: یەکانگیری یان لێکدابڕان؟ ........ ١١٠
گۆڤارەکان وەک دەلاقە بۆ نووسینی ئەکادێمیک ........ ١١٤
خاڵی لاوازی ژورناڵە کوردییەکان و چارەسەرکردنیان ........ ١١٧
**بەشی پێنجەم: نوانەسازیی نووسینی ئەکادێمیکی کوردی ........ ١٢١**
دۆخی ئێستای نوانەسازی بۆ توێژینەوەکانمان ........ ١٢١

ئامادەنەبوونمان لە داتاکاندا.......... ١٢٣
بڵاوبوونەوەی زانیاریی نادروست.......... ١٢٤
نڤیساری کوردی و کەشی مەجازی.......... ١٢٤
تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ توێژەران.......... ١٢٦
نڤیساری کوردی، پلەتفۆرمی دیجیتاڵ و تۆڕی کۆمەڵایەتی.......... ١٢٧
گۆڤارە زانستییەکان: داخستن، یان چاکسازی؟.......... ١٣٠
پلەتفۆرمی گۆڤارە ئەکادیمییەکانی کوردستان: ڕەخنە و پێشنیاز.......... ١٣٤

## بەشی شەشەم: گۆڕانکاریی پارادیگماتیک بەرەو نوانەسازی.......... ١٣٩

پێویستیی گۆڕانکاری.......... ١٣٩
نەشتەرگەرییە گەورەکە: لە کەشکۆڵەوە بۆ گۆڤار.......... ١٤١
بایەخدان بە جۆرەکانی دیکەی نووسینی ئەکادیمیک.......... ١٤٣
ڕێکخستنی جۆرەکانی چالاکیی ئەکادیمیک.......... ١٤٥
چاکسازی لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەدا.......... ١٤٩
ڕیزبەندیی گۆڤارە ئەکادیمیکەکان.......... ١٥٢
ڕێکخستنی ناونیشانی ئەلکترۆنیک.......... ١٥٤
چاکسازی لە ماڵپەڕی ژورناڵەکاندا.......... ١٥٥
بڵاوکردنەوە و نوانەسازی.......... ١٥٧

## بەشی حەوتەم: ئاماژەپێویی نووسینی ئەکادیمیکی کوردی.......... ١٥٩

ئاواتێک بۆ زمانی کوردی: ئاماژەکاری و هاوکۆلکەی کاریگەری.......... ١٥٩
سایتەیشن و ئەلفبێ لە زارە کوردییەکاندا.......... ١٦٣
ئاماژەپێوی و هاوکۆلکەی کاریگەری لە کوردیی ناوەندیدا.......... ١٦٥
جێگە و پێگەی ئاماژەپێوی لە ڕیزبەندیی زانکۆکاندا.......... ١٦٨

دەوری توێژینەوەی هاوبەش ........................................................................ ١٧٠
دەوری ڕانانی کتێب و وتار ...................................................................... ١٧١
دەوری پوختەی پەرەپێدراو ...................................................................... ١٧٥

## بەشی هەشتەم: ئەنجام ........................................................ ١٧٩

## خشتەکان ........................................................................ ١٨٥

خشتەی ژ. ١: پشکی بەرهەمهێنانی زانست بۆ زمانە جیاجیاکان لە سکۆپوس ............... ١٨٥
خشتەی ژ. ٢: بەڵگە تۆمارکراوەکان بە فارسی لە سکۆپوس ........................................ ١٨٥
خشتەی ژ. ٣: کۆی نووسینی نوانەکراو لە سکۆپوس و وێب ئاڤ سایێنس ................... ١٨٦
خشتەی ژ. ٤: بنکەدراوەی نێودەوڵەتی بۆ نوانەسازی ................................................. ١٨٧
خشتەی ژ. ٥: ڕێژەی ئاماژەکاری بۆ بەرهەمی وڵاتان بەپێی وێب ئاڤ سایێنس ........... ١٩١
خشتەی ژ. ٦: نوانەسازیی گۆڤارە ئەکادیمیکەکان لە ئێراندا ........................................ ١٩٣
خشتەی ژ. ٧: بنکەدراوە و ناوەندی نوانەسازی لە تورکیا ........................................... ١٩٥
خشتەی ژ. ٨: پلەی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا بەپێی سایماگۆ ............................. ١٩٥
خشتەی ژ. ٩: پلەی وڵاتە بچووکەکان بەپێی سایماگۆ لە ١٩٩٦ـەوە بۆ ٢٠١٨ ................ ١٩٦
خشتەی ژ. ١٠: ڕێژەی زمانەکان لە ویکیپیدیا لە ٢٠١٩دا ............................................. ١٩٧
خشتەی ژ. ١١: تۆڕە کۆمەڵایەتییە ئەکادیمیکەکان ...................................................... ١٩٧
خشتەی ژ. ١٢: قۆناغەکانی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی زانستی .................................. ١٩٨
خشتەی ژ. ١٣: هاوکاریی نێودەوڵەتی لە توێژینەوەکانی گۆڤاری نەیچێردا .................. ١٩٩
خشتەی ژ. ١٤: هاوکاریی نێودەوڵەتیی توێژەرانی ئێرانی لەگەڵ وڵاتاندا ....................... ١٩٩

پێگەی ئەلکترۆنیکی ناوەندە ئاماژەبۆکراوەکان ........................................ ٢٠١
چالاکیی دانەر دەربارەی نووسینی ئەکادێمیک و نوانەسازی................ ٢٠٥
فەرهەنگۆکی زاراوەکان.......................................................................... ٢٠٩
سەرچاوەکان ......................................................................................... ٢١٧

# پێشەکی

گەرچی زۆرن ئەو توێژەرە کوردانەی لە سەراسەری دونیادا خاوەنی بەرهەمی تۆکمەی زانستین لە بوارە جیاوازەکاندا، بەڵام زۆربەی هەر زۆری ئەو نووسینانە بە زمانی کوردی نین؛ هەروەها بەشی زۆری نووسینی ئەکادیمیک لە کوردستاندا بە هەر زمانێک بێت، لە ناوەرۆک و شێواز و ڕێبازناسیدا، هەڵگری چەندین خاڵی لاوازن، بۆیەش لە لایەکەوە، ئەبێ جیاوازیی نێوان توێژەری کورد و توێژەری کوردی‌نووس ڕەچاو بکرێت، لە لایەکی ترەوە، بەشێکی زۆری ئەو توێژینەوانەی لە کوردستاندا بەرهەم دێن، بەهۆی کەموکووڕییەکانیانەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنەی جیدی دەبنەوە. توێژینەوە گرنگترین و کاریگەرترین دەرکەوتە و مۆرکی زانستە، بە شێوەیەک کە زانست بەبێ توێژینەوە یەکسەر واتاکەی خۆی دەدۆڕێنێت.

نووسینی ئەکادیمیک، بە وتار و کتێبەوە، لە دونیای ئەوڕۆدا، لە یەکەم ساتەوەختی گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی توێژینەوەکە تا بڵاوبوونەوەی، پێویستە بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕێت. ئەم کتێبەی بەردەست باسی ئەو قۆناغانە ناکات، هەرچەند لەوانەشە هەندێک لە باسە پێشکەشکراوەکان لە ژێربەشەکاندا پێوەندییان بەو قۆناغانەوە هەبێت. ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستە، قۆناغی دوای بڵاوبوونەوەی نووسینی ئەکادیمیکە. بە واتایەکی تر، گۆڤارەکان چ بکەن بۆ ئەوەی ئاستیان لە ڕووی چۆنیەتییەوە بەرز بێتەوە و لە لایەن ناوەندە بڕواپێکراوە هەرێمی

و نێودەوڵەتییەکـــانەوە دانیـــان پێـــدابنرێت؛ وەشـــانگە و دەزگاکـــانی بڵاوکـردنەوەی کتێـب چ بـکەن بـۆ ئەوەی ئەو ناوەنـدانە بە شـێوەیەکی فەرمی بیانناسن و بیانناسێنن. لە پاڵ ئەمانەشدا، پاش ئەوەی وتارەکەمان لە گۆڤارێکدا و کتێبەکەشمان لە لایەن ناوەندێکەوە بڵاوبووەوە، چ بکرێت بـۆ ئەوەی ئەو نووسـینەمان بەردەنگـی خـۆی ببینێـتەوە و لە ئاسـتێکی هەرێمـی و نێودەوڵەتیـدا دەوری خـۆی لە بەرەوپێشچـوونی ئەو بـوارەی تێیدا کارمان کردووە، بگێڕێت.

نوانەسـازیی نووسـینی ئەکادێمیک پرسـێکی گرنگـی دونیـای ئەوڕۆی گوتـــاری ئەکادێمیـــک پێکدەهێنێـــت، گەرچـــی پێوەنـــدی لەگەڵ قۆنـــاغی پـاشبڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانـدا هەیە؛ بەڵام ناڕاسـتەوخۆش کـارتێکەری لەسەر شێوە و مێکانیزم و ئاکامی داهێنانی هزر و بەرهەمهێنانی زانست بـووە. نوانەسـازی بۆ نووسـینی ئەکادێمیک لە کوردسـتاندا، بە کـوردی و زمانەکـــانی تریشـــەوە، پێویســـتییەکی حاشـــاهەڵنەگری ئێســـتامانە کە بە داخەوە بـــایەخی پـــێنەدراوە. لەمەش گرنگتـــر و لە ئاســـتێکی ســـەرتردا، ئامـاژەپێوی بـۆ نووسـینەکان دەسـت پێدەکـات کە بەم چەشـنە دەوری بەرهەمەکە لە دونیای فکر و زانستدا دیاریدەکرێت و پێگەیەکیش بۆ ئەو زمـــانەی دەقەکەی پێنووســـراوە، دەســـتەبەردەکرێت. لە کوردســـتاندا ئامـــاژەپێوی قۆناغێـــک لە دوای نوانەســـازییەوەیە، واتە گەرچـــی خـــودی ڕەوتی نوانەسازی لای ئێمە چەندین کەمایەسیی زەقی لەخۆگرتووە؛ بەڵام بەو حاڵەشەوە هەنگاوێک لەبەر ئاماژەپێویدایە، لەبەر ئەوەی گەیشتن بەم قۆناغەی دوایی سەختترە و لە ماوەیەکی درێژخایەنیشدا سەردەگرێت.

ئەوەی جێی تێڕامانی وردە، ئەوەیە چ لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی و چ لە دامودەزگـا ئەکادێمیکەکـانی کوردسـتاندا بە هەمـوو پارچەکـانەوە

زۆر بە دەگمەن هەڵکەوتووە، کەسێک باس لەسەر ئەم مژارە هەستیارە بکات کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە مەبەستی نووسین و توێژینەوەوە لە هەر دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئەکادێمیکدا هەیە. لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، یەک ناوەند و دەزگای تایبەت بە پیشکەشکردنی نوسخەی ئەلکترۆنیکی بەرهەمە زانستییەکان بە شێوەی XML یان بۆ نوانەسازیی نڤیساری توێژەرانەی کوردی، یان بنکەدراوەیەکی گشتگیر کە کۆی، یان بەشێکی زۆری دەقی ئەلکترۆنیکی نووسینە ئەکادێمییەکانی توێژەرانی کوردی گرتبێتەوە، لە گۆڕێدا نییە.

خاڵی سەیرتر ئەوەیە زۆربەی مامۆستای زانکۆ و تویژەران، یان ڕۆشنبیرانی کورد، بە شێوەیەکی شێلگیرانە باسێکی لەو چەشنە ناهێننە ئاراوە. نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد نووسینێکیان لەسەر ئەو پرسە هەرچەند کورتیش بێت، بڵاونەکردووەتەوە، تەنانەت بە شێوەی زارەکیش لە سیمینار و وتووێژێکدا ئاماژەیان بۆ ئەم بابەتە نەکردووە. زۆربەی بەرپرسانی پێوەندیدار لە هەرێمی کوردستان و کاربەدەستان لە پارچەکانی دیکەش ئاماژەیان بۆ هەنگاوێکی لەو چەشنە نەکردووە و تەنانەت بڕیارێکی بچووکیشیان لەسەر ئەو بابەتە نەداوە، با ئەگەر بڕیارەکە سەرکەوتووش نەبووبێت، یان هەوڵەکە بە ناتەواوی مابێتەوە، بۆیەش گۆڤارە ئەکادێمییەکان و دەزگاکانی بلاوکردنەوەی کتێب، کە زیاتر مەبەست ئەو دەزگایانەن کتێبی توێژینەوەیی بڵاودەکەنەوە، لە لایەن هیچ ناوەندێکی بڕواپێکراوی نوانەسازی و ئاماژەکارییەوە لە دەرەوەی کوردستان دانیان پێ‌دانەنراوە. ئاساییشە گەر نووسین بە کوردی تا ئەم ساتەش لەو ناوەندانەدا لە ئارادا نییە و هیچ ناوەندێکی لەو جۆرەش لە ناوخۆی وڵات دانەمەزراوە.

سەرەڕای ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، ئێمە نابێ دڵسارد بینەوە و پێویستە بۆخۆمان و هەر کەسەو بە لەونێک هەوڵی چارەسەری ئەو ناتەواوییانە بدەین؛ گەر کاربەدەستین و پۆستێکی حکومیمان هەیە، با بڕیارێک لەم بارەوە دەربکەین. گەر لە دەرەوی وڵاتین، با سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتەی تێیداین وەربگرین. گەر توێژەرین لە ناوخۆ، با شارەزای ئەو ناوەندانە و مێکانیزمی کارکردنیان بین و پێویستیی ئەم مژارە هەردەم بهێنینەوە ئاراوە. گەر لە ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی کتێبدا کار دەکەین، هەوڵبدەین گۆڕانکاریی لە شێوەی کۆنی چاپ و بڵاوکردنەوەدا بکەین و چاو لە تایبەتمەندیی ناوندە گرنگەکانی دونیا بکەین. گەر ئەندامی دەستەی نووسیارانی گۆڤارێکین، با خەمی سەرەکیمان دابینکردنی نوانەی باوەڕپێکراو بۆ گۆڤارەکە بێت و هەوڵی نوانەسازیی بۆ بدەین.

گرفتەکان لەم ڕووەوە کاتێک زیاتر دەردەکەون کە ڕووبەڕووی زاراوەکانی ئەم بوارە دەبینەوە. لە دانیشتنێکدا لەگەڵ سەرۆکی پێشووتری زانکۆی سەلاحەدین و ئەندامانی کۆڕی زانیاری کوردستان لە خەرمانانی ساڵی ٢٠٠٢ لە هەولێر باسم لەوە کرد، کە زانکۆی ناوبراو ٦٣ بەشی زانستی هەیە و با هەر بەشێک لە ساڵێکدا هاوواتای کوردیی دوازدە زاراوە، واتە هەر مانگەی زاراوەیەک، بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیار لەسەردانی ئاراستەی کۆڕ بکات. هەوڵەکانم لە پێناوی هاوواتادان بۆ زاراوە ئەکادێمیکەکان دواتر بە جیدیەتی زیاترەوە پەرە پێدا. کورتەیەکی ئەو هەنگاوانەم لە پێشەکیی فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەییدا باس کردووە و لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوەیان ناکات. پێشتر بەهۆی چاپ و بڵاوکردنەوەی دوو گۆڤاری *دەق* و *هێما* لە سنە لە کۆتایی نەوەدەکان و

سـەرەتای ئەم سـەدەیەدا کۆمەڵێـک ئەزمـوونی کـردەییم لە بـواری بڵاوکردنەوەی گۆڤـاری زانسـتیدا دەسـتکەوت. دواتـر بەهـۆی پێوەنـدیی بەردەوام لەگەڵ زۆربەی گۆڤـارە کوردییەکـان، چ وەک دانەری وتـار و چ وەک ئەنـدامی دەسـتەی نووسـیاران، وەک گۆڤارەکـانی *زمانـەوان*، *فرهنگ کردسـتان*، *دەروازە* زیـاتر لە کۆسـپەکانی بەردەم نووسـینی زانسـتی بە کوردی ئاگاداربوومەوە.

بەرپرسیارێتی لە دوو گۆڤاری ئەکادیمیکی زانکۆی کوردستان لە سنە – گۆڤاری ئینگلیزیی *توێژینەوە ڕەخنەییە ئەدەبییەکان* و گۆڤاری فارسی-کوردیی *توێژینەوەنامەی ئەدەبی کوردی*– بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە بردمییە نێو دەڤەری باس‌وخواسە پێوەندیدارەکان بە نوانەسازی و ئاماژەپێوییەوە. جگە لەمانەش ئەندامێتی لە هەندێ گۆڤاری ئەکادیمیکی تر، وەک *گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە* و دوو گۆڤاری ئەکادیمیکی باکوور بە ناوگەلی *نووبەهار ئەکادێمی* و *فۆلکلۆر و زمان*، بوونە هۆی ئەوەی وردتر بە هەسـتیارییەوە لە گرنگـایەتی و بـایەخی مـژاری بەربـاس تێبگەم. ئەو ڕەوتەی سـەرەوە کە بە بڵاوکـردنەوەی گۆڤـار لە گوتـاری ڕۆشـنبیرییەوە دەستی پێکرا و بە گۆڤاری ئەکادیمیک کۆتـایی هـات، هەر تەنیـا لە ژیـانی تاکەکەسیی مندا ڕەنگی نەدایەوە، بەڵکوو ئەمە گۆڕانکارییەک بوو گوتـاری ڕۆشنبیریی کوردی و نەتەوەکانی دراوسێشی گرتەوە. ئێستا وەک جـاران گۆڤــار بە مانــا کــۆنەکەی و بەو شــێوەیەی بەشــێک بــوو لە گوتــاری ڕۆشنبیری و ئەدەبی، دەوری نەماوە و بە پێچەوانەوە گۆڤاری ئەکادێمیک تا دێت زیاتر گەشە دەکات.

لە سـەمپۆزیۆمی پەخشـانی کوردیـدا، کە لە ڕێککەوتـی ١٣٩٧/٨/٤ لە زانکـۆی کوردسـتان لە سـنە بەڕێوەچـوو، وتـارێکم بە نـاوی «پەخشـانی

کوردی و بەرهەمهێنانی زانست: ئاستەنگەکان و ئاسۆکان» پێشکەشکرد. لەو وتارەدا هەوڵمدا ئاستەنگەکانی بەردەم داهێنانی هزر و بەرهەمهێنانی زانست لە نووسینی ئەکادێمیکی کوردیدا لێکبدەمەوە و باسی دەرکەوتنی لاوازی نووسینی توێژەرانەی کوردیم بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی زمانە دراوسێکان لە ڕووی نوانەسازییەوە کرد. دواتر لە سیمینارێکدا بە ناوی «زمانی کوردی و جیهانی مۆدێرن»، کە لە لایەن ئەنجوومەنی ئەدەبی-فەرهەنگیی مەریوانەوە و بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکییەوە بۆم ڕێکخرابوو، بابەتەکەم زیاتر شیکردەوە و تیشکم خستە سەر ئەو واقیعەی کە زمانی کوردی گەر بیهەوێت ببێتە خاوەنی پێگەی ڕاستەقینە لە دونیای ئەوڕۆی زانستدا، لە لایەن ناوەندە بڕواپێکراوە زانستییەکانەوە، پێویستی بە دانپێدانرانە و ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی نوانەکراوییەوە بۆ نڤیساری توێژەرانەی کوردی، دەستەبەردەکرێت. هەر لە درێژەی ئەم هەوڵانەدا، لە دووەمین کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتیی توێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی کە ۱۹ی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۹۸ هەتاوی لە زانکۆی کوردستان لە سنە بەڕێوەچوو، لە ڕێوڕەسمی کردنەوەدا وتارێکم بە ناوی «زمان و وێژەی کوردی پاش شەست ساڵ ژیانی ئەکادێمیک: پێویستیی گۆڕانکاریی پارادیگماتیک» ئاراستە کرد و بە هێنانەوەی چەندین نموونە، ڕەخنەی جیدیم لە چۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوە بە کوردی و مێکانیزمی بڵاوکردنەوەی گرت.

سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵ چەندین بەرپرس و توێژەر و هاوڕێ لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان قسەم کردووە، هەموویان باسەکەیان بە لاوە پەسەند بوو؛ بەڵام کەسیان هەنگاوی کردەیی بۆ ئەو بابەتە هەڵنەگرتووە. پاش دانیشتنێکی تێروتەسەل لەگەڵ پرۆفیسۆر دلاوەر

عەلائەدین لە پاییزی ٢٠١٩دا، بەڕێزیان وتی "ئەو قسانەی تۆ هەمووی ڕاستن و دەبێ ڕۆژێک هەر بگەینە ئەو ئاستە، تەنانەت گەر پەنجا ساڵی تریش بێت؛ بەڵام ئەمە پێویستیی بە پرۆسەیەکی درێژخایەنە بەتایبەت بە سەرنجان بەوەی کە ئەم کارە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا لە زووەوە دەستی پێکراوە". قسەکانی پرۆفیسۆر دلاوەر ڕاستبوون؛ بەڵام ئەم پرسە پێوەندی بە تاکەکەس و لایەن و توێژێکی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکوو هەڕەشەیەکە لە زمان و ناسنامە و کیان و بوونی ئێمەی کورد کە ڕووبەڕووی مەترسی بووەتەوە و خەریکە نغرو دەبێت، بۆیەش پرۆپۆزاڵێکم لەم بارەوە بە ناوی: پێکهێنانی بنکەی زانیاری و ناوەندی نوانەسازی بۆ گۆڤار و ژورناڵە کوردییەکان (بە سەرنجدان بە نەبوونی زمانی کوردی لە هیچ بنکە و ناوەندێکی ئاماژەبۆکراودا) نووسی. هەر هەمان وەرز، سیمینارێکی پوختم لە ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر بە ناوی: «زمانی کوردی، بەرهەمهێنانی مەعریفە و ناوەندەکانی نوانەسازیی نووسینی زانستی» پێشکەشکرد و بە خستنەڕوی دەیان داتا، ئاستی زۆر نزم و پێگەی بزربووی زمان و نووسینی کوردیم لە ناوەندە نێوخوییەکانی ئێران و تورکیا و لە ناوەندە هەرێمی و نێودەولەتییەکاندا بۆ ئامادەبوان خستەڕوو کە بەشێکی زۆریان بەرپرسی دامودەزگا پێوەندیدارەکان بوون، وەک وەزارەتی خوێندنی باڵا، پەروەردە، زانکۆکان و هتد. لە نووسینیشدا لەسەر ناساندنی زیاتری پرسەکە هەر بەردەوام بووم. لە گۆڤاری *پژوهشنامه ادبیات کردی* سەروتارم بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاوکردەوە و قۆناغەکان و نەخشەڕێگاکەم باسکرد (وەک لە ژمارەی ٢ی ساڵی ٥دا، ڕەشەمەی ٢٠١٩). هەروەها لە

سەروتاری چوار ژمارەی گۆڤاری CLS ئاماژەم بۆ دەور و پێگەی گۆڤاری ئەکادێمیکی ئاستبەرز لە برەوپێدانی چالاکیی زانستی و هەروەها گرنگیی پرسی دابینکردنی نوانە بۆ گۆڤارەکان کرد (ژمارەی ٢ لە خەرمانانی ٢٠١٩، ژمارەی ٣ لە ڕەشەمەی ٢٠٢٠، ژمارەی ٤ لە خەرمانانی ٢٠٢٠، ژمارەی ٥ لە ڕەشەمەی ٢٠٢١). لە پاڵ ئەمانەشدا، لە *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی (ئینگلیزی-کوردی-فارسی)* کە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن ماڵی وەفایی-یەوە لە هەولێر بڵاوکرایەوە، کۆمەڵێک خاڵم لەسەر زمانی زانستی پێشکەشکرد و هەوڵیشمدا هاوواتای کوردیی زاراوە پێوەندیدارەکان بە نوانەسازی و گوتاری ئەکادێمیکەوە لە هەر دوو زاری ناوەندی و سەروودا ئاراستە بکەم.

لە درێژەی ئەم چالاکییانەدا نامەیەکەی ئاوەڵام بە ناوی: «نۆ پرسیار لە وەزیری ڕۆشنبیری» لە ٢٥ی سێپتامبری ٢٠٢٠ بڵاوکردەوە. لەم نامەیەدا، وێڕای سوپاسی جەنابی وەزیر بۆ پێشوازیی گەرموگوڕیان لە شاندەکەی ئێمە، ئەو پرسیار و پێشنیازانەم خستەڕوو کە لە دانیشتنێکی زانستیدا ڕووبەڕووی بەڕێزیانم کردبووەوە. لێرەدا دەقی پرسیارەکان وەک خۆی بڵاودەکەمەوە:

١. لە ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە دروستی دەستەواژەی Ministry of Culture بۆ وەزارەتی ناوبراو دانراوە کە لە کوردیدا دەبێتە وەزارەتی فەرهەنگ، یان وەزارەتی چاند، یان تەنانەت وەزارەتی کولتوور، کەچی ناوی وەزارەتەکە «ڕۆشنبیری»یە! دیارە ئەرکی گۆڕینی ناوی وەزارەتەکان دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام پێویستە هەموو ئاگاداری ئەو پرسە بن کە بەکارهێنانی فرەپاتی وشەگەلی "ڕۆشنبیر" و "ڕۆشنبیری" بەو واتا دیاریکراوەوە گەلێک کێشەی لە ڕوانگە و مەعریفەی کوردی دروست کردووە.

٢. ئەو کتێبانەی لە هەرێمی کوردستان بڵاودەبنەوە خاوەنی ISBN نین و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کتێبی کوردی، یان هەر کتێبێکی تر کە لە هەرێم چاپ دەکرێت، وەک دوورگەیەکی دابڕاو لە جیهانی چاپەمەنیی دونیای ئەوڕۆ سەیر بکرێت. هەر بە هەمان شێوە، لاپەڕەی ناسنامەی کتێبە چاپکراوەکانی هەرێم بە هیچ شێوەیەک هەڵگری مۆرک و زانیارییە پێویستەکانی وەک ژمارەی کتێبخانەی کۆنگرە و دیووئی یان DDC، یان ژمارەیەکی وەک فیپا بۆ پێڕستنووسینی بەر لە بڵاوبوونەوە، نین.

٣. هیچ گۆڤارێک لە هەرێمدا خاوەنی ISSN نییە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی نەک هەر گۆڤارەکانی هەرێم، بەڵکوو گۆڤاری زانکۆکانی هەرێمیش لە دونیای دەرەوە داببڕێن. گەرچی کاروباری ژورنالی زانکۆکان لە ئەستۆی وەزارەتی خوێندنی بالادایە؛ بەلام ئەرکی دابینکردنی ISSN بۆیان دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٤. لە سەرتاسەری هەرێمدا یەک بنکەی زانیاری ئەلکترۆنیک بۆ نقیساری کوردی لە ئارادا نییە. وەزارەتی ڕۆشنبیری وەکوو هەنگاوی یەکەم دەتوانێت ماڵپەڕێکی گشتگیر دابنێ بۆ نوانەکردنی سەرجەم ئەو گۆڤارانەی لە هەرێم بلاودەبنەوە. لە قۆناغی دووەمدا دەکرێت و پێویستیشە سەرجەم گۆڤارە کوردییەکانی دەرەوەی هەرێمیش لەو ماڵپەڕەدا کۆبکرێنەوە.

٥. لە هەرێمی کوردستاندا ماڵپەڕ، یان بلاوکراوەیەکی هەرچەند بچووکیش بێت دەربارەی کتێب و ڕانانی کتێب نییە، تەنانەت کەس نازانێت ژمارەی کتێبە بلاوکراوەکان لە هەرێمدا لە قۆناغە زەمانییە جیاجیاکاندا چەندە!

٦. لە کاتێکدا دەیان دەزگا و گۆڤار و ماڵپەڕ بۆ گەشەپێدانی فیلم و سینەما لە ولاتانی دراوسێ دانراون، بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە هیچ بلاوکراوەیەک لەسەر فیلم و سینەما لە هەرێمی کوردستان بلاوناکرێتەوە و پێویستە هەوڵی جیدی بۆ وەشانی بلاوکراوەیەکی لەو

چەشـنە بـدرێت و ئەرکەکەش لە ئەسـتۆی وەزارەتـی ڕۆشنبیری دایە.

٧. وەزارەتـی ڕۆشـنبیری دەبـێ لە ڕۆژنـامە و کاناڵەکـانی ڕاگەیاندن بەهێزتر بێت؛ بەڵام لە هەرێمدا چاپەمەنی و کانـاڵی تـر زۆرن کە لە وەزارەت دەستڕۆیشـتووترن. وەزارەتـی ڕۆشـنبیری پێویسـتە کۆمەڵێـک ڕێسـا و ڕێنمایی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پێناو گەشـەپێدان و بووژانەوەی فەرهەنگ و هـونەری کوردی بڵاوبکاتەوە. بـۆ نمـوونە، هەنـدێک کانـاڵی ڕادیـۆیی و تەلەڤیزیـۆنی لە هەرێمـی کوردسـتان ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت، دژایەتـی سروودی ئەی ڕەقیب دەکەن و بڵاوی ناکەنەوە.

٨. گەرچـی بەڕێـوەبردنی کۆنفرانسـی زانسـتی ئەرکـی سـەرەکیی زانکۆکـانە، بەڵام وەزارەتـی ڕۆشـنبیری دەتوانێت و پێویستە کۆمەڵێک کۆنفرانسـی ڕێکوپێک و بەپێـی پێوەرەکـانی دونیـای ئەوڕۆ سـەبارەت بە لایەنە جیاجیاکانی فەرهەنگ و هـونەر و ئەدەبی کوردی ساز بکات و ئیتر خۆی لەو نەریتە سونەتی و نازانستییە کە لە هەرێـم بە «دیـدار» ناسـراوە دەربـاز بکـات. بـۆ ئەو مەبەسـتە، سـەرەتا داوای پـوختەی تـوێژینەوە بکرێـت، پاشـان لیـژنەی هەڵسـەنگاندن بڕیـار بـدات، نەک حەزی تاکەکەسـی. بـێجگە لەم بـابەتە، تـا ئێسـتا بـاس و وتارەکـانی هـیچ کۆبـوونەوە و «دیـدار»ێکـی

وەزارەتی «ڕۆشنبیری» لە هەرێم بە شێوەی Proceedings لە هیچ شوێنێکی جیهان دەرنەکەوتووە.

٩. لەم سەردەمەی ئێستا، بەتایبەت لە قۆناغی کۆرۆنادا پێویست بوو دەیان خولی سەرهێڵ لە لایەن پسپۆڕانی چاند و زمان و هونەر و ئەدەبی کوردییەوە و لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیی وەزارەت بۆ خوازیاران و فێرخوازانی لقە ئەدەبی و هونەرییەکان بەڕێوە چووبا.

سەرەڕای ئەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە تا ڕادەیەک بەرەو ئاراستەیەکی تر بردران، بەڵام من ڕانەوەستام و درێژەم بە کارەکە دا. من تەنیا بە شێوەی تاکەکەسی و وەک خەمێکی نەتەوەیی و بە هۆی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ئەرکی زانستییەوە ئەو بڕیارەم دابوو، بۆیەش لە ڕێککەوتی ٢٦ی نۆڤامبری ٢٠٢٠دا نامەیەکی دیکەی ئاوەڵام بڵاوکردەوە، ئەمجارەیان بە ناوی «چاردە پرسیار لە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی». لێرەدا دەقی نامەکە وەک خۆی بڵاودەکەمەوە:

١. چەند گۆڤاری متمانەپێدراوی وەزارەت لە لایەن ناوەندە زانستییەکانی وڵاتانی ترەوە متمانەیان پێبەخشراوە؟
٢. چەند لەسەدی گۆڤارە متمانەپێدراوەکانی وەزارەت خاوەنی ISSN و ماڵپەڕی وەرگرتنی توێژینەوەن؟
٣. چەند لەسەدی وتارە زانستییە بڵاکراوەکان لە هەرێمدا خاوەنی DOI و کۆدە نێودەوڵەتییە پێوەندیدارەکانی ترن؟
٤. چەند گۆڤاری متمانەپێدراوی وەزارەتەکەتان لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی ئەخلاقی توێژینەوەدا، وەک COPE و Creative Commons ئەندامن؟
٥. ژمارەی ئەو ژورنالانەی خاوەنی IF واتە هاوکۆلکەی کاریگەرین چەندە؟
٦. توێژینەوەی کوردییەکانی مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێم هەیە لە لایەن دەزگا و ناوەندێکی نوانەسازی و ئاماژەکارییەوە لە ناوخۆ، یان دەرەوە دانیپێدانراوە؟
٧. لە سەرتاسەی هەرێمدا یەک ناوەند هەیە بۆ نوانەسازیی توێژینەوەکانتان Indexation (بە هەر زمانێ بێت، کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و هتد)؟
٨. لە سەرتاسەری هەرێمدا یەک شوێن دانراوە بۆ ئاماژەپێویی توێژینەوەکان Citation (بە هەر زمانێ بێت، کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و هتد)؟

٩. چەند لەسەدی توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانکۆکانتان لە لایەن ناوەند و دەزگایەکی تایبەتمەندی ناوەوە و دەرەوە Proceedingsیان بۆ وەرگیراوە؟
١٠. چەند لەسەدی مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێم، بە حکوومی و ئەهلییەوە، ORCIDیان هەیە؟
١١. ماڵپەڕی چەند زانکۆ لە هەرێم لاپەڕەی تایبەتی بۆ توێژینەوەی مامۆستایان دابینکردووە؟
١٢. ئاخۆ دەزانن زانکۆکانی هەرێم، بە حکوومی و ئەهلییەوە، هەرکام بە شێوەیەکی جیاواز ناونیشانی ئەلکترۆنیکییان بۆ دانراوە و ئەمەش لە هیچ کوێی دونیادا باو نییە؟
١٣. چەند لەسەدی مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە توێژەران وەک Academia و Researchgate و Google Scholar چالاکن؟
١٤. چەند لەسەدی مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێم لە Publons و WOS ناسێنە و ژمارەی نێودەوڵەتییان وەرگرتووە؟

لە درێژەی هەوڵەکان هەر لەم پێناوەدا لە سیمینارێکی بەرفراواندا کە بە بۆنەی ڕۆژی زمانی دایکی لە ساڵی ٢٠٢١ لە زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی ڕێکخرابوو، بابەتێکم بە ناوی «خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستان، بە سەرنجدان بە نوانەسازیی زمانی کوردی» پێشکەشکرد. هاوکات بە مەبەستی بەرفراوانترکردنەوەی کارەکانم لەم بوارەدا، پاڵپشتیم بۆ پڕۆژەیەکی توێژینگەی کوردستانناسی

لە زانکۆی کوردستان دەربڕی کە لە لایەن د. مەهدی حسێنی-یەوە بە ناوی"کتێبخانەی ئەلکترۆنیکی کوردی" جێبەجێدەکرا و هەر خۆشم وەک هەڵسەنگێنەر و چاودێری پڕۆژەکە دیاریکرام. فازی یەکەمی بە سەرکەوتوویی تەواو بوو و بەو بۆنەوە وێبینارێکمان لە ١٤٠٠/٨/٢٥ بەڕێوەبرد و تێیدا هەندێ لایەنی دیکەی پرۆژەکەمان شیکردەوە. ئەمە هەنگاوێکی دلخۆشکەرە و هیوادارم فازەکانی دیکەشی بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێن. هەروەتر، دوو سیمیناری دیکەشم بە بۆنەی ڕۆژی زمانی دایکەوە لە ساڵی ٢٠٢٢ لەسەر بابەتی نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی پێشکەش کرد. یەکەمیان بە ناوی «لە پلانداناني زمانییەوە بۆ توێژینەوەی زانستی: خەسارناسیی گۆڤارە ئەکادێمییە کوردییەکان»، کە لە زانکۆی سۆران پێشکەشم کرد و دووەمیان بە ناوی «شوێنی بەتاڵی زمانی کوردی لە ناوەندەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێویی دەقی زانستیدا» کە لە لایەن ماڵی وەفایی-ەوە ڕێکخرابوو. لە درێژەی بەدواداچوونەکانمدا بۆ بردنەسەرێی ئاستی گۆڤارە زانستییە کوردییەکان و لە وێستگەیەکی تری ئەو سەفەرە دوور و درێژەی ساڵانێکە دەستم داوەتێ و لە پاش چەندین دیدار و وتوویژ لەگەڵ سێ وەزیری خوێندنی باڵای کابینەکانی حکوومەتی هەرێم و دانیشتن لەگەڵ بەرپرسانی هەندێک زانکۆی خاوەن ژورناڵی باکوور و باشووری کوردستان، لە ٢٠٢٢/٦/٩ لەگەڵ خاتوو د. ژاڵە سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆبوومەوە. لەم دانیشتنەدا بە پوختی ئاماژەم بە خاڵە لاوازەکانی گۆڤارە زانکۆییەکانی هەرێمی کوردستان کرد

و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیشیانم خستەڕوو. سەردێڕی باسەکانی دانیشتنەکە بریتی بوون لە:

١. هیچ کام لە ژورناڵەکانی هەرێم لە لایەن ناوەندەکانی نوانەسازیی دەرەوەی کوردستانەوە دانیان پێدانەنراوە و دەبێ هەوڵی نوانەبوونیان بۆبدرێت.
٢. هەرێمی کوردستان تا ئێستا خاوەنی ناوەندێکی نوانەسازیی بۆ نووسینی زانستی (بە وتار و کتێبەوە) نییە.
٣. پێوستە دەزگایەکی نیشتمانی بۆ ئاماژەپێویی نووسینی زانستی بە زمانی کوردی دابنرێت.
٤. دەبێ مەرجەکانی دانان و بەردەوامبوونی ژورناڵەکانی هەرێم توندوتۆڵتر بکرێنەوە.
٥. هەوڵەکان بۆ بە ئەندامبوونی ژورناڵەکان لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی ئەخلاقی توێژینەوەدا چڕتر بکرێنەوە.
٦. وازهێنان لە ژورناڵی گشتی و هەمەچەشن کە بە ناوی زانکۆکانەوە دەردەچن و دامەزراندنی ژورنالگەلی پسپۆڕانە و تایبەت بە یەک بوار.
٧. ئەنجامدانی ڕیزبەندیی ساڵانە بۆ ژورناڵە کوردییەکان.
٨. هەبوونی لانیکەم یەک توێژینەوە بە کوردی بکرێتە ڤیتۆ بۆ پەڕاوی بەرزبونەوەی نازناوی زانستیی سەرجەم مامۆستایانی هەموو بەشەکان لە هەرێمدا.

٩. زانکۆکـانی هەرێـم تەنیـا لە سیسـتەمی ڕیزبەنـدیی وێبومێتریکسـدا بەشـدارن و پێویسـتە لە سیسـتەمەکانی دیـکەی ڕێزبەندیشـدا، وەک تـایمز و شـانگهای و لایـدن بەشداربن.
١٠. ڕێکخسـتنی ناونیشـانی ئەلکترۆنیـی هەمـوو ناوەنـدە زانستییەکان و دانانی لاپەڕەی تایبەت بە تـوێژینەوە بۆ مامۆستایانی سەرجەم زانکۆکان.
١١. دانـانی بنکەدراوەی گشـتگری تـوێژینەوە و کتێبخـانەی ئەلکترۆنیک بۆ سەرچاوە کوردییەکان.
١٢. دامەزرانـدنی دەزگـایەک بـۆ زانسـتپێوی (Scientometrics) بۆ هەموو مامۆستایان و زانکۆکانی هەرێم.

هاوکـات لەگەڵ ئەو هەوڵانەی سـەبارەت بە چاکسـازیی ڕەوشـی تـوێژینەوە بە کـوردی و نـوانەکردنی ژورنـاڵە کوردییەکـان لە ناوەنـدە زانسـتییە دانپێـدانراوەکان لە سـەرەوە ئامـاژەم پێکـردن، لە سوسـیال میدیاشـدا، بەتـایبەت لە فەیسـبوک و ئینسـتاگرامدا کۆمەڵێـک نووسـین و خشـتە و زانیـاری لەسـەر بـابەتەکە بڵاوکـردەوە، تەنـانەت بە هەشـتاگی bakhtiar_sadjadi چەنـدین بـابەتم لە فەیسـبوک لەسـەر تـوێژینەوە بە کـوردی و نوانەسـازی و ئامـاژەپێویی نووسـینی زانسـتیی کـوردی بڵاوکردەوە. هەروەها لەگەڵ ژورناڵە کوردییەکانی تورکیا دەستم کرد بە ڕاوێـژ و سیمیناریکیشـم بـۆ ئەنـدامانی دەسـتەی نووسـیارانی گۆڤـاری

*نووبەهار ئەکادێمیک* بەڕێوەبرد. لە پاڵ ئەمانەشدا، چەندین دیداری میدیایی و وتووێژم لەگەڵ کاناڵە تەلەڤیزیۆنی و ڕادیۆییەکاندا ڕێکخست و لە هەموویاندا لەسەر گرنگی و هەستیاریی پرسەکە جەختمکردووە.

گەرچی لە لایەن توێژەرانی شوێنە جیاجیاکانی دونیاوە کۆمەڵێک ڕەخنەی جیدی لە سیاسەتی هەندێک زانکۆ و دامەزراوەی خوێندنی باڵا گیراوە کە گرنگیی لە ڕادەبەدەر دەدەنە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە خاوەن نوانە بەرزەکاندا، بەڵام ئەم ڕەخنەیە بە واتای پشتگوێخستنی پرسی زێدە گرنگی نوانەسازی نییە. لە ڕوانگەی هەندێک ڕەخنەگرەوە ئەم گرنگیدانە هێند زۆر بووە کە لە ئەرکی فێرکارانەی زانکۆکانی کەم کردووەتەوە. سەرەڕای دروستبوونی بەشێکی ئەو ڕەخنانە، پێویستە بڵێم گرنگیدان بە توێژینەوە لە دامودەزگای ئەکادێمیکدا بە هیچ شێوەیەک بە مانای پشتگوێخستنی ئەرکی هەرە گرنگی زانکۆ کە هەمان فێرکاری و ڕاهێنانە نییە. لە لایەکی تریشەوە، قسەوباس لەسەر نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیران جێگای بایەخ نییە، چونکە لە لایەکەوە بواری ئەوان نییە و لێی نازانن و لە لایەکی تریشەوە هەندێکیان بە مەترسیی دەزانن بۆ ڕەوش و میکانیزمی ئێستای گوتاری ڕۆشنبیری. ژمارەیەکی کەمی توێژی مامۆستای زانکۆش زۆریان بابەتەکە بە دڵ نییە، چونکە ئەرکی سەرشانیان قورستر دەکاتەوە. بۆیەش لەوانەیە لە لایەن هەر دوو گوتاری ئەکادێمیک و ڕۆشنبیرییەوە هەوڵ بدرێت بۆ پشتگوێخستنی تەقەلا و داخوازییەکان لەم پێناوەدا.

بڵاوکردنەوەی گۆڤاری خاوەن نوانەی بڕواپێکراو لە دونیای ئەوڕۆدا یەکێکە لە نیشانەکانی پێشکەوتنی ئەکادێمیک، ئەمەش تا ئەو ئاستەی کە

پێودانگی سەرەکیی بەرهەمهێنانی فیکری و زانستی لە سەردەمی ئێستا و لە ئاستی جیهانیدا بریتییە لە وتاری زۆر ئاماژەپێدراو لە گۆڤاری ئاستبەرزی هەڵگری نوانەی نێودەوڵەتیدا. بێگومان هەر گۆڤارێک بیهەوێت بگاتە ئەو ئاستە، پێویستە ئەرک و زەحمەتی زۆری بۆ بکێشرێت تا لە ڕەوتێکی درێژخایەندا بتوانێت ئەو پلە بەرزە بەدەستبهێنێت. جگە لەمەش، گەر گۆڤارێکی کوردی بتوانێت نوانەیەکی ئاستبەرز بەدەستبهێنێت، پێگەی زمانی کوردی لە بیر و زانستی دانپێدانراوی جیهانیدا مسۆگەر دەکرێت. جێبەجێکردنی ئەم کارە خۆی لە پرۆژەیەکی سەرتاسەری و نەتەوەییدا دەبینێتەوە و لە لایەن تاکەکەسەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکوو ئەرکی دامەزراوەیەکی گەورەیە کە دەکرێت وەزارەتی خوێندنی باڵا، یان زانکۆیەکی گەورە بێت. هیوادارم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێم هەرچی زووتر ببێتە خاوەنی نوانەی تایبەت بەخۆی و دەست بکات بە ئەنجامدانی ڕیزبەندی و نوانەسازی بۆ گۆڤارە زانستییەکان.

هەرچی ژمارەی گۆڤارە خاوەن نوانە بەرزەکانی کوردستان زیاتر بێت، لە ڕووی زمانی و توێژینەوەییەوە زیاتر پێشدەکەوین. هیواخوازم ئەم کتێبەی بەردەست زووتر لە ئامانجەکانی خۆی نزیک ببێتەوە و ئەمەش بێگومان یارمەتیی هەموو لایەکی پێویستە، بەتایبەت توێژەرە کوردینووسەکان. ئاواتم ئەوەیە ئەم هەوڵە هەنگاوێکی هەرچەند بچووک بێت، بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی لە ڕووی زانستییەوە و لە داتای دەزگا پێوەندیدارە نێودەوڵەتییەکاندا و هەروەها خزمەتێک بێت بە زمان و کتێبخانەی کوردی و پەرەپێدانی ڕەوشی توێژینەوەی زانستی لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە.

بە پێویستی دەزانم لەم بەشەدا سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی سەرجەم ئەو هاوڕێیانە بکەم کە لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا یارمەتییان داوم و بەردەوام بە دڵفراوانییەوە بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئەو توێژینەوەیە پاڵپشتییان کردم. پڕبەدڵ سوپاسی بەڕێز کاک جەعفەر قارەمانی دەکەم کە کتێبەکەی بە وردی خوێندەوە و ئەرکی هەڵوەژارتنی دەقەکەی لە ئەستۆ گرت.

سوپاسی دامەزراوەی ڤیژن ئێجوکەیشن دەکەم بۆ هەوڵە بەبایەخ و گرنگەکانی لە پێشخستنی کەرتی پەروەردەدا. ڤیژن ئێجوکەیشن لە ماوەیەکی کورتدا توانیویەتی گەلێک کار و پرۆژەی گرنگی پەروەردەیی بە ئەنجام بگەیێنێت، ئەمەش جێگای دڵخۆشی و شانازییە. لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەشدا ماندوویی‌نەناسانە و بەوپەڕی جیدییەتەوە هەڵسوکەتی کرد و لیژنەی بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنا. سەرجەم دەقەکەیان خوێندەوە و پێداچوونەوەی ئەوان ناوەرۆکی کتێبەکەی دەوڵەمەندتر کرد.

لە کۆتاییدا، سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ڕێزدار جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم کە هەردەم بایەخی بەو هەنگاوانە داوە کە دەور دەگێڕن لە پەرەپێدانی زیاتری زمانی کوردی و چاکسازی لە سیستەمی پەروەردە و خوێندندا. هەوڵەکانی جەنابیان بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی پەروەردە و هەروەهاش خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان کاریگەریی بەرچاوی بەجێهێشتووە، بە شێوەیەک کە دۆخی ئێستای پەروەردە و خوێندن، سەرەڕای کەمایەسییەکانی، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ چارەکە سەدەیەک لەمەوبەردا بەراورد ناکرێت.

بەختیار سەجادی

تۆرۆنتۆ، بەهاری ٢٠٢٤

## بەشی یەکەم: ناساندنی پرسەکە و پێناسەکان

### بابەتی بەرباس

بە دەرکەوتنی ئامێری چاپ لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە کوردستاندا و پەرەسەندنی وێستگە ڕادیۆیی و چاپەمەنییەکان لە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا و کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە ناوخۆییەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەم و دواتر گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیای زانیاری و سەتەلایت و گشتگیربوونی لە سەرەتای سەدەی بیستویەک بەملاوە، پێشکەوتنی گەورە لە زمانی کوردیدا هاتە ئاراوە. ئەم گۆڕانکارییانە نەک هەر هزر و ڕوانینی سوژەی کوردی گرتەوە، بەڵکوو پێگەی کورد و زمانی کوردیشی گەشەپێدا. لە پاڵ ئەمەشدا، پێوەندی زۆر لە نێوان پارچەکانی کوردستان و زارەکانی زمانی کوردیدا دروست بوو. زمانی کوردی چەندین زار و بنزار و شێوەزاری جیاجیا دەگرێتەوە. زۆربەی زارەکان، بەهۆی ئەوەی لە دەڤەری میرنشینە جیاجیاکاندا گەشەیان کردووە و هەروەها لەبەر دابەشکارییە ناوچەیی و ئیدارییەکانی وڵاتانی سەردەست لە سەدەی بیستەمدا تاڕادەیەک سەربەخۆ پەرەیان سەندووە. لە لایەکی تریشەوە، بە سەرنجدان بە زۆریی زارەکان، فرەییی وشە، تایبەتمەندیی ڕستەسازی و وشەسازی، بەربڵاویی ئەدەبی زارەکی و کلاسیک و هاوچەرخ و هەروەها بە

سەرنجدان بە ژمارەی زۆری ئاخێوەرانی کورد لە سەرانسەری جیهاندا، زمانی کوردی دەکەوێتە ڕیزی زمانە دەوڵەمەندەکانەوە.

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە، نووسینی ئەکادێمیکی کوردی، بە سەرنجدان بە ئامار و داتاکانی ناوەندە بڕواپێکراوە نێودەوڵەتییەکان لە بواری هەڵسەنگاندنی داهێنان و بەرهەمهێنانی هزری و زانستی و ڕیزبەندیی زمانەکانی جیهان لەم ڕووەوە، بەداخەوە هیچ پێگەیەکی دیاریکراوی نییە. سووکە ئاوڕێک لە ئامارەکانی بنکەگەلی زانیاری و ناوەندەکانی نوانەسازی و ئاماژەکاری، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی کوردستاندا، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم زمانە تا ئێستا نەیتوانیوە بگاتە ئاستێک کە لە ڕووی بەرهەمهێنانی زانستییەوە لانیکەم تۆزێک لە دۆخی زمانە دراوسێکانی وەک فارسی و عەرەبی و تورکی نزیک بێت. بە واتایەکی تر، دەوری زمانی کوردی لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی بیر و زانست لە جیهانی ئەوڕۆ و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تەنیا ئەوە نییە بڵێین کز و لاوازە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا لەو ناوەندانەدا هەر بوونی نییە، ئەگەرچی زمانی کوردی لە هەندێک لە ماڵپەڕە هەمەکییەکاندا بەرچاو و چالاکە، بەڵام لەو ڕیزبەندییانەی کە لە لایەن ناوەندە بڕواپێکراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ نوانەسازی و ئاماژەکاری ئاراستە دەکرێن، تەنانەت لە خوارترین ئاستی خشتەکانیشدا وەبەر چاو ناکەوێت؛ بۆ نموونە، کوردی لە ویکیپیدیادا لە ڕووی زۆربوونی نووسینەکانەوە بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی زمانەکانی تر لە ئاستێکی بەرزتردایە، کەچی ئەمە پێوەر نییە بۆ دەوری ئەو زمانە لە بەرهەمهێنانی زانستیدا.

لەم کتێبەی بەردەستدا بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک خشتە، زانیاری، ئامار و بەڵگە، کە یەکەم جارە بە زمانی کوردی بڵاودەبنەوە، پلە و ئاستی

هەندێک لە زمانەکانی دونیا لە ڕووی ئامادەبوونیان لە ڕەوتی جیهانیی داهێنانی هزر و زانستدا دەخرێنە ڕوو و پاشان تاوتوێ دەکرێن. ئەو خاڵەش پیشاندەدرێت کە زمانی کوردی لەم ڕووەوە لە خراپترین ئاستدایە. سەرەکیترین هۆکاری دۆخی نالەباری کوردی لەم ڕووەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی نووسین و توێژینەوە بە کوردی لە ناوەندە گەورەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێویی لە دونیای ئەوڕۆدا. لە بەشی دادێدا، ئەنجامی پشکنینی بنکە و ناوەندە گرنگەکانی ڕیزبەندیی زمانی و تۆمارکردنی زانیاری و نوانەسازی ژورناڵەکان، ئاست و بارودۆخی زمانە پێشکەوتووەکانی جیهان و ناوچەکە و هەروەها زمانی کوردی دەخرێنە ڕوو.

## پلەی زمانەکان لە بەرهەمهێنانی هزر و زانستدا

زمانی ئینگلیزی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە بواری بەرهەمهێنانە زانستییەکاندا بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی تر گەشەیەکی زۆری کرد. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا ڕەوتی نوانەسازیی نووسینی زانستی بە زمانی ئینگلیزی زیاتر لە جاران پەرەی سەند. لە دونیای ئەوڕۆدا پێگەی زمانی ئینگلیزی لە بواری بەرهەمهێنانی زانستدا، بە کتێب و ژورناڵ و چالاکییە ئەکادیمیکەکانی ترەوە وەک کۆنفرانس و سیمینار و وۆرکشۆپ، هێندە بەرزبووەتەوە کە لە هەموو بنکە نێونەتەوەییەکانی زانیاریدا، یەکەمە. هاوکات، ناوەندەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێوی بە زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەک گەشەی بەرچاویان کردووە کە هیچ زمانێکی تر نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاستە، هەر بۆیە ئەوڕۆکە بۆ

بەرهەمهێنانی هزری و زانستی لە ئاستی جیهانیدا زیاتر کەڵک لە زمانی ئینگلیزی وەردەگیردرێت.

ئەم زانیارییانە بە گوێرەی بەڵگە زانستییە تۆمارکراوەکانی زمانە جیاجیاکان لە سکۆپوس SCOPUS و وێبئاڤساییێنس WOS ڕیزکراون کە دوو ناوەندی جێمتمانەی نوانەسازی و ئاماژەپێویی نووسینی ئەکادێمیکن. لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی تریشدا، وەک ناوەندی ISC لە ئێران، ڕەوش هەر وایە. بەپێی ئەو داتایانەی لەم کتێبەدا پشتمان پێبەستوون، زمانی ئینگلیزی بەردەوام وەک زمانی یەکەمی بەرهەمهێنانی بیر و زانست لە جیهانی ئەوڕۆدا پێگەیەکی قایمی  بۆ خۆی مسۆگەر کردووە کە لە هەموو داتاکاندا زیاترە لە نەوەد لەسەد. لە پلەی دووەمدا و بە جیاوازییەکی یەکجار زۆرەوە چاومان بە زمانی چینی دەکەوێت کە لە نێوان سێ بۆ چوار لەسەدە. زمانی چینی لە چارەکەسەدەی ڕابردوودا لە باری ڕادەی بەرهەمهێنانی زانستییەوە هەڵکشانی باشی بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەش تا ئەو جێیەی کە ئاستی دووەمی بەرهەمهێنانی زانستیی بۆ خۆی مسۆگەرکردووە. چینی لە چوار پارچەزەویی دونیا (ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریقا و ئوستراڵیا) یەکەمە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا دووەمە. هەڵبەت بەم حاڵەشەوە هەر مەودای زۆری لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا هەیە. لە نێوان زمانەکانی ئەڵمانی، فەرەنسی و سپانیدا، کە هەرکام تۆزێک لە یەک لەسەد زیاترن، ڕکابەرییەکی نزیک بە مەبەستی دەستخستنی پلەی سێیەم لەم ڕووەوە لە ئارادایە. لە پلەیەکی تۆزێک خوارتریشدا زمانەکانی ژاپۆنی، ڕووسی، پورتغاڵی و ئیتاڵی لە ئارادان کە ئەوانیش لەم ڕووەوە چالاکن و هەر کامیان کەمتر لە یەک لە سەدیان بەرکەوتووە.

لەم ڕووەوە سەبارەت بە زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەپێی ئامارەکانی سایماگۆ بۆ ساڵی ٢٠١٨، تورکی لە ئاستی دوازدە و فارسی لە ئاستی بیستەمی زمانەکانی دونیادایە. عەرەبی، سەرەڕای ئەوەی زمانی فەرمیی ٢٢ وڵاتە، لە خوارەوەی تورکی و فارسیدایە. هەڵکشانی پێگەی زمانی فارسی و تورکی لە بواری بەرهەمهێنانی هزر و زانستدا لە دوو دەیەی ڕابردوودا، جێگای تێڕامانە و بۆتە هۆی پەرەسەندنی زیاتری ئەو دوو زمانە. لە بەرهەمهێنانی زانستی بە فارسی، ژورناڵەکانی بواری پزیشکی و تەندروستی، پشکی شێریان بەرکەوتووە. زمانی فارسی بەپێی داتاکانی سکۆپوس، کە لە دووتوێی ئەم کتێبە ناویان لێدەبرێت، لە بیست ساڵی ڕابردوودا گەشەی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و دە پلە پێشکەوتووە، واتە لە پلەی ٢٥ لە ساڵی ١٩٩٦دا گەیشتۆتە پانزدە لە ساڵی ٢٠١٦دا، واتە هەر دوو ساڵ یەک پلە بەرزبۆتەوە، بە شێوەیەک کە ئێستا لە ئاستی جیهانیدا ڕێژەی «سێ سەدەم لەسەد»ی تۆمار کردووە. نەبوونی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ توێژەران لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و شوێنەکانی تردا بە مەبەستی دووبارە بڵاوکردنەوە، پارڤەکردن و هەڵسەنگاندنی ڕادەی ناوهێنانی ناوەرۆکی وتارە زانستییەکان هۆکارێکی ترە بۆ گەشەی ئینگلیزی، وەک زمانی یەکەمی ئەم گۆڕەپانە. زۆربەی سیستەمە بڕواپێکراوەکانی پێوانی ئاماژەکارییەکان، تەنیا بە زمانی ئینگلیزی چالاکی دەنوێنن. هەروەها پێوەری دەستنیشانکەر لە بەرهەمهێنانی زانست لە زمانەکاندا بریتییە لە چەندایەتیی وتارە بڵاوکراوەکان و چۆنایەتیی ژورناڵە زانستییەکان کە زۆربەیان بە ئینگلیزین.

ژمارەیەکی زۆر ناوەندی جیاجیا بۆ نوانەسازی نووسینی ئەکادێمیک، واتە وتار و کتێبی ئەکادێمیک دانراون. ئەوڕۆکە سەدان ناوەندی نوانەسازی لە جیهاندا چالاکن. لە هەندێک وڵاتدا دەیان ناوەند هەن کە لەوانەشە هیچکام دانپێدانراو نەبن؛ وڵاتی واش هەیە ناوەندی لەو چەشنەی نییە. لە پاڵ ئەمانەشدا، چالاکیی بێ‌وچانی چەندین سیستەمی بڕواپێکراو بۆ دیاری‌کردنی ئاستی ژورناڵەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی، هەرێمی و ناوخۆییدا (لە دوو وڵاتی تورکیا و ئێران) و ڕەچاوکردنی سیاسەتی نوێ بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی تورکی و فارسی لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە، لە بیست ساڵی ڕابردوودا هۆکارن بۆ مسۆگەرکردنی پێگەی ئەو دوو زمانە لە ناوەندە ئاماژەبۆکراوەکاندا؛ بەڵام پەرژوبڵاویی سیستەمەکانی نوانەسازی و ئاماژەکاری لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، بەتایبەت گرنگیدان بە زمانی ئینگلیزی لەبری عەرەبی لە نووسینی ئەکادێمیکی وڵاتە عەرەبییەکاندا بوونە هۆی ئەوەی پایەی زمانی عەرەبی لەم ڕووەوە، بە بەراورد لەگەڵ تورکی و فارسی، نزمتر بێت. زمانی کوردی، وێڕای ئەوەی زمانێکی لەمێژینە و دەوڵەمەندە و ژمارەی ئاخێوەرانیشی زۆرە، بەڵام لەم ڕووەوە خاوەنی هیچ پێگەیەک نییە و وەک زمانێک لە دەرەوەی زمانەکانی بەرهەمهێنانی هزر و زانست لە جیهانی هاوچەرخدا سەیر دەکرێت، ئەمەش تا ئەو ئاستەی کە یەک لەو زمانانەی قەت لە بنکەدراوەکانی نووسینی ئەکادێمیکدا وەبەرچاو ناکەوێت، زمانی کوردییە. بەرهەمی توێژەرانی هەرێمی کوردستان بە هەر زمانێک بێت، وەک بەشێک لە سامانی عێراق دادەنرێت، چونکە لەو ناوەندانەدا جیاکاری لە نێوان بەرهەمهێنانی زانستیی کۆماری عێراق و هەرێمی کوردستان لە

ئارادا نییە. ئاستی وڵاتی عێراق لە خوارەوەیە (ئاستی ٧٠) و تێیدا گرنگایەتی بە زانکۆکانی هەرێم نەدراوە.

داهێنانی هزری و بەرهەمهێنانی زانستیی زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانی پارچەکانی تری کوردستان بە کوردی نین و لەگەڵ ئاستی وڵاتە سەردەستەکاندا (ئێران، تورکیا، سووریە) تێکەڵکراون. هیچکام لە ژورناڵە کوردییەکان (زانکۆیی و نازانکۆیی لە هەموو بوارە زانستی، فەرهەنگی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکاندا) لە لایەن هیچ ناوەندێکی نوانەسازی و بنکەی زانیاریی بڕواپێکراوی نێونەتەوەیی و هەرێمی، یان نێوخۆییەوە پەسەند نەکراوە و تەنانەت ناویشیان لێنەبراوە. هاوکات ژورناڵە زانستییە کوردییەکانی زانکۆ و دەزگاکانی ناوچە کوردییەکان کە ژمارەشیان زۆر کەمە، لە لایەن زانکۆکانی ئەو وڵاتانەی تێیدان پەسەند ناکرێن. وتاری نوانەنەکراو، سەرەڕای ئاراستەکردنی مەعریفە و بیری مەعریفی بە باشترین شێوەش، لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی زانستیدا کاریگەر نییە، چونکە پێشکەشکردنی بیر و هزر لەو نووسینانەدا جیاوازە لەگەڵ دەوری ئەو وتارانە لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی زانستدا بە سەرنجدان بە نوانەنەکراویی گۆڤار و وەشانگەکان لە کوردستاندا بڵاو دەکرێنەوە.

## گرنگایەتی و ئامانجەکان

لە دونیای ئەوڕۆدا پێوەری پێشکەوتنی هەر زمانێک لە ڕووی بەرهەمهێنانی بیر و زانستدا بریتییە لە چۆنیەتیی ئامادەبوون و ئاستی بەشداریکردنی لە بنکە زانستییە بڕواپێکراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا. ئێمەی کورد هێندە دوورین لەم جۆرە باسانە کە تەنانەت ناشزانین هاووڵاتای کوردیی چەمک و تێگەهە پێوەندیدارەکان بەم پرسەوە چین، لە کاتێکدا ئەوڕۆکە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا بە شێوەی باو و گشتی کار بە

هاوواتا فارسییەکانی ئەو زاراوانە دەکرێت، ئێمە لە زمانی کوردیدا تا ئەم ساتە خاوەنی هاوواتای جێگیر بۆ ئەو زاراوانە نین، گەرچی لە دەیان نووسین و سیمیناردا هەوڵمداوە هاوواتای کوردی بۆ زاراوەکانی ئەم بوارە بەکار بەرم و لە کۆتاییی ئەم کتێبەشدا فەرهەنگۆکێکی پسپۆڕانەی ئەو زاراوانەم پێشکەشکردووە؛ بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە بەشێکی زۆریان ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هێشتا بە تەواوی جێگەی خۆیان لە زمان و زەینی توێژەرانی کورددا نەگرتووەتەوە. لە زمانی کوردیدا تەنانەت هاوواتایەکمان بۆ «ژورناڵ» نییە، چونکە گۆڤار یان کۆوار هەمان مەگەزینە و وەک دەزانرێت ژورناڵ و مەگەزین جیاوازیی زۆریان لە نێواندایە. کورد زیاتر لە سەد ساڵە بایەخ دەداتە مەگەزین، کەچی ژورناڵە کوردییەکان ژمارەیان لە قامکەکانی دەست تێناپەڕێت و زۆربەشیان لە لایەن هیچ ناوەندێکی ناوخۆیی، یان نێودەوڵەتییەوە نوانە نەکراون، بۆیە زۆربەی هەرە زۆریان خاوەنی ئاماژەکاری و هاوکۆلکەی کاریگەری نین. لە پاڵ ئەمەشدا، تا ئەم ساتە هیچ سیستەم و ڕێسایەک بۆ پێوان و نوانەسازیی ژمارە و چۆنیەتیی ئاماژەکان و بەکارهێنانی ناوەرۆکی وتارە کوردییەکان دانەنراوە تا بەو پێیە ئاستی کاریگەریی ئەو ژورناڵە هەڵبسەنگێندرێت. هیچ لیژنەیەکیش لە هیچ کوێی دونیادا بۆ ئەم مەبەستە پێکنەهێنراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەڵسەنگاندن و ڕیزبەندیی نووسین بە زمانەکانی تر، قۆناغێکی چووەتە پێشەوە؛ بۆ نموونە، ئەوان بوونەتە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیکە وەک «پێنوێنی خێرایی» (شاخص فوریت) و «ڕێژەی هاوکۆلکەی کاریگەری بەپێی بابەت» (میانگین شاخص تأثیر در موضوع) کە بۆ ئێمەی کورد کاتێک باسی نووسینی کوردی دەکەین، نامۆن.

لایەنێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیەی بەردەست بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەوڵدەدات بزانێ زمانی کوردی بە چ شێوەیەک دەتوانێت لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی بیر و زانست لە جیهانی ئەوڕۆدا ببێتە خاوەن پشک. هەروەها دەیهەوێت تیشک بخاتە سەر ڕەوشی گۆڤار و ژورناڵە کوردییەکان و بە بەراورد لەگەڵ ژورناڵە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا هەڵیانبسەنگێنێت. دەمانهەوێت لەو پرسیارە بکۆڵینەوە بۆچی زمانی کوردی تا ئێستا نەبووەتە خاوەنی ژورناڵێکی ئەکادێمیک و باوەڕپێکراو لە ئاستی هەرێمیدا و چۆن دەتوانین زمانی کوردی بکەینە زمانی بەرهەمهێنانی بیر و زانست و بیخەینە ڕیزی زمانە پێشکەوتووەکانی جیهان.

ئامانجێکی سەرەکیی ئەم بەرهەمەی بەردەست ئەوەیە کە بە سەرنجدان بەوەی تا ئێستا هیچ ناوەندێکی گشتگیر بۆ نوانەسازیی سەرچاوە کوردییەکان، بە کتێب و گۆڤار و بەتایبەت ژورناڵی کوردییەوە، لە ئارادا نییە، بە چ شێوەیەک دەتوانرێت بەسەر ئەم کۆسپە هەرە گەورەیەی دونیای نووسینی کوردیدا زاڵ بین، لە پێناوی دابینکردنی ڕەوشێک بۆ توێژەرانی کوردینووس کە بەرابەر بێت لەگەڵ ڕەوشی توێژینەوە لە وڵاتانی تر. وەک دەزانرێت گۆڤار و ژورناڵە کوردییەکان و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی مەرجەکانی پێویست و ئەکادێمیکەکانی بڵاوکردنەوە ڕەچاو ناکەن، بۆیەش بۆ ئەوەی زمانی کوردی بگاتە ئاستی زمانە پێشکەوتووەکانی جیهان و شوێنی شیاوی خۆی لە ڕیزبەندیی زمانە بەرهەمهێنەرەکانی بیر و زانستدا دەستەبەر بکات، سەرەتا پێویستمان بە پێکهێنانی بنکەی دیجیتاڵی زانیارییە کە بتوانرێت دواتر نوانەسازی و پاشان ئاماژەپێوییان بۆ بکرێت.

## چوارچێوە

لەم کتێبەدا، پاش ناساندنی پرسەکە و شیکردنەوەی پێناسەکان، بە باسێک سەبارەت بە شێوەی سونەتیی هزرین لە زمانی کوردیدا دستپێدەکەین و تیشک دەخەینە سەر ئەو خاڵەی کە گەرچی لە سەد ساڵی ڕابردوودا و لە قاڵبی پەخشاندا گەلێک نموونەی هزرین لە ئاستی جیاجیادا بە زمانی کوردی بەرهەمهێنراوە؛ بەڵام بەهۆی لە ئارادانەبوونی ڕێوشوێنەکانی پێشکەشکردنی نووسین بە شێوەی مودێرن و هەنووکەییانە، ئەو نموونانە لە درێژماوەدا بێخوێنەر و بێکاریگەری ماونەتەوە. بەشی سێیەم تەرخانکراوە بۆ تێگەیشتنی جۆری مامەڵە و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی زمانەکانی تر لەگەڵ پرسی نوانەسازیی دەقی هزری و زانستی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەنجە خراوەتە سەر ئینگلیزی و لە ئاستی هەرێمیشدا باسم لەسەر زمانگەلی تورکی و فارسی و عەرەبی کردووە.

بەشی چوارەمی ئەم کتێبە لە تایبەتمەندییە گوتارمەندەکانی نووسینی ئەکادێمیکی کوردی دەکۆڵێتەوە و هەندێک کۆسپی پێوەندیدار بە توێژینەوە بە کوردی دەخاتەڕوو. لەم بەشەدا تایبەتمەندییە هاوبەش و جیاوازەکانی دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئەکادێمیک لە جڤاتی کوردیدا لێکدەرێنەوە و پەنجە دەخرێتە سەر گۆڤارە زانستییەکان وەک دەلاقەیەک بەرەو نووسینی ئەکادێمیکی کوردی. لە کۆتاییشدا خاڵی لاوازی ژورناڵە کوردییەکان دەستنیشانکراون و کۆمەڵێک پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنیان پێشکەشکراوە.

بەشی پێنجەم هەوڵدەدات دۆخی ئێستای نوانەسازیی نووسینی ئەکادێمیکی کوردی و پێگەی نڤیساری توێژەرانەی کوردی لە کەشی مەجازیدا شیبکاتەوە. لەم بەشەدا باسی دامەزراندنی پلەتفۆرمێکی دیجیتاڵ

بۆ نڤیساری توێژەرانەی کوردی دەکرێت و کۆمەڵێک ڕەخنە و پێشنیازیش سەبارەت بە پلەتفۆرمی گۆڤارە ئەکادێمییەکانی کوردستان ئاراستە دەکەین.

بەشی شەشەم پرسێکی گرنگی وەک گۆڕانکاریی پارادیگماتیک بەرەو نوانەسازی بۆ دەقی کوردی تاوتوێ دەکات. لەم بەشەدا پێویستی و قۆناغەکانی نەشتەرگەرییە گەورەکە دەخرێنەوە ڕوو کە بریتییە لە گۆڕینی گۆڤارە فرەبوارەکانی زانکۆکان بۆ گۆڤاری زانستی. هەر لەم بەشەدا جۆرەکانی دیکەی نووسینی ئەکادێمیک بە بایەخەوە سەرنجیان دەدرێتێ و باسی گرنگیی ڕێکخستنی جۆرەکانی چالاکیی ئەکادێمیک لە زانکۆ و ئەنستیتۆ زانستییەکانی کوردستاندا دەکرێت. هەروەها ئاوڕ لە کۆمەڵێک هەنگاوی تر دەدرێتەوە کە پێویستن بۆ بەدیهاتنی هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی پارادیگماتیک لەم دەڤەرەدا، وەک چاکسازی لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوە، ڕیزبەندیی گۆڤارە ئەکادێمیکەکان، ڕێکخستنی ناونیشانی ئەلکترۆنیکی ناوەندەکان و چاکسازی لە ماڵپەڕی ژورناڵەکاندا.

بەشی حەوتەم تەرخان کراوە بۆ هەنگاوەکان و جۆرەکانی هەوڵدان بۆ شیکاریی ئاماژەکارییەکانی نووسینی ئەکادێمیک لە کوردستاندا، بە کوردی و زمانەکانی تریشەوە، کە دەوری سەرەکییان لە پێناوی دەستەبەرکردنی هاوکۆلکەی کاریگەری بۆ نووسینی کوردی هەیە. هەروەتر، باسی ئەو پێگەیە دەکرێت کە ئاماژەپێوی لە سیستەمە جیاجیاکانی ڕیزبەندیی زانکۆکاندا هەیەتی. لە کۆتاییشدا باسی دەوری گرنگی سێ هەنگاوی سەرەکی توێژینەوەی هاوبەش، ڕانانی کتێب و وتار و دانانی پوختەی پەرەپێدراوی ئینگلیزی بۆ توێژینەوەی کوردی دەکرێت.

دوابەشی ئەم بەرهەمە لە ئەنجامی باسە پێشکەشکراوەکانی ناوەرۆکی کتێبەکە پێکدێت و کۆمەڵێک هەنگاو و قۆناغ بە مەبەستی

چارەسەرکردنی کێشەکانی توێژینەوە بەگشتی لە کوردستاندا و هەروەها بەرزکردنەوە ئاستی زمانی کوردی لە لایەکی ترەوە دەناسێنێت. دوای ئەم بەشە، کۆی خشتەکان ئاراستە کراوە کە وەک بەڵگە بۆ شیکارییەکانی کتێبەکە کەڵکیان لێوەرگیراوە. سەرچاوەی خشتەکان لە ناونیشانیاندا ئاماژەیان پێکراوە. دواتر، پێگەی ئەلکترۆنیکی ناوەندە ئاماژەبۆکراوەکان لە دووتوێی کتێبەکەدا خراوەتەڕوو. هەروەها هاوواتای کوردیی زاراوەکانی ئەم بوارە لە ڕواڵەتی فەرهەنگۆکێکدا لە دوابەشی کتێبەکە دانراوە کە زۆربەی ئەو زاراوانە یەکەم جارە بە کوردی دەناسیندرێن، یان وەرگێڕدراون. لە کۆتاییشدا سەرچاوەکان کە زۆربەیان لاپەڕەی سەر ماڵپەڕی دەزگا گرنگەکانی ئەم بوارەن، دانراون.

### پێناسەی زاراوەکان

### نڤیساری کوردی Kurdish Ecriture

نڤیساری کوردی زاراوەیەکی گشتییە و کۆی ئەو نووسینانە دەگرێتەوە کە بە زمانی کوردی بەرهەمهێنراون. نڤیساری کوردی، وەک نڤیساری زمانەکانی تر، چەندین بەشی جیاجیا دەگرێتەوە کە دوو بەشی گەورەی بریتین لە نڤیساری داهێنەرانە و نڤیساری توێژەرانە. مەبەست لە نڤیساری داهێنەرانەی کوردی، هەموو بنجۆر و ژێرچەشنە جیاوازەکانی شیعر، چیرۆک، شانۆنامە و پەخشانی هونەریی کوردییە. هەروەها نڤیساری توێژەرانەی کوردی بریتییە لە کۆی ئەو توێژینەوە و وتارانەی بە کوردی لەسەر لایەنە جیاجیاکانی پێوەندیدار بە «لێکۆڵینەوەی کوردی»یەوە نووسراون، وەک زمان، ئەدەب، هونەر، مێژوو، جوگرافیا، سیاسەت و ئابووری. بە شێوەیەکی گشتیتر، نڤیساری توێژەرانەی کوردی، کۆی

نووسینی ئەکادیمیکی کوردی دەگرێتەوە، واتە سەرجەم ئەو کتێب و وتارانەی بە شێوەی ئەکادیمیک و بە زمانی کوردی لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان نووسران. نڤیسار لە کوردیی سەروودا بە مانای «نووسراو»ەیە. لە کوردیی ناوەندیدا نووسینی-شی پێدەڵێن بە مانای بابەتی نووسراو. لە زمانی فارسیدا وەک نوشتار دادەنرێت. نڤیسار، وەک «نوشتار»ی فارسی، ڕەهەندێکی بکەرانەشی هەیە، بۆیە وەک باشترین هاوواتای کوردی بۆ زاراوەکە بەکاری دەبەین. زاراوەی نڤیسار بەم واتایە یەکەم جار لە تیۆریی ڕەخنەگرانەدا لەسەر دەستی تیۆریداڕێژی ئەدەبی و فێمینیستی فەرەنسی، هێلێن سیکسوو، بەکارهێنرا. یەکەم بەکارهێنانی «نڤیسار» بەم مانایە لە کوردیدا ناونیشانی کتێبێک بوو لەگەڵ چەند هاوڕێییەکدا وەک کۆمەڵەوتار لە دەزگای ئاراس لەساڵی ٢٠٠٤دا بڵاومان کردەوە.

## لێکۆڵینەوەی کوردی Kurdish Studies

ئەوەی ئەوڕۆکە لە گوتاری ئەکادیمیکی ڕۆژئاواییدا بە «لێکۆڵینەوەی کوردی» ناسراوە بەشی زۆری بە زمانە ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەت بە ئینگلیزی و دواتر فەرەنسی و ئاڵمانی و ڕووسی بەرهەمدەهێنرێت. بواری «لێکۆڵینەوەی کوردی» گەرچی زۆرجار پشت دەبەستێتە نڤیساری کوردی، بەڵام بۆخۆی بە زمانی کوردی نییە. هەڵبەت دیارە کۆمەڵێک بەرهەمی دانسقەشمان هەن کە بە کوردین و دەچنە خانەی لێکۆڵینەوەی کوردیشەوە. لێکۆڵینەوەی کوردی، وەک بوارێکی ئەکادیمیک لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا و زیاتر لە ئەوروپا (بە حوکمی ئەوەی هێشتا بەشێکی لەو چەشنە لە هیچ زانکۆیەکی ئەمریکای باکووریدا لە ئارادا نییە) لە پەرەسەندندایە و کاریگەریی باشیشی

بەجێهێشتووە؛ بەڵام بە سەرنجدانی ئەو خاڵەش پێویستە ئەوە بڵێین کە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو بوارە ناچنە خانەی نڤیساری کوردییەوە، کەواتە پێویستە هاوکات گرنگی بدرێتە هەر دووکیان، بەڵام مخابن لە زۆربەی نموونەکاندا جۆرێک دابڕان لە نێوان لێکۆڵینەوەی کوردی و نڤیساری کوردیدا هەست پێدەکرێت.

## سیاسەتی زمانی Language Policy

سیاسەتی زمانی، زانستێکی نێوانبوارییە و هەندێ جار وەک بەشێک لە «زمانناسیی کۆمەڵایەتی» لە قەڵەم دەدرێت و هەندێک توێژەریش وەک بەشێک لە «زمانناسیی کارپێکراو» پێناسەی دەکەن. سیاسەتی زمانی پێشتر وەک «پلاندانانی زمانی» ناوی لێدەبرا و لە هەندێک بوارەوە وەک بووژانەوەی زمان و فێرکاریی زمان و پێوندیی نێوان زمان و ئایدیۆلۆژیا نزیکە.

## پلاندانانی زمانی Language Planning

هەوڵێکی مەبەستدارە بۆ کارتێکەری لەسەر ئەرک، پێکهاتە، یان بووژانەوەی زمان لە جڤاتێکی زمانیدا. پلاندانانی زمانی ئەرکی دامودەزگا حکوومییەکانە، بەڵام ناوەندە ناحکوومی و جەماوەرییەکانیش، سەرنجی دەدەنێ. پلاندانانی زمانی لە کۆمەڵگا جیاجیاکاندا جیاوازە و چەندین بەشی جیاواز دەگرێتەوە؛ بەڵام دوا مەبەستی بریتییە لە بڕیاردان و جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە پێناوی بەدیهێنانی گۆڕانکاری بە مەبەستی بردنەسەرێی ئاستی زمانی بەرباس لە لایەنی جیاوازەوە. پلاندانانی زمانی هەر تەنیا بۆ فێرکاریی زمان و پاراستنی زمان کورتوکۆ ناکرێتەوە، بەڵکوو هەوڵەکانی پەرەپێدانی زمانیش دەگرێتەوە.

## نوانە Index

نوانە دوو واتای سەرەکی هەیە؛ یەکەم: بریتییە لە نووسینێکی زانیارییبەخش و سیستەماتیک، پێکهاتوو لە ناوی کەسەکان، بەرهەمەکان، شوێنی جوگرافیایی و هتد، بە مەبەستی پۆلێنکردنیان و دەستپێڕاگەیشتنی خێرای داتاکان، وەک چۆن لە کۆتایی کتێبێکدا لە ڕواڵەتی نوانەی ناوەکاندا چاومان پێی‌دەکەوێت؛ دووەم: ئەو ناوەندەی زانیاری لەسەر نووسینەکان لە ڕواڵەتی کتێب و وتاردا کۆدەکاتەوە و هەڵیان‌دەسەنگێنێت و لە ئەنجامدا هەندێکیان پەسەند و پاشان ڕیزبەندییان بۆ دەکات. لەم کتێبەی بەردەستدا مانای دووەمی زاراوەکە بەکارهێنراوە.

## نوانەسازی Indexing

نوانەسازی دوو واتای جیاوازی هەیە کە بریتین لە دروستکردنی نوانە بۆ نووسینێک (وتار و کتێب) و نوانەکردنی نووسینێک (وتار و کتێب) لە یەکێک لە نوانەکاندا، کە زیاتر مەبەست نوانەی ئاماژەپێویان نوانەی ئاماژەشیکارە. لەم کتێبەی بەردەستدا مەبەست واتای دووەمییەتی. نوانەسازیی، لە بەستێنی ئەکادێمیکدا، بریتییە لە کۆکردنەوە و نمایشکردنی نووسینی ئەکادێمیک، بە وتار، کتێب، نامەی زانکۆیی و چەشنەکانی تری نووسینەوە، بە مەبەستی دەستپێڕاگەیشتنی ئاسان لە لایەکەوە و هەڵسەنگاندن و ڕیزبەندییان لە لایەکی ترەوە. نوانەسازی ئەوڕۆکە لە دونیای دیجیتاڵدا ئەنجام دەدرێت و مۆرکێکی تەواو ئەلکترۆنیکی گرتووەتە خۆی. گەرچی ژمارەی نوانەکان زۆرن؛ بەڵام زیاتر مەبەستمان ئەو نوانانەن کە ئاماژەشیکاریش بۆ نووسینەکان ئەنجام دەدەن و ژمارەشیان زۆر کەمە. بەگشتی مەبەستی ئێمە سێ نوانەی ئاماژەپێوە کە بریتین لە: وێب‌ئاڤساینس، سکۆپوس، ئای‌ئێس‌سی. دوو نوانەی یەکەم لە ئاستی جیهانیدا دانپێدانراون و

ئاماژەپێوی بۆ ئەو نووسینانە دەکەن کە بە ئەلفبێی لاتینی، یان ڕۆمی نووسراون. نوانەی سێیەم لە ئێرانە و زیاتر تایبەتە بە نووسینە ئەکادێمیکەکانی وڵاتانی موسڵمان و تاقە ناوەندێکە لە جیهاندا ئاماژەپێوی بۆ ئەو نووسینانە دەکات کە بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراون. وڵاتە پێشکەوتووەکان خاوەنی چەندین ناوەندی جیاجیای نوانەسازین بۆ نووسینەکانیان. یەکێک لە پێش مەرجەکانی نوانەسازی، دامەزراندنی بنکەی زانیاری و کتێبخانەی ئەلکترۆنیکە.

## ئاماژەکاری Citation

ئاماژەکاری بریتییە لە ئاماژەدان بە بەرهەمی تر و ناوهێنانی سەرچاوەی تر لە نووسینەکاندا. گەرچی ئەمە بابەتێکی نوێ نییە و مێژوویەکی دووردرێژەی هەیە؛ بەڵام ئەوەی کە مۆرکێکی ئەوڕۆیی بەخشیوە بە ئاماژەکاری ئەوەیە کە کۆمەڵێک دەزگا و ناوەند ژمارە و چۆنیەتیی ئاماژەکارییەکان لە نووسینێکی ئەکادێمیکدا، بە وتار و کتێبەوە، تۆمار و هەژمار دەکەن. ئاماژەکاری یەکێکە لە مۆرکەکانی نووسینی ئەکادێمیک.

## ئاماژەپێوی، ئاماژەشیکاری Citation Analysis, Citation Metrics

ئاماژەپێوی، یان ئاماژەشیکاری، وەک بە ناوەکەیاندا دیارە بریتین لە پێوان یان شیکردنەوەی ئاماژەکانی نووسینێکی ئەکادێمیک. ئاماژەپێوی قۆناغی دوای نوانەسازییە و زۆربەی زمانەکانی دونیا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە، مەگەر زمانە فەرمییەکانی لە هەندێک وڵاتدا. ئاماژەپێوی، واتە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی بەکارهێنانی توێژینەوەکان لە لایەن توێژەرانی ترەوە و دیاریکردنی کاریگەری و دەوری توێژینەوەکان لە پەرەپێدانی زانست و بواری بەرباسدا. ئاماژەپێوی بریتییە لە خستنەڕوو و

هەڵسەنگاندنی کاریگەری وتارێک لە ڕێگەی ژماردنی جارەکانی ئاماژەپێدانی لە لایەن دانەرانی ترەوە لە نووسینەکانیاندا. ئاماژەشیکاری دەکرێت بۆ وتار، یان توێژەر ئەنجام بدرێت. ئاماژەپێوی دەوری سەرەکی دەگێڕێت لە ڕیزبەندیی نووسینی توێژینەوەییدا، بە کتێب و وتار و گۆڤاری ئەکادیمیکەوە.

## خودئاماژەکاری، ئاماژەدان بە خود Self-Citation

خودئاماژەکاری، وەک بە ناوەکەیدا دیارە، بریتییە لە ئاماژەدان بەخود. گەر دانەرێک لە توێژینەوەیەکیدا ئاماژە بۆ نووسینێکی دیکەی خۆی بکات بە خودئاماژەکاری، یان ئاماژەدان بەخۆ ناسراوە. خودئاماژەکاری ڕەخنەی فراوانی لێکەوتۆتەوە و ڕەخنەگران پێیان وایە ئەمە شێوەیەکی باش نییە و تەنانەت ناشبێ لە ئاماژەکارییەکاندا بپێورێت؛ هاوکات کۆمەڵێک دانەری تر هەن کە پێیان وایە خودئاماژەکاری ئاساییە لە توێژینەوەدا.

## بەڵگەی ئاماژەهەڵگر Citable Document

بەڵگەی ئاماژەهەڵگر ئەو بەڵگەیەیە کە دەکرێت و دەتوانرێت ئاماژەی پێبدرێت. دیارە ئەمەش زیاتر نووسینێکە کە چ وەک نامەی زانکۆیی، یان کتێب و وتار، یان شێوەکانی تری سەرچاوە، پێویستە فەرمی بێت و مۆرکەکانی توێژینەوە و فەرمیبوونی تێدا ڕەچاوکرابێت و هاوکات دانپێدانراوی ناوەندێکی جێمتمانە بێت.

## نادیبا DOI

نادیبا، وەک کورتکراوەی ناسێنەی دیجیتاڵی بابەت، بریتییە لەو کۆدە تایبەتەی دەزگا ئەکادیمیکەکان دەیبەخشنە توێژینەوەکانیان. نادیبا تایبەتە

بە وتاری ئەکادێمیک و ژمارەیەکی نێودەوڵەتییە. نادیبا ناسنامەیەکی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەکان دابیندەکات. لە ئێراندا لە ساڵی ٢٠١٩ بەملاوە جۆرێک لە نادیبای نێوخۆیی بە ناوی DOR دروست کراوە.

## هەورەوشە Keywords Cloud

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی ماڵپەڕی گۆڤارە ئەکادێمیکەکان، یان ماڵپەڕ و لاپەڕەی توێژەران و ناوەندەکانی توێژینەوە بریتییە لە: هەورەوشە. هەورەوشە، وشە سەرەکییەکانی سەرجەم وتارە بڵاوکراوەکانی گۆڤارێک، یان توێژەر و ناوەندی بەرباس بەپێی ژمارەی بەکارهێنرانیان لە وتارەکاندا ڕیزدەکرێن، بە شێوەیەک کە وشە سەرەکییەکە هەرچی زیاتر بەکارهێنرابێت، دیارتر دەردەکەوێت و فۆنتەکەشی گەورەتر دەنوێنێت. گەر لەسەریان کرتەبکەن، وتارگەلی هەڵگری ئەو وشە سەرەکییانە دەرئەکەون. مەبەست لە دانانی هەورەوشە تێگەیشتنی بوارە سەرەکییەکانی توێژینەوەی توێژەر، یان گۆڤار و ناوەندی بەرباسە.

## گۆڤاری ئەکادێمیک Academic Journal

گۆڤاری ئەکادێمیک جیاوازە لە گۆڤار بە مانا ئاساییەکەی. گۆڤار لە بنەڕەتدا لە کۆوار-ەوە دروست کراوە کە بە مانای کۆی وارەکانە. گۆڤار لە ئینگلیزیدا بە مەگەزین دەناسرێت، لە کاتێکدا گۆڤاری ئەکادێمیک بە ژورناڵ ناوی لێدەبرێت. ژورناڵ تەنیا تایبەتە بە توێژینەوەی ئەکادێمیک، کەچی مەگەزین بابەتی ناتوێژینەوەیی بڵاودەکاتەوە، وەک شیعر، چیرۆک، شانۆنامە، هەواڵ، وەرگێڕان، وتوویژ و هتد. ئەوڕۆکە جیاوازییەکانی ژورناڵ و مەگەزین هێند زەق بوونەتەوە کە تەنانەت توێژینەوەی بڵاوکراو لە مەگەزیندا لە لایەن زۆربەی دەزگا و ناوەندەکانەوە بە

توێژینەوە دانانرێت. گۆڤاری ئەکادیمیک لە نوانەسازیی نووسینی ئەکادیمیکدا بە بەراورد لەگەڵ کتێب و فۆرمەکانی تری نووسین پشکی شێری بەردەکەوێت و لە لایەن ناوەندە پێوەندیدارەوە هەڵدەسەنگێندرێ و ڕیزبەندی دەکرێت. لە حاڵەتی پێشکەوتووتردا دەور و ئاماژەکارییەکانی گۆڤاری ئەکادیمیک، چ بۆ وتارێکی تاک و چ بۆ کۆی وتارەکانی ژمارە، یان ساڵێک، تۆمار و بەراورد دەکرێن. ئاماژەپێویی بۆ گۆڤاری ئەکادیمیک لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دیاریکردنی کۆمەڵێک مۆرک بۆ ئەو گۆڤارە کە ناسراوترینیان بریتییە لە هاوکۆلکەی کاریگەری.

## نووسینی ئەکادیمیک Academic Writing

نووسینی ئەکادیمیک زیاتر بە مانای نووسینی توێژەرانەیە کە بە شێوەیەکی ئەکادیمیک ئەنجام دراوە و زیاتر خۆی لە ڕواڵەتی وتاری توێژینەوەییدا دەبینێتەوە؛ بەڵام نەک هەر جۆرەکانی دیکەی وتار، بەڵکوو کتێب و نامەی زانکۆییش دەگرێتەوە. ئەم فۆرمەی نووسین وەک شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەش لەگەڵ بابەتی بەرباسدا چوار جۆری سەرەکی دەگرێتەوە کە بریتین لە: وەسفی، شیکارانە، قایلکەرانە و ڕەخنەگرانە. نووسینی ئەکادیمیک لە ئەکادیمیادا دەنووسرێت، یان لە بڵاوکراوەیەکی ئەکادیمیکدا بلاودەبێتەوە. مەبەست لە ئەکادیمیا ناوەندێکی زانستیی ئاستبەرزە، وەک زانکۆ و توێژینگە، یان هەر دەزگایەکی تری زانستیی گرێدراوی ئەو ناوەندانە.

## هاوکۆلکەی کاریگەری Impact Factor

هاوکۆلکەی کاریگەری، ڕادەی کاریگەری و ئاستی گۆڤارە ئەکادیمیکەکان نیشان‌دەدات. هاوکۆلکەی کاریگەری نوانەیەکی زانستپێوانە و پێنوێنێکی

چەندییە کە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن، بەراوردکردن و ڕیزبەندیی گۆڤارە ئەکادێمیکەکانی بوارە جیاوازەکان لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا بەکار ئەهێنرێت. ئەم پێنوێنە لە لایەن کلاریڤەیت[١]–ەوە دەستنیشان کراوە و فرەپاتیی ئاماژەدانەکان بە نووسینێک لە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراودا پێشان‌دەدات. هاوکۆلکەی کاریگەری یەکەم جار لە لایەن د. یوجین گارفیلد لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بوو بە بەشێک لە ئەرکەکانی ناوەندی کلاریڤەیت، کە ئەو کات ناوی ئای‌ئێس‌ئای[٢] بوو. ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان بۆ بەدەستهێنانی هاوکۆلکەی کاریگەریی گۆڤارەکان هەموو ساڵێک لە ڕاپۆرتی ئاماژەکاریی گۆڤارەکان[٣] بڵاودەبێتەوە. هاوکۆلکەی کاریگەری تایبەتە بە گۆڤار و توێژەر، یان نووسینەکەی ناگرێتەوە. لە ئێراندا ناوەندی ئای‌ئێس‌سی[٤] هاوکۆلکەی کاریگەری بۆ گۆڤارەکانی ئەنجام‌دەدات و تاقە ناوەندێکە لە دونیادا هاوکۆلکەی کاریگەری بۆ ئەو زمانانەی خاوەنی ئەلفبێی عەرەبین، وەک کوردیی ناوەندی، ئەنجام‌دەدات.

## زانستپێوی Scientometrics

زانستپێوی بوارێکی زانستییە سەروکاری لەگەڵ پێوانی زانستدایە، واتە هەڵسەنگاندن و شیکاریی نڤیساری توێژەرانە. زانستپێوی ژێربەشی بوارێکی گەورەیە بە ناوی زانیاری‌پێوی. زانستپێوی یەکێکە لە باوترین ڕێگەکانی هەڵسەنگاندنی چالاکیی ئەکادێمیکی توێژەر، یان بڵاوکراوە و ناوەندێکی ئەکادێمیک.

---

[1] Clarivate.
[2] ISI.
[3] Journal Citation Reports.
[4] ISC.

## پێنوێنی ئێچ h-index

پێنوێنی ئێچ، یان نوانەی هێرش یەکێکە لە پێنوێنە تازەکانی بواری زانستپێوی کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە لایەن خۆرخێ ئێدوارد هێرش-ەوە پێشنیارکرا. ئەم پێنوێنە، پێوانەیەکە ئاستی دانەر دیاری‌دەکات و تەنیا بۆ توێژەران بەکارئەهێنرێت و ڕادەی بەرهەمهێنان و کاریگەریی ئاماژەکارییەکانی بڵاوکراوەکانی دانەرێک تۆماردەکات. پێنوێنی ئێچ-ی توێژەرێک بریتییە لە ئێچ ژمارە لە وتارەکانی کە بە هەر کامیان لانیکەم ئێچ جار ئاماژە دراوە، واتە گەر پێنوێنی ئێچ بۆ توێژەریک، بۆ نموونە، پێنج بێت، ئەمە بەو مانایەیە کە ئێج بەرهەمی ئەو توێژەرە هەرکام لانیکەم پێنج جا ئاماژەیان بۆ کراوە. ئەورۆکە پێنوێنی ئێچ لە لایەن دەزگا و ناوەندەکانی زانستپێوییەوە، وەک سکۆپوس، بەکار ئەهێنرێت و تەنانەت لە گووگڵ سکالێریشدا ئامادەیە.

# بەشی دووەم: زمانی کوردی
# و هزرین لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا

## زمانێکی دەوڵەمەند، بەڵام بزر

بە گوێرەی هەندێک لە بیرۆکەکانی پێکهاتەخوازی دەتوانین بەم دەرئەنجامە خێرایە بگەین کە هیچ جۆرە سەرترییەک لە نێو زمانەکاندا لە ئارادا نییە و زمانەکان تەنیا جیاوازییان پێکەوە هەیە. بە واتایەکی تر، هیچ زمانێک لە زمانێکی تر باشتر، یان خراپتر نییە. ئەم ڕێسایە لەسەر زمانی کوردیش دەکرێت دابەزێندرێت، بەو واتایەی زمانی کوردی باشتر، یان خراپتر لە زمانەکانی تر نییە، بەڵکوو تەنیا مۆرکی جیاوازیی لەگەڵ زمانەکانی تردا هەیە؛ بەڵام گەر بێین و باسی هەندێک تایبەتمەندیی زمانی کوردی بکەین، دەبێ بڵێین وەک هەموو زمانەکانی تر هەڵگری هەندێک خاڵی بەرچاو و تایبەتمەندی ئەرێنییە و هاوکات خاوەنی هەندێک خاڵی لاوازیشە، ئەمەش دۆخێکە لە هەموو زمانێکدا دەبیندرێت.

یەکێک لە خاڵە بەهێز و بەرچاوەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە زارەکانی ئەم زمانە لە درێژایی مێژوودا و لە ژێر دەسەڵاتی میرنشینە جیاجیاکاندا بەهۆی نەبوونی پێوەندیی نزیک لە نێوان حومکدارێتی و میرنشینەکاندا لە لایەکەوە و نەبوونی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی، وەک

ڕاگەیێنەرە گشتییەکان لەو سەردەمانەدا، تاڕادەیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە زاراوەکانی تر، یان جیا لە بنزاراوەیەکی تری هەمان زاراوە پەرەی سەندووە. ئەم دۆخە نەک هەر لەنێوان میرنشینەکاندا، بەڵکوو لە نێوان هەرێم و ناوچە جیاجیاکانیشدا لە گۆڕێدابووە. ئەگەرچی ئەمانە هەموو لە پێناو سەرهەڵنەدان و گەشەنەکردنی زمانێکی پێوەر هۆکاربوون، بەڵام یەکەم لێکەوتەی ئەرێنیی ئەم دۆخە ئەوەیە زۆربەی زاراوە و بنزاراوەکان ئێستا بوونەتە خاوەنی قامووسێکی وشەیی بەرفراوان و سەربەخۆ لە زاراوەکانی تر، کەواتە، زمانی کوردی لانیکەم لە ڕووی ژمارەی وشەی خۆماڵییەوە و لە ئارادابوونی چەندین هاوواتا بۆ یەک چەمک، دیاردە، کەس، یان شت، یەکێکە لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی دونیا، هەر بۆیەش ئەم تایبەتمەندییەی زمانی کوردی، بە پێچەوانەی هەندێک بۆچوونەوە کە بە هەڕەشەی دەزانن، دەکرێت وەک دەرفەت و خاڵێکی بەرچاوی ئەرێنی لە قەڵەم بدرێت.

هۆکارێکی دیکەی فرەیی و جۆراوجۆریی وشە لە زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زارەکانی ئەم زمانە لە قۆناغە جیاجیا مێژووییەکاندا لە سەدەکانی ڕابردوودا بەهۆی نەبوونی میراتێکی نڤیساریی پتەو و لە ئارادانەبوونی ئەرشیڤێکی پۆلێنبەندیکراو، یان بەهۆی باری جوگرافیی تایبەت و تەنانەت هەلومەرجی ئایینیی تایبەتەوە، وەک لە نموونەی ئێزەدییەکاندا، بۆخۆی لە ناوچە و دەڤەر و میرنشینە جیاجیاکاندا بە شێوەیەکی جیاواز لە زاری دراوسێ گەشەی کردووە و ئەو پێوەندییەی بە شێوەیەکی ئاسایی و گشتی لە نێوان زمان و زارەکاندا هەیە، کەمتر لێرەدا لە گۆڕێدا بووە. مەگەر لە بەرهەمی هەندێک شاعیری بلیمەتدا، وەک سەیدی، نالی و مەحوی. ئەم دۆخە تا بەر لە سەرەتای

سەدەی بیستەم هەر بەو چەشنە ماوەتەوە؛ بەڵام لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە پێوەندی و ئاڵوگۆڕیی نێوان زارە کوردییەکان دەستیپێکرد و هەرچی لە سەردەمی ئێستا نزیکتر دەبینەوە، زیاتر و خێراتر دەبێتەوە.

نموونەیەکی تر لە خاڵە بەرچاوە ئەرێنییەکانی زمانی کوردی لە ئارادابوونی چەندین جۆری جیاجیای پێشگر و پاشگر و ناوگرە، واتا ئەو توانستەی ڕێسا مۆرفۆلۆژیکەکانی زمانی کوردی دەمانداتێ، یارمەتیبەخشە لە پێناو وردترکردنەوەی پێناسەی وشەکاندا، کەچی هەر وەک دەزانین لە هەندێک زماندا، وەک عەرەبی، پاشگر و پێشگر زۆر بە کەمی دەردەکەوێت؛ بۆ نموونە، تەماشای پێشگرەکان لەم نموونانەدا بکەن: سەرخستن، پێشخستن، پاشخستن، دەرخستن، ڕێخستن، ڕێکخستن، هەڵخستن، داخستن و هتد، یان پاشگرەکان لەم نموونەیەدا: دەروونناس، دەروونناسی، دەروونناسیگەری، دەروونناسانە، دەروونناسیانە، دەروونناسەکی، دەروونناسیخوازی، دەروونناسیخواز، دەروونناسیخوازانە و هتد. لە پاڵ ئەم خاڵە بەهێز و بەرچاوانەدا، زمانی کوردی هەڵگری هەندێک خاڵی لاوازیشە کە باسکردنی وردیان کات و ساتێکی جیاوازی پێویستە، بۆ نموونە، گرنگینەدان بە ئەرشیڤ و تۆمارنەکردنی زمانی کوردی لە سەردەمانی ڕابردوودا بۆتە هۆی ئەوەی ئێستا زمانی کوردیی ئارکەیکمان لێ ون و نادیاربێت؛ بۆ نموونە، لە وەرگێڕانی دەقی ئارکەیکدا بۆ زمانی کوردی ڕووبەڕووی کێشە دەبینەوە و وەرگێڕ بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێت، ڕەهەندێکی مۆدێرن و تایبەتمەندییەکی ئەوڕۆیانە دەبەخشێتە دەقێکی کۆن و کەونارا کە دیارە ئەمەش وەرگێڕانێکی ڕاستەقینە و دروست نییە. زمانی کوردی ئەگەرچی وەک هەموو زمانەکانی تر پێشتر خاوەنی ئەم مۆرکە بووە؛ بەڵام بەهۆی

ئەوەی ئەم مۆرک و تایبەتمەندییە تەنیا بە شێوەی زارەکی و لە ناو خەڵکدا بەکارهاتوون و نەهاتوونەتە نڤیسین، کەواتە بێجگە لە دەرکەوتنیان لە هەندێک دەقی تایبەتدا وەک بەیتەکان، یان لە هەندێک ژێربەشی دیکەی ئەدەبی فولکلۆری کوردیدا، بەتەواوی لە ناو چوونە.

زمانی کوردی، سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییە ئەرێنیانەی سەرەوە، لە کاروانی جیهانیی بەرهەمهێنانی هزر و زانستدا لە خراپترین دۆخی خۆیدایە. گەرچی زمانی کوردی لە ڕووی بەرهەمی ئەدەبی نووسراو و زارەکییەوە خاوەنی سامانێکی دەوڵەمەندە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگرە کە لە ڕووی بەرهەمهێنانی مەعریفەوە بە شێوەیەکی دونیاداگر، یان لە ڕێگەی دەقی فەلسەفییەوە هەر لە دێر زەمانەوە، یان لە باری بەرهەمهێنانی دەقی زانستییەوە لە قۆناغی ئێستادا، لەبەر چەندین هۆکاری جیاجیا و ئاشکرا نەیتوانیوە وەک زمانەکانی تر پێشبکەوێت. لە گوتاری ئەکادێمیکی هاوچەرخدا یەکێک لە مۆرکە سەرەکییەکانی پێوانی داهێنانی هزر لە زمانێکدا بریتییە لە بوونی ژورناڵی تایبەتی زانستی بە شێوەیەک کە نوانەکراو بێت و لە لایەن ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی ئاماژەکاری و بەڵگەکاریی زانستییەوە دانپێدانراو بێت و لە ڕێگەی چۆنیەتی و ژمارەی ئاماژەکردن بە وتارە چاپکراوەکانی ئەو ژورناڵەوە ئاستی بەرهەمهێنانی زانست لەو زمانەدا، یان ڕادەی کاریگەریی ئەو ژورناڵە هەڵبسەنگێندرێت. هەر ئەم وتەیە سەبارەت بە کتێب ڕاستە، بەڵام بارودۆخی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب لە کوردستان دوورە لە بنەما زانستییە نێودەوڵەتییەکان و پیشەی بڵاوکردنەوە. لە بەستێنێکی کوردیدا ئەو کارانە تەنانەت بۆ کۆمەڵە وتاری کۆنفرانسەکانیش ناکرێت. کۆی ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی

لە داهێنای هزری و میکانیزمی ئەندێشەسازی و شێوەی بەرهەمهێنانی زانستی بەپێی پێودانگە باوەکانی جیهانی ئەورۆ وەک زمانێکی بزر پێناسە بکرێت.

## زمانی کوردی و هێڵکەکانی کەکستۆن

ویلیام کەکستۆن یەکەم دانەری ئینگلیزییە کە کتێبەکەی خۆی، کە بە ئینگلیزی نووسیبووی، لە چاپ دا. ساڵی ١٤٧٥ لە مێژووی پەرەسەندنە فەرهەنگییەکانی بریتانیا بە ڕێککەوتێکی گرنگ دادەنرێت. پیشەسازیی چاپ لەو وڵاتە لەو ساڵەدا لە دایک بوو و شەمەندەفەرەکە کەوتە ڕێ و تا ئێستاش بەردەوامە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە خێرایی زۆرترەوە. بریتانیا تا بەر لە سەدەی شازدەهەم بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵێک وڵاتی ئوروپایی وەک سپانیا و فەرانسە بە وڵاتێکی بەهێز نەدەژمێردرا. لە ساڵی ١٤٨٥دا کۆتایی بە شەڕێکی سی ساڵەی ناوخۆیی هات و هاوکات پیشەسازیی چاپ و گەشەی ڕۆنێسانس لەو وڵاتە دەوری هەرە گرنگیان لە چوونەسەری ڕێژەی خوێندەواریدا بینی. لە دوای ئالۆزییەکانی پاش مەرگی هێنریی هەشتەم لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەمدا، شاژن ئێلیزابێتی یەکەم هاتە سەر حوکم و لە کۆتایی هەمان سەدە بە دواوە زمان، وێژە، هونەر و دواتر زانست لە بریتانیا گەشەیان کرد و ئەو ڕەوتە تا ئەورۆش هەر بەردەوامە.

کەکستۆن لە ساڵی ١٤٩٠دا لە وەرگێڕانی پێشەکیی ئێنێیدی بەرهەمی ویرژیلدا تیشک دەخاتە سەر کێشەکانی دەستەبەرکردنی ئینگلیزیی ستاندارد و باسی پێویستی و ئالنگاریی ئەو ئینگلیزییە دەکات کە هەمووان لێی تێبگەن. کەکستۆن چیرۆکی ئەو پاپۆڕە دەگێڕێتەوە کە لە لەندەنەوە

بەرەو زیلەند لە هۆڵەندا کەوتە ڕێ و لە کەناری ڕووباری تایمز لە ناوچەی کێنت بۆ پشوودان ئەوەستێتەوە. قوماشفرۆشێکی خەڵکی باکووری ئینگلیز دادەبەزێ و دەچێتە دوکانێکەوە و بە فرۆشیاری دوکانەکە دەڵێت: دەیهەوێت هێلکە (Egg) بکڕێت. خانمەکە لە وڵامدا دەڵێت: فەرەنسی نازانێ. وڵامەکە تووڕەتری دەکات، چونکە برادەرەکەمان فەرەنسیش نازانێ! کابرایەک کە لەوێ ڕاوەستاوە خاتوونەکە لە مەبەستی قوماشفرۆشەکە تێدەگەیێنێت و دەڵێت: ئەم برادەرە هیلکەی دەوێ (Eyren) و بەم چەشنە خاتوونەکە تێدەگات. کەکستۆن لێرەدا دەڵێت: «لەم ڕۆژگارەی ئێستادا مرۆڤ کامیان بنووسێت: هێڵکە (Eggs) یان هیلکە (Eyren)؟ بێگومان سەختە هەمووان قایل بکەیت، بەهۆی جۆراوجۆری و گۆڕانی زمانەوە». (لە ئەردەڵانیدا هێڵکە بە شێوەی هیلکە گۆدەکرێت؛ ئەمەش تا ئەو ڕادەیەی گەر لە دوکاندارێکی سنەیی لەبری هیلکە داوای هێڵکە بکەیت، خێرا دەزانێ خەڵکی سنە نیت).

دۆخی ئینگلیزی لە ساتەوەختی نووسینی پێشەکییەکەی کەکستۆندا لاواز بوو. سەیرە کە ناونیشانی یەکەم کتێبی ئینگلیزیی چاپکراو لە بریتانیا بە فەرەنسییە. ئینگلیزیی کۆنی سەردەمی ئەنگلۆساکسۆن، واتە سەدەگەلی حەوت بۆ دەی زایینی، بەهۆی هێرشی نۆرمەنەکانەوە لەساڵی ١٠٦٦دا هێدی هێدی گۆڕانکاریی بەسەردا هات و بوو بە ئینگلیزیی ناوەڕاست (وەک بەرهەمی چۆسێر). لە سەردەمی کەکستۆن بەملاشەوە بوو بەو ئینگلیزییە مۆدێرنەی ئەورۆ، کە بەکار ئەهێنرێت. ئینگلیزی نەک هەر لە ڕووی بەکارهێنانییەوە لە ئاستی نێوەدەوڵەتیدا، بەڵکوو لە باری ژمارەی نووسینە و هەروەها لە ڕووی نووسراوەی نوانەکراو و ئاماژەمەندەوە لە جیهانی ئەورۆدا زمانی یەکەمە. ئەستەمە زمانێکی تر

بتوانێ ڕکابەرێتیی لەگەڵدا بکات. زمانی دووەم لە ڕووی نوانەسازی و ئاماژەکارییەوە، واتە چینی بە جیاوازیی زۆرەوە پاش ئینگلیزی دێت و زمانەکانی دیکەش، فەرەنسی و ئاڵمانی و ڕووسی و هتد، لەم ڕووەوە هەر هەموویان پێکەوە ناگەنە یەک بیستەمی ئینگلیزی، واتە گەر کۆی ژمارەی نووسراوە نوانەکراوەکان بە هەموو زمانەکانی دونیا، جگە لە چینی سەرومڕ پێکەوە لەسەددا پێنج بێت، ئینگلیزی بە تەنیا نەوەد لەسەدی بەرکەوتووە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش و لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا تورکی و فارسی و عەرەبی لە ڕووی ژمارەی کتێبخانەی ئەلکترۆنیک و دامودەزگاکانی تایبەت بە نوانەسازییەوە گەشەی زۆریان بە خۆیانەوە بینیوە. ئێستا، واتە لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستویەکدا، دۆخی زمانی کوردی لەم ڕووەوە لە ئینگلیزیی دەچێت. هەموو قەڵەمبەدەستێکی کورد کە دەیهەوێت بنووسێت، ناتوانێت بەو شێوەیەی فێربووە بنووسێت. دەبێ هەردەم ئاگاداری ئەوە بێت ئەو وشانەی بەکاریان دێنێت، لەوانەیە بۆ هەموو خوێنەرێکی کورد فام نەکرێن. ئالنگارییەکانی بەردەم زمانەکەمان گەلێک لەم نموونە سادە و ساکارە، قووڵتر و گرێچنترن. هێشتا بڵاوکراوەیەکی کوردی نەچۆتە ناوەندە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی نوانەسازی و ئاماژەکارییەوە و تەنانەت دەزگایەکی خۆجێیی لەو چەشنەشمان نییە. هەوڵدان بۆ گۆڕینی زمانی قسەکردن گەمژەییە؛ مەبەست لەم نموونەیەی ئێرە و لە نووسین و سیمینارەکانمدا، زمانی نووسینە. شێوەی دروستی زاراوەی هەڵەی «زمانی یەکگرتوو» بریتییە لە زمانی یەکگرتووی نووسین، یان "زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو کە ئەمەی دواییشیان دیسانەوە کەموکووڕی تێدایە و لێرە لەسەری ناڕۆم. باسەکانی من لەسەر نووسینە بە کوردی،

نەک قسەکردن پێی. وەک کورد پێویستمان بە بەخۆداچوونەوەیە و لە جیاتیی توێژینەوەی زانستیی بە کوردی، ناچارین کۆمەڵێک خاڵی سەرەتایی و کۆنکەوتە بدرکێنین، کە باسی ڕۆژی ئینگلیزەکان بوو لە زیاتر لە پێنج سەدە لەمەوبەردا.

## میکانیزمی نەریتیی داهێنان بە کوردی

دەرئەنجامەکانی کۆمەڵێک نووسین و گەڕانی ئەم چەند ساڵەی دواییم سەبارەت بە پێگەی زمانی کوردی لە ناوەندە گەورەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێویی نووسینی ئەکادێمیک هێندە ڕاچڵەکێنەرن کە تووشی سەرسڕمانمان دەکەن و ئەوەندە هەواڵی ناخۆشیان تێدایە، مرۆڤ حەز ناکات باسیان بکات. ڕەنگە کەسانێک بەر لە من ئەو بیرۆکەیەیان لا گەڵاڵە بووبێت و نەیانوێرابێت بیدرکێنن، یان لەوانەیە بە تەواوەتی لە بیریان کردبێت و بڕیاریان دابێت تا هەتایە واز لەم پرسە بهێنن. ڕاستییەکە تاڵ و هەژێنەرەکە ئەوەیە دەوری زمانی کوردی لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی بیر و زانست لە جیهانی ئەوڕۆدا سفرە، واتە تەنانەت کزیش نییە، بەڵکوو هەر لە ئارادا نییە. ناوەرۆکی ئەم وتەیە هیچ پێوەندییەکی بەو وتە چەندپاتەوبووەی کۆمەڵێک توێژەری نەریتەوانەوە نییە کە هەردەم بە شاگەشکەییەوە ئاماژە بۆ دەوڵەمەندی زمانی کوردی دەکەن. ڕەنگە من باشتر لە زۆر کەس بزانم زمانی کوردی چەندە دەوڵەمەندە و پێشتریش بە نووسین لەم پرسەم کۆڵیوەتەوە؛ بەڵام ئەمە هیچ پێوەندییەکی بەو پێوەرانەوە نییە کە بۆ دیاریکردنی دەوری زمانێک لە داهێنان هزر و بەرهەمهێنانی زانستدا دانراون. بەرهەمهێنانی هزر و زانست لەم باسەی بەردەستدا جیاوازە لە بەرهەمهێنانی مەعریفی، یان فیکری، واتە مەبەست بەرهەمهێنانی فیکر و فەلسەفە لە زمانی کوردیدا نییە و ئەمەیان چیرۆکێکی ترە. ئەم باسەی ئێستا

جیاوازە لەو وتە باوەی کە ئاخۆ فەلسەفە و فیکر بە زمانی کوردی نووسراون، یان ژمارەی نووسینی کوردی، بە کتێب و وتارەوە، دەربارەی زانستەکان چەندە. بەرهەمهێنانی مەعریفی و فەلسەفی دەشتوانێت بەشێک بێت لە داهێنان و بەرهەمێنانی هزر و زانست، بەڵام لە دونیای ئەوڕۆدا تەنیا کاتێک پەسەند دەکرێن کە وەک نووسینی ئەکادێمیک نوانە کرابێتن و ئاماژەیان پێدرابێت. لە کۆی ئەو خشتە و زانیاری و بەڵگانەی تاوتویٚکراون، زۆربەی زمانەکانی دونیا لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی هزر و زانستدا ئامادەن و هەرکام خاوەنی ئاستی تایبەت بە خۆیانن. زمانی کوردی نەک هەر لە خوارەوەی ئەو ڕیزبەندییانەدا نییە، بەڵکوو هەر لە ئاراشدا نییە. بە واتایەکی ڕوونتر، زمانی کوردی لە سەرجەم بنکەگەلی زانیاری و دەیتابەیسە بڕواپێکراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان و هەروەها لە ناوەندەکانی تایبەت بە نوانەسازیی نووسینی ئەکادێمیک لە گۆڕێدا نییە، بۆیەش ئاماژەپێویش نەکراوە. بە واتایەکی ڕوونتر، ژمارەی کتێب و وتاری کوردی لەو ناوەندانەی ئەو داتایانە تۆمار دەکەن، سفرە. بیست ساڵ لەمەوبەر لە ناوەندێکی وەک ئێلزەڤیێردا ژمارەی بەڵگە زانستییەکان بە زمانی فارسی کەمتر لە چڵ کتێب و وتار بوو، ئێستا بە هەزاران دەقی نووسراوی ئێرانی بە ئینگلیزی و فارسییەوە لەویٚ تۆمارکراون. ژمارەی نووسراوەی کوردی، بە کتێب و وتارەوە، لە ناوەندەکانی تری وەک وێبئاڤسایێنس ۆ ئایئێسسی دیسانەوە هەر سفرە. ئەم زانیارییانە بە گوێرەی بەڵگە زانستییە تۆمارکراوەکانی زمانە جیاجیاکان لە سکۆپوسدا ڕیزکراون کە ناوەندێکە تایبەت بە نوانەسازی و ئاماژەکاری و متمانەپێوی بۆ وتارە زانستییەکان. لە ناوەندە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تریشدا، ڕەوشەکە هەر وایە.

کورد زیاتر لە سەد ساڵە بایەخ دەداتە مەگەزین. کەچی ژورناڵە کوردییەکان ژمارەیان لە قامکەکانی دەست تێناپەڕێت و هیچکام لە لایەن ناوەندێکی ناوخۆیی، هەرێمی، یان نێودەوڵەتییەوە نوانە نەکراون، هەر بۆیەش هیچ ژورناڵێکی کوردیمان نییە، خاوەنی هاوکۆلکەی بێت لە لایەن وێبئاڤساییێنس-ەوە. گەر گۆڤارێکی وەک پژوهشنامە ادبیات کردی بۆتە خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری، ئەوە لە لایەن ئایئێس‌سی-یەوە پێی بەخشراوە. لە پاڵ ئەمەشدا، تا ئەم ساتە هیچ سیستەم و ڕێسایەک بۆ پێوان و نوانەسازیی ژمارە و چۆنییەتی ئاماژەکان و بەکارهێنانی ناوەرۆکی وتارە کوردییەکان دانەنراوە تا بەو پێیە ئاستی کاریگەریی ئەو ژورناڵە هەڵبسەنگێندرێت. هیچ لیژنەیەکیش لە هیچ کوێی دونیا بۆ ئەم مەبەستە پێکنەهێنراوە. مێکانیزمی بڵاوکردنەوەی کتێب لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستاندا وەک هی سەدەی ڕابردووە و کتێبەکان بە وردی بەر لە چاپ هەڵناسەنگێندرێن. زۆربەی نووسەرانی ناوداری کورد خاوەنی لاپەڕە نین لەو ناوەند و دەزگایانەی ئەرکیان نوانەسازی، یان پێشاندانی ئاماژەکانی بەرهەمەکانە. زۆربەمان تا ئێستا ئەم پرسەمان بە جیدی وەرنەگرتووە. لەم هەلومەرجە ناخەژێنەدا، تازە بە تازە هەندێک کەس زیاتر لە جاران گرنگییان داوەتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وەک یەکەمین و دواهەمین مەنزڵگەی نووسین ڕەچاویان دەکەن؛ واتە، نەک هەر هەوڵی چارەسەری کێشەکە نادەن، بەڵکوو دژی ڕەوتەکەش لە جووڵەدان. زۆربەی نووسەران و شاعیرانی کوردی دانیشتووی کوردستان و هەندەران زانیارییان لە بارەی ناوەندەکانی نوانەسازی بۆ نووسراوە زانستییەکان نییە و سەبارەت بەم پرسەش هیچیان نەدرکاندووە. زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی کورد تەنانەت یەک

نووسینیشیان لە ژورناڵە ئایئێفدارەکاندا بڵاو نەکردۆتەوە. ئەوان لە جیاتی بایەخدان بە وتاری ژورناڵی نوانەکراو، چاپی کتێبیان بە لاوە گرنگ بووە و ئەویش کێشەی تایبەتی خۆی هەیە، بە حوکمی ئەوەی ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی دەستەی هەڵسەنگێنەریان نییە. هاوکات، توێژەری کوردی خاوەن وتار لە ژورناڵە نوانەکراوەکاندا زۆرن؛ ئاخۆ بیریان لەوە کردۆتەوە ئێمەش وەک نەتەوەکانی تر ببینە خاوەنی ژورناڵی لەو چەشنە، بەڵام بە زمانی کوردی؟ ئاخۆ بیریان لەوە کردۆتەوە گۆڕانکاریی ڕیشەیی و پارادیگماتیک بەسەر میکانیزمی بڵاوکردنەوەی نقیساری کوردیدا بێت؟

(بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ١: پشکی بەرهەمهێنانی زانست بۆ زمانە جیاجیاکان لە سکۆپوس لە ساڵی ٢٠١٨دا، لەگەڵ خشتەی ژ. ٢: بەڵگە تۆمارکراوەکان بە فارسی لە سکۆپوس لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە بۆ ٢٠١٧)

### چاپەمەنیی ئەکادێمیکی کوردی لە دونیای ئەوڕۆی زانستدا

سکۆپوس (Scopus)، وەک بنکەیەکی گەورەی زانیاری، یەکێکە لە گرنگترین ناوەندەکانی نوانەسازی، ئاماژەکاری و متمانەپێوی بۆ نووسراوەی زانستی. سکۆپوس سەر بە ئێلزێڤیرە (Elsevier) کە یەکێکە لە گەورەترین ناوەندە بڕواپێکراوەکانی بڵاوکردنەوەی دەقی ئەکادێمیک لە جیهاندا. مەڵبەندی سەرەکیی ئەم دەزگا زەبەلاحە لە ئەمستێردام-ە. سکۆپوس زیاتر لە دەیان میلیۆن دەقی زانستیی لە ڕواڵەتی کتێب و وتاردا کۆکردووەتەوە و دانیناوە بە دوازدە هەزار ناوەندی بڵاوکردنەوە لە سەرتاسەری جیهاندا. نزیکەی چل هەزار گۆڤاری زانستی لە سکۆپوسدا تۆمارکراون کە ٣٥ هەزاریان ژورناڵی ئاکادێمیکن. ساڵانە

زیاتر لە پێنج‌سەد هەزار توێژینەوەی نوێ لە ڕواڵەتی وتاردا لە سکۆپوس تۆمار دەکرێن. تێکڕای ئەو نووسراوانە بەشێوەی ئەلکترۆنیک لەبەر دەستن و ژورناڵ و وەشانگەکانیش لەوێ بە شێوەی بەردەوام هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و لەسەر بنەمای چەندین پێوەر و پێنوێنی پسپۆڕانەی تایبەت ئاستیان دیاری‌دەکرێت.

زمانی یەکەم لە سکۆپوس‌دا ئینگلیزییە، بەڵام سەدان ژورناڵی فارسی، عەرەبی و تورکیش وێڕای نووسراوەی زمانەکانی تر، لە لایەن سکۆپوس-ەوە دانیان پێدانراوە و چوونەتە قۆناغی نوانەکراوێتییەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا ژورناڵە فارسی و تورکی و عەرەبییەکان لە سکۆپوسدا پەرەی زۆریان سەندووە و وتارەکانی ئەو گۆڤارانە بوونەتە بەشێک لە کاروانی زانستیی جیهانی ئەوڕۆ. شیکاریی داتاکانی سکۆپوس لە لایەن سایماگۆ SCImago ئەنجام دەدرێت کە سەرجەم زانیارییەکان سەبارەت بە خوێندنەوە و کاریگەری و ئاماژەمەندی و ئاماژەکارییەکانی نووسینەکە لە ڕیزبەندییەکەدا بە ناوی «ڕیزبەندیی گۆڤارەکانی سایماگۆ» (SJR) دەخاتەڕوو. هەروەها بەردەوام ڕیزبەندی بۆ گۆڤارەکان و وڵاتان دەکات لە ڕووی داهێنانی نووسینی زانستییەوە.

پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندنی وتارەکان لە سکۆپوس بە ناوی سنیپ (SNIP) بریتییە لە پێوانی کاریگەریی ئاماژەکارییە بەستێنییەکان، لە ڕێگەی هەژمارکردنی ئاماژەکارییەکان لەسەر بنەمای کۆی ژمارەی ئاماژەکان لە بوارەکەی خۆیدا، یان لە بوارێکی دیاری‌کراوی زانستیدا بەپێی داتاکانی سکۆپوس. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە زمانی کوردی بە هیچ شێوەیەک، واتە لە ڕواڵەتی هیچ نووسراوەیەکدا، وەک کتێب، وتاری کۆنفرانس، یان ژورناڵ لە سکۆپوس‌دا دەرنەکەتووە و بۆیەش لە

سایماگۆدا بزرە. تەنانەت یەک کتێب، یان یەک گۆڤار، یان یەک وتاری کوردی بە هەموو شێوەزارەکانەوە لە سکۆپوسدا نییە.

وێبئاڤساینس (WOS)، وەک گەورەترین ناوەندی زانستپێوی لە دونیادا، سەرەتا ساڵی ١٩٦٠ لە لایەن یوجین گارفیلد لە ئەمریکا دامەزرا. دوای مەرگی، ئەم ناوەندە چەندین جار کەوتۆتە بەر مامەڵەی گەورە و هەندێکیان لە مێژووی ئابووریدا بە گرانترین مامەڵەکان دادەنرێن. ئێستا لە لایەن کلەریڤەیت-ەوە خاوەندارێتی دەکرێت. وێبئاڤساینس ئاستبەرزترین نوانەی ئاماژەپێوی دونیایە بۆ نووسینی ئەکادێمیک و یەکێکە لە گرنگترین ناوەندەکانی نوانەسازی، ئاماژەکاری و متمانەپێوی بۆ نووسراوەی زانستی بەگشتی و وتاری گۆڤارە ئەکادێمیکەکان و کۆمەڵەوتاری کۆنفرانسەکان بەتایبەتی. وێبئاڤساینس زیاتر بەهۆی «گوزارشتی ئاماژەکانی گۆڤار»ەوە (JCR) ناسراوە کە هەموو ساڵێک لە لایەن کلەریڤەیت-ەوە بڵاودەبێتەوە و تێیدا زانیاریی بەڕۆژکراو لەوانە هاوکۆلکەی کاریگەری سەبارەت بە گۆڤارە نوانەکراوەکانی خۆی دەخاتەڕوو. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧دا ڕاگەیێندرا لە نێو دەیان هەزار گۆڤای ئەکادێمیکی نوانەکراو لەوێدا دوازدە هەزار ناونیشانیان بە گۆڤاری خاوەن هاوکۆلکەی کاریگەریی بەرز دادەنرێن. ئەم ناوەندە ١٦٠ هەزار کۆمەڵەوتاری کۆنفرانسیشی نوانەکردووە. کۆگای گشتگیری ئەم دامەزراوەیە شەش بنکەی زانیاریی نوانەساز دەگرێتەوە کە هەمووشیان سەرهێڵن:

١. نوانەی ئاماژەپێوی زانستەکان، پەرەپێدراو[1] (SCIE)، کە هەڵگری ٩٢٠٠ گۆڤاری ئەکادێمیکی سەر بە ١٧٨ بەشی زانستییە و ساڵەکانی ١٩٠٠ بەملاوە دەگرێتەوە.
٢. نوانەی ئاماژەپێوی زانستە کۆمەڵایەتییەکان[2] (SSCI)، کە هەڵگری ٣٤٠٠ گۆڤاری ئەکادێمیکە و ساڵەکانی ١٩٠٠ بەملاوە دەگرێتەوە.
٣. نوانەی ئاماژەپێوی زانستە مرۆییەکان و هونەر[3] (AHCI)، کە هەڵگری ١٨٠٠ گۆڤاری ئەکادێمیکە و ساڵەکانی ١٩٧٥ بەملاوە دەگرێتەوە.
٤. نوانەی ئاماژەپێوی سەرچاوە تازەسەرهەڵداوەکان[4] (ESCI)، کە هەڵگری ٧٨٠٠ گۆڤاری ئەکادێمیکە و ساڵەکانی ٢٠٠٥ بەملاوە دەگرێتەوە.
٥. نوانەی ئاماژەپێوی کتێب[5] (BCI)، کە هەڵگری ١١٦٠٠٠ کتێبی هەڵبژێردراوە و ساڵەکانی ٢٠٠٥ بەملاوە دەگرێتەوە.
٦. نوانەی ئاماژەپێوی کۆمەڵەوتاری کۆنفرانس[6] (CPCI)

ویبئەڤساییێنس، وەک سکۆپوس، نووسینی ئەکادێمیکی دەیان زمان دەگرێتەوە کە لە ٢٥ دانەی یەکەمدا تورکی و فارسیش لە ئارادان، بەڵام ژمارەی دەقی کوردی تێیدا سفرە، بۆیەش ئەرکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییە بیرێکی جیدی لەم کێشەیە بکاتەوە. بێگومان دەیان مامۆستای پسپۆڕ و شارەزا لە زانکۆکانی کوردستان و دەرەوە

1 Science Citation Index Expanded.
2 Social Sciences Citation Index.
3 Arts & Humanities Citation Index.
4 Emerging Sources Citation Index.
5 Book Citation Index.
6 Conference Proceedings Citation Index.

هەن کە دەتوانن یارمەتیدەری چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بن و ئەم بۆشاییە پڕبکەنەوە.

## داتایەک بۆ داچەڵەکین

دوو ناوەندی هەرە گەورەی نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیک لە دونیای ئەوڕۆدا، سکۆپوس و وێبئەڤسایێنس، بێجگە لە ئینگلیزی، نووسینی دەیان زمانی تریش نوانە دەکەن. لە ساڵی ٢٠١٨دا ٦٠٩٤٠٧٩ نووسینی ئەکادێمیک لە لایەن ئەم دوو ناوەندەوە نوانەکراون، کە لە وتاری گۆڤاری ئەکادێمیک، کۆمەڵەوتاری کۆنفرانس و کتێب پێکهاتوون.[1] بەپێی ئەم داتایە:

– ٢٥ زمان ئامادەبوونی بەرچاویان هەیە لە داهێنانی هزر و زانستدا

– نزیکەی ٩٤ لەسەدی دەقەکان بە ئینگلیزی نووسراون

– دەوروبەری ١.٥ لەسەدیان بە چینی نووسراون.

– تورکی و فارسی گەشەی باشیان کردووە و ژمارەی دەقەکان بەم دوو زمانە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو زۆرترە.

– تەنانەت یەک دانەشیان بە کوردی نییە (لە نێو زیاتر لە شەش میلیۆن نووسینی ئەکادێمیکی ساڵێکدا) (بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ٣: کۆی نووسینی ئەکادێمیکی نوانەکراو لە سکۆپوس و وێب ئاڤ سایێنس لە ساڵی ٢٠١٨دا).

---

[1] Miguel-Angel Vera-Baceta & Michael Thelwall & Kayvan Kousha, 2019. "Web of Science and Scopus language coverage," Scientometrics, Springer;Akadémiai Kiadó, vol. 121(3), pages 1803-1813, December.

## نا بۆ کتێبسازی، بەڵێ بۆ توێژینەوە

لە ڕابردوودا زۆرمان گوێ لەو وتەیە بوو کە فڵانە نووسەر دەیان کتێبی نووسیوە. تا چەند ساڵ لەمەوبەریش خەڵکانێک تەنانەت باسیان لە ژمارەی لاپەڕەکانی سەرجەم کتێبەکانی نووسەرێک دەکرد؛ بۆ نموونە، دەوترا فڵانە نووسەر ئەوەندە هەزار لاپەڕەی نووسیوە. ئەوەی زیاتر بۆتە جێگەی سەرسووڕمان ئەوەیە تەنانەت ئەوڕۆکەش کەسانێک هەن هەر بە هەمان نەفەسەوە، واتە بە حەماس و شاگەشکەییەوە، وەک شانازییەک بۆ نووسەرەکە ئاماژە بۆ ژمارەی کتێب و لەوەش سەیرتر ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبەکانی دەکەن. لەمەش سەیرتر ئەوەیە بەشێکی ئەو کەسانەی بەم شێوەیە قسە دەکەن، تەنانەت خاوەن بڕوانامەی بەرزیشن. ئەوان وەک نیشانە و بەڵگە بۆ زیرەکی و داهێنانی کەسێک باس لە ژمارەی کتێبەکانی دانەرێک دەکەن. ئەو کەسانە گەرچی هاوچەرخمانن، بەڵام مخابن، لە ڕاستیدا بیر و زەینیان لەسەر ڕوانینی سەردەمانی ڕابردوو دامەزراوە. لە کوردستاندا زۆربەی وەشانگەکان پێداچوونەوەی بەر لە چاپ بۆ کتێب ناکەن. فۆنتی بەکارهاتوو لە زۆربەی کتێبەکاندا گەورەن، بەتایبەت لە کوردیی ناوەندی و ئەلفبێی عەرەبیدا. پەراوێزەکان چ لە سەر و خوار و چ لە ڕاست و چەپ ڕووبەرێکی گەورەی لاپەڕەکەیان داگیرکردووە. مەودای نێوان دێڕەکان لەبری ١ بۆ ١.٥ لە ٢ نزیک دەبێتەوە. پاژەکان کورتن و هەر بۆیەش لە هەر لاپەڕێکدا دوو سێ دێڕ بە ناتەواوی دەمێننەوە. لاپەڕەی سپی زۆرن و لاپەڕەی یەکەمی بەشەکان لە نیوەوە دەست پێدەکەن. بەکورتی، نیوەی لاپەڕەکانی بەشێکی کتێبە کوردییەکان -بەتایبەت لە کوردیی ناوەندیدا- بە فیڕۆ

دراون. لە کتێبی کورمانجی و ئەلفبێی لاتینیدا دۆخەکە لەم ڕووەوە باشترە؛ بۆ نموونە، ژمارەی دیڕەکان لە لاپەڕەدا، بە بەراورد لەگەڵ کوردیی ناوەندی، زۆرترە. بێجگە لەمانە و گرنگتر لە هەمووشیان، ئامادەنەبوونی کتێبی کوردی لە ناوەند و دەزگاگەلی نوانەسازی و ئاماژەپێویی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا هێندەی تر گۆمی کردەی نووسینی کوردیی شەڵەقاندووە. نەبوونی کۆد، ناسێنە، مۆرک و ژمارەگەلی نێودەوڵەتیی، وەک ژمارەی پێوەری نێودەوڵەتیی کتێب، ژمارەی کەتالۆگی کتێبخانەی کۆنگرە، دیووئی یان DDC، یان ژمارەیەکی وەک فیپا بۆ پێڕستنووسینی بەر لە بڵاوبوونەوە، سەرومڕ پێکەوە کتێبی کوردییان کردۆتە دوورگەیەکی دوور و دابڕاو لە گوتاری زانستی و هزریی جیهانی هاوچەرخ. بێجگە لەمانە نەبوونی کتێبخانەی ئەلکترۆنیک و بنکەی زانیاری بە کوردی نرخی مەعنەوی و بایەخی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی هزریی کتێبی کوردیی تا ئاستێکی یەکجار زۆر هێناوەتە خوارێ.

بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە ژمارەیەک گۆڤاری کوردی، نەک ژورناڵ، خاوەنی دەستەی نووسیاران نین، چ بگات بەوەی دەستەی هەڵسەنگێنەرانیان هەبێ. بەشێکی ئەو کتێبە کوردییانەش کە بە «فیکری» و«مەعریفی» ناودێر دەکرێن، لە ڕاستیدا لە ڕووی ڕەچاوکردنی بنەماکانی ڕێبازناسیی لێکۆڵینەوەوە کەم و کوڕییان هەیە. ڕاستە ئەمانە تێکڕا چالاکیی ڕۆشنبیرانەن، بەڵام لە بیرمان نەچێ لە دونیای هاوسەردەمدا «ڕۆشنبیر»-یش پێویستە شانبەشانی گۆڕانکارییەکانی گوتاری ئەکادیمیک پێشبکەوێت. توێژەر و ئەکادیمیسیەن، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نین و هەر کامیان ئەرکێکیان لە ئەستۆیە و هەر بۆیەش بڕیاری نییە توێژەران و ئەندامانی گوتاری ئەکادیمیک لە دەڤەری

زانیاریی گشتیدا کار بکەن. توێژینەوە جیاواز لە پێشکەشکردنی زانیارییە. ئەو سەردەمە بەسەرچوو توێژەر زانیاریمان بداتێ. پێشتر کتێبخانەکان و ئێستاش ئینتێرنێت تژین لە زانیاری. پارادایمی ئێستای داهێنانی زانستی و فیکری لە جیهاندا خۆی لەو کتێب و ژورنالانەدا دەبینێتەوە کە لای ئێمەی کورد لە ئارادا نین. لە گوتاری زانستیی هاوچەرخدا، نرخ و بەهای یەک توێژینەوەی ڕەسەن لە ڕواڵەتی وتارێکدا لە دەیان کتێبی هەمان بوار بەرزترە. مکووڕبوون لەسەر بڵاوکردنەوەی کتێب و وتار بەم شێوەیەی ئێستا و بەپێی نۆرمەکانی تایبەت بە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی، نەک هەر هێندەی تر بە دەوری بازنەیەکی بێکەڵکدا دەمانسووڕێنێتەوە، بەڵکوو چاوی خوێنەری کوردیشی لە هەمبەر پارادایمی ڕاستەقینەی داهێنان و توێژینەوەدا نابینا کردووە.

هیچ گومانێکم نییە بەشێک لەو کەسانەی لە جڤاتە کوردییەکاندا خەریکی توێژینەوەن، شارەزای ڕەوشی ئێستای توێژینەوە لە جیهاندا نین. ئەوان ئەم قسانە ناژنەفن؛ ناشیخوێننەوە، بۆیەش ئاستەمە لێی تێبگەن. چەند ساڵ لەمەوبەر لە یەکێک لە زانکۆکانی ئەورووپا ویستیان بەشی لێکۆڵینەوەی کوردی بکەنەوە. چەندین کەس بەرەو پێشوازیی بانگەوازەکەوە چوون و هەندێکیان بانگهێشت کران بۆ هەڤپەیڤینی تایبەت بە دامەزراندنی مامۆستا. لەچاوپێکەوتنەکەدا لە یەکێکیان، کە نووسەرێکی کوردی دانیشتووی ئەورووپایە، پرسیار کرابوو چەند وتارت هەیە؟ لە وڵامدا وتبووی «هەزاران وتارم بڵاوکردۆتەوە». ئەو درۆی نەکردبوو، چونکە لە ناو کورددا بە نووسینی کورتی فەیسبوکی، یان گۆشەی ڕۆژنامەیی و نووسین بۆ ماڵپەڕە گشتییەکانیش هەر دەوترێ «وتار».

ئەو کەموکووڕیانەی سەرەوە نابێ ببنە هۆ و پاساو بۆ نەنووسین، یان بۆ نەبوونی توێژینەوە بە کوردی. دانانی کتێبی وانە بە کوردی بۆ هەموو بەشە زانستییەکان پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و تەنانەت ئەرکێکی پیرۆزیشە. هەروەها دانانی نەک دەیان، بەڵکوو سەدان ڕێنوێن‌نامە، یان کتێبی ڕابەر بە کوردی و لەسەر زانستە جیاجیاکان و بۆ ئاستە جیاوازەکان پێویستییەکە بۆ ئێستا و بۆ داهاتوو و دەبێ دەسەڵاتی کوردی بە بایەخەوە بۆی بڕوانێ. بێجگە لەمەش، وەرگێڕان پێویستییەکی دونیای ئەوڕۆ و نەوەی تازەیە و هەر بە هەمان شێوەش ئەرکی دەسەڵاتە گرنگیی زیاتری بداتێ. ئەو قسانەی سەرەوە بێگومان دانانی دیوانە شیعر و ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆک، یان شانۆنامە و پەخشانی هونەری و تەنانەت مێژوو و فەرهەنگیش ناگرێتەوە. هەروەتر، مەبەستمان وتاری ڕۆژنامە و گۆڤاری گشتی و تۆڕی کۆمەڵایەتی نین.

بەگشتی هەر دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئەکادێمیک لە کوردستاندا، هێندە لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی زانستیی جیهانی ئێستاوە دوورن کە بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی لە ناو کورددا بە نووسەر و ڕۆشنبیر و بیرمەند ناسراون، خاوەنی یەک نووسینی «پییێر ڕیڤیو» نین، کەوایە ئاساییە ئێمەی کورد بە هۆی دووری لە کاروانی زانستی و ڕۆشنبیریی هاوسەردەمەوە نەزانین peer review بە کوردی دەبێتە چی. بێجگە لەمەش، نەک دەیان بەڵکوو سەدان زاراوەی پسۆڕانەی بوارەکە هێشتا لە کوردیدا خاوەنی هاوواتا نین و هەندێکیشیان بە شێوەیەکی هەڵە کراون بە کوردی. بۆ نموونە، لە هەندێ نووسیندا سایتەیشن وەک نیشانەکردن ناوی لێبراوە کە دیارە ئەمە وەرگێڕانێکی دروست نییە و لە ناواخنی زاراوەکە دوورمان دەخاتەوە.

**توێژینەوە بە کوردی: لە کتێب و گۆڤارەوە بۆ بنکەدراوەی دیجیتاڵ**

بێجگە لە یەک دوو نموونەی سنووردار، بەداخەوە تا ئەم ساتە هیچ هەنگاوێکی کرداری لە هیچ شوێنێک، لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، لە لایەن هیچ دەزگا و ناوەندێکەوە بۆ نوانەسازیی توێژینەوە بە کوردی هەڵنەگیراوە. هەندێ هەوڵی هاوتەریب لێرە و لەوێ سەبارەت بەم پرسە دەدرێت؛ بەڵام ئەو هەنگاوانە -کە کاریگەر و سوودبەخشیشن - دەچنە خانەی ئەرشیڤسازی و کتێبخانەی ئەلکترۆنیکەوە کە جیاوازن لەوەی مەبەستمانە وەک کارەکانی بنکەی ژین لە سلێمانی، ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، ناوەندی ڤەژین لە مەریوان، توێژینگەی کوردستانناسیی زانکۆی کوردستان لە سنە. هەروەهاش لە لایەن هەندێک زانکۆوە وەک زانکۆی سلێمانی، زانکۆی سۆران و زانکۆی پولیتەکنیکی سلێمانی، هەندێک ناوەند و ئەنستیتۆی تایبەت بە بەڵگەنامە و بە دیجیتاڵکردنی بەرهەمەکان، دامەزراون کە ئەوانیش کاری گرنگ و کاریگەرن و جێگای دەستخۆشین، بەڵام ئەمانەش دیسان جیاوازن لەوەی مەبەستمانە.

زاڵبوونی گوتاری ڕۆشنبیری، بە هەموو جۆرە جیاوازەکانییەوە، بەسەر گوتاری ئەکادێمیکدا لە جڤاتە کوردییەکاندا لەبەر هۆکاری ئاشکرا، یەکێکە لەو هۆیانەی کە بابەتی بەرباسمان هێشتا نەکەوتۆتە ڕۆژەڤەوە. بەم دواییانەش کەشی مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هێندەی تر وزە و کاتی بەکاربەرانی زەوت کردووە. بێجگە لەمانە، نووسەر خەریکی نووسین و شاعیر خەریکی داهێنانی شاعیرانە و شانۆکار خەریکی شانۆگەری و ڕۆژنامەنووس خەریکی ڕۆژنامەڤانی و ڕاگەیاندنکار خەریکی کاروباری ڕاگەیاندن و وەرگێڕ خەریکی وەرگێڕانن. ئەمەش

یەکێکە لەو هۆکارانەی تا ئێستا هیچ ڕۆشنبیرێک، بە نووسین، یان لە کۆڕ و کۆبوونەوە و وتووێژێکدا، ئاماژەی بەو خاڵەی لێرە مەبەستمانە، نەکردووە. لە گوتاری پەروەردەییشدا مامۆستای قوتابخانە و زانکۆ خەریکی فێرکاری و وانەوتنەوەن. تێکڕاش، هەر هەموویان، سەرومڕ پێکەوە، زۆریان حەز لەم قسە و باسانە نییە، مەگەر ئەوەی خەریکی توێژینەوەی زانستی بن بە کوردی، ئەمەش دیاردەیەکی دەگمەنە لە ئەندامانی ئەو توێژانەدا. خاڵێکی دیکەی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ڕوانگەی هەڵەی باوەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان هیچ پێوەندییەکیان بەم باسەی ئێمەوە نییە. نووسەری کورد پێی وایە و ئەوەشی بۆ گرنگە بیروباوەڕ و بەرهەمی خۆی لە تۆڕەکاندا بڵاو بکاتەوە و لایک و کۆمێنت و کاردانەوەی دەست بکەوێت. ئەم دیاردەیە کە وەک دیاریی سەردەم و نیشانەی گەشەی دونیای ئەلکترۆنیک ناوی لێ‌دەبرێ، نەک هەر پێوەندیی بە باسەکەی ئێمەوە نییە، بەڵکوو بۆتە ئاستەنگیش لە هەمبەر گەشەی توێژینەوەی کوردیدا. گرنگایەتیی دامەزراندنی ژێرخانێک بۆ توێژینەوەی کوردی لە ڕواڵەتی زانۆکەدان و بنکەدراوەدا (Database) لە کتێبخانە و ئەنستیتۆ و زانکۆکاندا و بۆ توێژەرانی سەربەخۆش (واتە، ئەوانەی دەرەوەی ئەو ناوەندانە) پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

ئێران لە چارەکەسەدەی ڕابردوودا بە بایەخی زۆرەوە ڕوانیویەتە دانانی ژێرخانی لەو چەشنە بۆ کتێبخانەی فارسی. تورکیاش هەمان کاری بۆ زمانی تورکی کردووە. ئێران و تورکیا دەیان کتێبخانەی ئەلکترۆنیک و دەزگای تایبەتییان بۆ نوانەسازی و ئاماژەپێویی نووسینی فارسی و تورکی داناوە. دوو زمانی تورکی و فارسی لە ڕواڵەتی وتار و

توێژینەوەی زانستیی ناو ژورناڵەکاندا ئامادەبوونی بەرچاویان لە نوانە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، ئەمەش تا ئەو ئاستەی کە لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیادا ڕکابەرن، بەڵام ئەوان جگە لە فارسی و تورکی، کاری لەو چەشنەیان بۆ کوردی و زمانەکانی تری نێوخۆی ئەو وڵاتانە نەکردووە و ناشیکەن. دانانی ناوەندێک بۆ نوانەسازیی نڤیساری توێژەرانەی کوردی، بەتایبەت بۆ وتاری گۆڤار و ژورناڵە کوردییەکان بە مەبەستی نوانەکردن و ئاماژەپێویی ئەو توێژینەوانەی بە کوردی نووسراون کاری تاکەکەس نییە و تەنانەت کاری بەکۆمەڵی ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆش نییە. دامەزراندنی ناوەندێکی لەو چەشنە خزمەتە بە خوێندکاران، ڕۆشنبیران، مامۆستایانی زانکۆ و توێژەرانی کورد؛ لە لایەکی تریشەوە، خزمەتە بە زمانی کوردی و هەوڵێکی جیدییە بۆ خەملاندنی وەک زمانی زانست. لە وەها ساتەوەختێکدایە کە دەکارین بێژین کوردی مخابن زمانێکی بێخاوەنە.

کۆمەڵێک هاوکاری دڵسۆزی ئێمە لە زانکۆی کوردستان لە سنە دەیانهەوێت ڕچەکە بشکێنن. ئەوان دەیانهەوێت لە هەنگاوی یەکەمدا ماڵپەڕێک بۆ گۆڤارە زانستییە کوردییەکان دروست بکەن، واتە ئەو گۆڤارە زانکۆییە دانپێدانراوانەی بە کوردی بڵاودەبنەوە. من ناونیشانی زیاتر لە ٤٥ ژورناڵم پێداون کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بڵاودەبنەوە. هەوڵەکە پیرۆزە، بەڵام ناتوانێت گشتگیر بێت، لەبەر ئەوەی مەبەستییانە تەنیا گۆڤارە زانستییەکان نوانە بکەن. کوردیش گەرچی لە ژمارەی گۆڤاردا دەوڵەمەندە، بەڵام لە گۆڤاری زانستیدا هەژارە. من یارمەتیی ئەو هەڤاڵانەم داوە و بەردەوامیش دەبم لەو کارە و گەشبینم بە کارەکە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە سنوورداریشە.

دانانی ژێرخانێکی لەو چەشنە ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. لە پێکهاتەی حکوومەتیشدا ئەرکی سێ وەزارەتە: خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕۆشنبیری و لاوان، پەروەردە. دەشکرێت وەک ئەرکی کۆمەڵێک دەزگای دیکە دیاری بکرێت. دەکرێت ئەکادیمیای کوردی، یان زانکۆیەک وەک بەرپرسی جێبەجێکاری ئەو پرۆژەیە دەستنیشان بکرێت؛ بەڵام هێشتا مەکۆیەکی گشتگیری ئەلکترۆنیکی بۆ نامەکانی ماستێر و دکتۆرا لە هەرێم دانەنراوە. یان، وەزارەتی پەروەردە خاوەنی تەنانەت یەک ژورناڵیش نییە. دەزگای ئەکادیمیای کوردیش لە ڕەوت و میکانیزمی بڵاوکردنەوەیدا گۆڕانکاریی نەکردووە.

سەرەڕای بایەخی زۆری ئەم پرسە، چ بۆ کاروباری پێوەندیدار بە توێژینەوەوە لە هەموو ئاستەکاندا و چ بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی وەک لایەنی بەهێزی ناسنامەی ئێمە، ئەستەمە ئەم هەنگاوە گەورە نیشتمانییە بە خێرایی لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە هەڵبگیردرێت چونکە بێگومان پێویستی بە کاتە و بەشێکی زۆری کارەکەش لایەنی تەکنیکیی پرۆژەکەیە کە خۆی لە دونیای دیجیتاڵدا دەبینێتەوە. هیوادارم ئاوڕێکی جیدی لەم پرسە هەرە گرنگە بدرێتەوە. دەکرێت پرۆژەکە بە قۆناغ جێبەجێ بکرێت؛ بو نموونە، سەرەتا گۆڤارە زانستییەکان و پاشان گۆڤارەکان و دواتر نامەکانی ماستێر و دکتۆرا. لە هەنگاوێکی تردا و لە ئاستی بەرزتردا ئەمجارەیان دەست بکرێت بە پیشاندان و تۆمارکردنی ئاماژەمەندیی

توێژینەوەکان (ئاماژەپێوی) بە مەبەستی خستنەڕووی دەوری توێژینەوەکان لە پێشکەوتنی زانستیی ئەو بوارەدا. تەنیا لەم ڕێگەیەوەیە بڵاوکراوەیەکی کوردی دەبێتە خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری و ژمارە و پێنوێنەکانی دیکە و ئەمەش، واتە دەرکەوتنی پێگەی زمانی کوردی لە بەرهەمهێنانی زانستدا.

## توێژی خوێندەواری کورد و زاراوەی ئەکادێمیک

گەرچی بەم دواییانە جۆرە هۆشیارییەکی باش سەبارەت بە گرنگیدان بە توێژینەوەی زانستی هاتۆتە ئاراوە و کۆمەڵێک هەوڵی باشیش لەم پێناوەدا دراوە؛ بەڵام لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا زمانی کوردی لە توێژینەوەی زانستیدا تا ڕادەیەکی زۆر کەوتۆتە پەراوێزەوە. هەرچەندە هەندێک هەنگاوی باش بۆ ئاشنابوونی توێژەرانی کورد لەگەڵ مەرج و تایبەتمەندی و ڕێوشوێنەکانی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە دونیای ئەوڕۆدا هەڵگیراون، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کەمتر باسی توێژینەوەی زانستی بە کوردی دەکرێت. لە ئێران و تورکیا بایەخێکی زۆریان داوەتە توێژینەوە بە فارسی و بە تورکی؛ ئەمەش تا ئەو ئاستەی لە ئێراندا نووسینی ئەکادێمیک بە فارسی وەک ڤیتۆ وایە بۆ هەر جۆرە بەرزبوونەوەیەکی نازناوی زانستیی مامۆستای زانکۆ لە هەموو بەشەکاندا. لە لایەکی تریشەوە، جێگای داخە کە زۆربەی توێژەرانی کورد و تەنانەت کوردیی‌نووسەکانیش بە شێوەیەکی فرەپات وشە و زاراوەی پێوەندیدار بە توێژینەوەوە بە ئینگلیزی دەردەبڕن، لە کاتێکدا ئەو وشانە لە کوردیدا هاوواتا و بەرامبەریان هەیە. لە باشووردا زۆربەی ئەو زاراوانە هەر بە ئینگلیزی گۆدەکرێن و لە ڕۆژهەڵاتیشدا فارسی بە زەقی دزەی کردۆتەوە نێو شێوەزارە کوردییەکانەوە. زانایانی کورد مخابن زۆربەیان کوردیی‌نووس

نین. زۆربەی توێژەرانی کورد نەک هەر توێژینەوە بە کوردی بڵاوناکەنەوە، بەڵکوو تەنانەت لەوانەشە نەزانن بە کوردی بنووسن. زۆربەی ئەوانەش ناویان بە ڕۆشنبیر دەرچووە، خاوەنی تەنانەت یەک توێژینەوەش بە کوردی نین، یان هەر زمانێکی تر کە لە ژورناڵێکی دانپێدانراودا بڵاوبووبێتەوە. مامۆستای زانکۆ و توێژی خوێندەوار پێویستە بە هۆشیارییەوە وشە و زاراوەکان بەکار ببەن. هەندێک لەو پەیڤانەی بە لێشاو لەم جۆرە بەستێنەدا بەکارئەهێنرێن، بریتین لە:

وتارێکم پەبلیش کرد (وتارێکم بڵاو کردەوە)

ئەتێندی سمینارەکە بووم (ئامادەی سمینارەکە بووم؛ لە سمینارەکەدا بەشداریم کرد)

جێرناڵ، ژورناڵ (گۆڤاری زانستی؛ گۆڤاری ئەکادێمیک)

کاڵچێر، کولتوور (فەرهەنگ؛ چاند)

پەیپێر، ئارتیکڵ (وتار؛ وتاری توێژینەوەیی)

ڕیسێرچ (توێژینەوە)

ئیمپاکت فاکتۆر (هاوکۆلکەی کاریگەری)

پلەیجێریزم (دزیی ئەدەبی، دزیی زانستی)

لیترێچر ڕیڤیۆ (پاشخانی لێکۆڵینەوە؛ پێشینەی توێژینەوە)

ئەبسترەکت (پوختە)

ئیندێکس (نوانە؛ پێنوین)

سابمیشن (ناردن، هەناردن، ڕەوانەکردن)

ڕیجێکت (ڕەتکردنەوە)

بیزنس (بازرگانی)

وۆرکشاپ (کارگا)

ئەم شێوازە تازەیەی قسەکردن بە کوردی هەر تەنیا لە گوتاری ئەکادێمیکدا تەشەنەی نەکردووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتیتر چین و تۆژە کۆمەڵایەتییەکانیشی گرتۆتەوە. ئەورۆکە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و چاپەمەنییە گشتییەکان تەژین لەو وشە و زاراوانەی بە کوردی نین و ئەم دیاردەیە تەنانەت تابلۆی سەر دووکان و باڵەخانەکانیشی گرتووەتەوە. کۆی ئەم وشە و زاراوە نوێیانە، کە هیچکامیان کوردی نین، ڕۆژانە دووپات دەبنەوە و بەرهەم ئەهێنرێنەوە. ئەمانە لە ڕەوتێکی درێژخایەندا دەبن بە بەشێک لە ناسنامەی سوژەی ئاخێوەر و ڕەگ لە ناهۆشیاریی کەسەکەدا دادەکوتن. من لایەنگری پەتیگەریی تۆخ نیم؛ بەڵام زۆربەی ئەو زاراوانە لە کوردیدا هاوواتایان هەیە، یان بەرامبەریان بۆ دانراوە. بەکارهێنانی وشەی بیانی لە هەموو زمانێکدا ئاساییە، بەڵام نەک بەو ڕێژەیە و لەو ئاستەدا.

## نەبوونی گۆڤاری ئەکادمێک لە بوارە جیاوازەکاندا

تا ئێرە باسمان لەسەر پێویستیی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ئەکادێمیک بە زمانی کوردی کرد؛ بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە نابێ سەرنج بدەینە نووسینی ئەکادێمیک بە زمانی ئینگلیزی. بە پێچەوانەوە، بە مەبەستی چوونە ناو ڕەوتی جیهانیی بەرهەمهێنانی زانستییەوە، کورد هاوکات پێویستی بە بەرهەمهێنانی نووسینی ئەکادێمیکە بە ئینگلیزی. لەم دەڤەرەشدا ئامارەکان دیسانەوە هەژێنەرن، نەک هەر لە بواری زانستە بنەڕەتی و سروشتییەکاندا کە پسپۆڕانە و نێودەوڵەتین، بەڵکوو تەنانەت لەسەر زمان و ئەدەب و هونەر، کە ناسنامەی نەتەوەییمانن، ئێمەی کورد بێجگە لە هەندێک نموونەی دەگمەن، خاوەنی گۆڤاری ئەکادێمیکی ئاستبەرز نین کە بە ئینگلیزی بڵاوببێتەوە. بەشێکی زۆری کتێبە ئینگلیزییەکانیش هەر لەم بوارەدا لە لایەن توێژەرانی نەتەوەکانی ترەوە دەنووسرێن.

گەر تیشک بخەینە سەر کار و هەنگاوی نەتەوەکانی دراوسێمان و وەک نموونە باسیان بکەین، تێدەگەین ئەوانیش گەرچی لەم ڕووەوە لە کورد پێشکەوتووترن؛ بەڵام دیسانەوە ژمارەی هەوڵەکانیان زۆر کەمە. سەبارەت بە زمان و ئەدەبی فارسی، گەرچی لە ناوخۆی ئێران تەنانەت یەک گۆڤاری زانستیی دانپێدانراو بە زمانی ئینگلیزی بڵاونابێتەوە؛ بەڵام لە دەرەوەی ئێران دوو سێ گۆڤاری ئاستبەرز بە ئینگلیزی لەسەر ئەدەبی فارسی بڵاودەبنەوە. ئێمەی کورد، دیسانەوە لێرەشدا، کورتمان هێنا. نەک لە ناوخۆ و نەک لە دەرەوەش گۆڤاری لەو چەشنەمان نەبووە و نییە. بە ڕاستی جێگای سەرسووڕمانە کە لە سەراسەری دونیا تەنانەت یەک گۆڤار بە زمانی ئینگلیزی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی بڵاونەکراوەتەوە و بڵاویش نابێتەوە. بڵاونەبوونەوەی گۆڤاری لەو چەشنە، بەر لەوەی پەیوەست بێت بە نەبوونی پاڵپشتیی داراییەوە، دەرئەنجامی هەژاریی زانستی و لاوازیی خوێندەوارییە و دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئێمەی کورد، چ وەک تاک و چ وەک دەسەڵات، هێشتاکانێ هیچ جۆرە پلانێکی دیژخایەنمان بۆ گەشەی ئەدەبی و فەرهەنگی نییە. ئێمە زیاتر بە شان و باڵی خۆماندا وتووە، کەچی لە زۆر ڕووەوە لە دواین. ئەو زمان و ئەدەبەی هەردەم شانازییان پێوە دەکەین و وەک یەکێک لە دەرکەوتە و نیشانە سەرەکییەکانی شوناس و چاندی نەتەوەیی پێناسەیان دەکەین لە گۆڕانکارییەکانی جیهانی هاوسەردەمدا بێناز و تەریک کەوتوونە، چونکە تەنانەت نەمانتوانیوە لە یەک ژورناڵی ئینگلیزیدا بە دونیایان بناسێنین. نەتەوەیەکین بە ژمارە سەرووی ٤٥ میلیۆن کەسین، کەچی نەک لە ڕابردوودا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەمانتوانیوە تەنیا یەکێک لەو ئەرکانەی سەرەوە جێبەجێ بکەین. نەک توێژینەوە بە کوردی، بەڵکوو

خودی خوێندن بە کوردی مێژوویەکی دوور و درێژی نییە. هەر ئێستاش دوو پارچەی کوردستان (باکوور و ڕۆژهەڵات) لە خوێندنی کوردی بێبەشن و لەو دوو پارچەکەی تریشدا کەمتر لە خوێندنی باڵادا بە کوردی خوێندراوە. لە باشووردا گەرچی کوردی لە قۆناغی پەروەردەدا دەخوێندرێت؛ بەڵام لە زانکۆدا زۆربەی سەرچاوەکان بە زمانێکی ترن. هەرچەندە هەوڵی باش بۆ دابینکردنی سەرچاوەی زانستی بۆ بەشەکان بە کوردی دراوە؛ بەڵام هەوڵەکان ژمارەیان زۆر نییە و هێشتا نەیانتوانیوە بەشێکی بۆشاییەکەش پڕ بکەنەوە. لە ڕۆژئاواشدا بە حوکمی ئەوەی ئەزموونەکەی تازەیە کەمایەسییەکان لەم ڕووەوە زۆرن.

گەر سووکە ئاوڕێک لە ڕەوتی دامەزران و گەشەی بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا بدەینەوە، تێدەگەین ئەم لقە زانکۆییە لە ئێراندا زۆر درەنگتر لە وڵاتانی تر کراوەتەوە. یەکەم بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە ساڵی ١٩٥٩ی زاییندا لە زانکۆی بەغداد دامەزرا و لە هەمان ساڵدا بەشی کوردۆلۆژی لە ئاکادیمیی زانستە ڕۆژهەڵاتییەکانی سەینت پیتێرزبورگ کرایەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا بەشە کوردییە جیاجیاکان لە ڕووی ژمارە و ئاستەوە بەردەوام لە پەرەسەندندا بوونە، بە شێوەیەک کە نەک هەر لە زانکۆکانی تورکیا، عێراق و سووریا، بەڵکوو لە زانکۆکانی وڵاتانی ئەوروپیشدا وەک فەرانسە، بریتانیا، ئاڵمان، ڕووسیا، سوید و پۆلۆنییا و تەنانەت بەم دواییانەش لە هەندێک زانکۆی ئەمریکای باکووریدا، زمان و وێژەی کوردی لە ئاست و قۆناغی جیاجیادا بۆ توێژەران، بەرپرسانی خوێندنی باڵا و پلاندارێژەرانی وانەیی و فەرهەنگی، هەردەم جێگای بایەخ بووە و گرنگایەتیی بەرچاوی هەبووە. کوردی، زمانی سیستەمی پەروەردەیە لە باشووری کوردستانی و وەک بەشی زانکۆییش

زیاتر لە پازدە زانکۆی حکوومی و ئەهلیدا بایەخی پێدەدرێت. لە تورکیا، لە زانکۆکانی وان، ماردین، دیجلە، دێرسیم، مووش و بینگۆل، کوردی لە ئاستی بەکالێریووس، ماستێر و دکتۆریدا دەخوێندرێت. لەم ساڵانەی دواییشدا لە زانکۆکانی قامیشلۆ و کۆبانی ئەم بەشە دامەزراوە و چالاکیی نواندووە.

لە ئێراندا بەشی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٥دا لە زانکۆی کوردستان لە سنە کرایەوە. ئەم هەنگاوە گەرچی زۆر درەنگ هەڵگیرا، بەڵام دەکارێ مزگێنیبەخشی ئەنجامدانی کۆمەڵێک توێژینەوەی ڕەسەن و جیدی لەم ئاقارەدا بێت. دامەزراندنی «ناوەندی توێژینەوەکانی کوردستانناسی» لە ساڵی ٢٠٠٠دا، کە ئاستیی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە لە ٢٠١٦دا بۆ «توێژینگەی کوردستانناسی» بەرزکرایەوە، دەتوانێت پەرەپێدەری کۆمەڵێک هەوڵی بنەڕەتی لە دەڤەری بەرهەمهێنانی نووسینی ئەکادێمیک بە کوردی بێت؛ بەڵام ئەم ئەرکە بە یەک زانکۆ ڕاناپەڕێت و هیوادارم زانکۆکانی تری ئێران و بەتایبەت زانکۆکانی کوردستان بەش و توێژینگەی هاوچەشن بکەنەوە. بە سەرنجدان بەو نموونانەی سەرەوە تێدەگەین کە خوێندن بە کوردی لە زانکۆکانی کوردستان هێشتا کەموکووڕیی زۆری هەیە، چ جای ئەوەی باسی توێژینەوەی بە کوردی بکرێت، بۆیە کورد نەیتوانیوە لە ئاستێکی بەرز و بەرفراواندا خاوەنی گۆڤاری ئەکادێمیک لە بوارە جیاوازەکاندا بێت. بەشی زۆری گۆڤارەکانی زانکۆکانی هەرێم لە توێژینەوەی زمان و ئەدەب، یان زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتووە و کەمتر دەبینین توێژینەوەیەک بە کوردی لە بواری زانستە بنەڕەتی و پزیشکییەکان، یان ئەندازیاری و کشتوکاڵ بە کوردی بڵاوبکرێتەوە، تەنانەت لەم حاڵەتەشدا گۆڤارەکان نەیاتنوانیوە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان بەجێبهێنن.

# بەشی سێیەم: زمانەکانی تر و پرسی نوانەسازی

## بنکەدراوەی نێودەوڵەتی بۆ نوانەسازی

زۆرترین بنکەی دیجیتاڵی زانیاری لە دونیای ئەورۆدا بە زمانی ئینگلیزییە. لەم بەشەدا هەوڵمداوە ناونیشانی سێ بنکەی نێودەوڵەتیی زانیاری بخەمە بەرچاو کە دەوری ژێدەر و مەڵبەندی ئەلکترۆنیک بۆ نووسراوەی زانستی دەگێڕن. ئەم بنکانە لە قۆناغ و ئاستێکی تردا دەبنە مەکۆ بۆ ناوەندەکانی نوانەسازی. بە میلیۆنان نووسینی ئەکادێمیک لە ڕواڵەتی وتار و کتێبدا سەبارەت بە بابەت و لقە زانستییە جیاجیاکان لەو بنکەگەلەدا بە باشترین شێوە و بە ڕێکوپێکی دانراون، واتە سەرلەبەر پۆلێنکراون و زانیاریی هەمەچەشنە و ورد لەسەریان دانراوە. تکایە سەرنجی ئەو خاڵە گرنگە بدەن کە ئەمانە ناوەندی ئاماژەکاری و متمانەپێوی نین و هەر تەنیا بنکەی زانیاری و دەیتابەیسن. بە واتایەکی تر، ئەمانە تەنیا بەڵگە و نووسراوەی زانستییان لەخۆگرتووە و ئەرکی ئاماژەکاری و ئاماژەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیک بەڕێوە نابەن.

(بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ٤: بنکەدراوەی نێودەوڵەتی بۆ نوانەسازی)

## پێگەکانی بڵاوکردنەوەی سەرچاوەی ئەکادێمیک

### ئێلزێڤیێر (Elsevier)

ئێلزێڤیەر یەکێکە لە گەورەترین پێگەکانی بلاوکردنەوەی سەرچاوەی دیجیتاڵ لە بوارە جیاجیا زانستییەکاندا و تایبەتە بەو نووسینانەی بەر لە چاپ بە شێوەی هاوتا هەڵسەنگاندنیان بۆکراوە. نووسینگەی سەرەکیی ئەم بڵاوکەرەوەیە لە هۆڵەنددایە و زیاتر لە ٥٠٠٠ بڵاوکەرەوەی نێودەوڵەتی تێیدا بەرهەمیان نوانەکراوە. لە ئێلزێڤیێردا زیاتر لە ٦٣٠٠٠ ناونیشانی زنجیرە کتێب و ٢٣٧٠٠٠ ناونیشانی کتێبی تاک دانراون. ئەم پێگە گەورەیە خاوەنی سکۆپوس و سایێنس دایرێکت-ە کە لە بەشی پێشوودا ناساندم.

### شپیرنگێر (Springer)

ئەم پێگەیە دوای ئێلزێڤیەر گەورەترین پێگەی زانستیی جیهانە. نووسینگەی ناوەندیی شپرینگێر لە ئاڵمانیایە. ئەم ناوەندە هەزاران گۆڤار و کتێبی لەخۆگرتووە.

### ویلی (Wiley)

نووسینگەی سەرەکیی ویلی لە ویلایەتی نیوجێرسی-ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. لە ساڵی ٢٠١٠ بەملاوە ناوەندێکی گەورەی بۆ گۆڤارە ئەکادێمیکەکان بە ناوی Online Library دامەزراند کە تێیدا ١٥٠٠ ناونیشانی گۆڤاری زانستیی نوانەکردووە. هەروەها دەیان هەزار کتێبی وەک سەرچاوەی ئەلکترۆنیک بە شێوەی ئانلاین پێشکەشی بەردەنگەکانی کردووە. ویلی زیاتر سەرچاوەی لقەکانی زانستە پزیشکی و ئەندازیارییەکانی لەخۆگرتووە.

### کابی (Cabi)

نووسینگەی سەرەکیی کابی لە ئۆکسفۆردی ئینگلیزە. ئەم پێگەیە گەورەرتین ناوەندی جێیمتمانەی جیهانە لە بواری زانستەکانی کشتوکاڵ، ئابووریی کشتوکاڵ، زانستی ئاژەڵان، بایۆتەکنۆلۆژیا و تەندروستی. بە سەدان هەزار وتاری ئەکادیمیک لەم بوارانەدا لە کابی دەستدەکەون. هەروەها لە ڕێگەی کابی-یەوە دەتوانرێت دەست بە دەیان میلیۆن پوختەی وتاری زانستی لەو بوارانەی سەرەوە ڕابگات.

### ئیبسکۆ (Ebsco)

ئەم پێگەیە لە لایەکەوە لە ڕووی بابەتەوە فرەچەشنە و لە لایەکی تریشەوە وەک چۆنیەتی لە ڕووی ناوەرۆکی بەرهەمە دانراوەکانەوە لە ئاستێکی بەرزدایە. ئیبسکۆ گرێبەستی لەگەڵ زۆربەی کتێبخانە و زانکۆ گەورەکانی جیهاند واژۆکردووە و ئەو دەرفەتەی بۆ توێژەران ڕەخساندووە بە هاسانی دەستیان بە سەرچاوەکان ڕابگات.

### ئەیسیئێس (ACS)

ئەیسیئێس کورتکراوەی کۆمەڵەی کیمیای ئەمریکایە و یەکێکە لە بڕواپێکراوترین کۆمەڵە زانستییەکان لە بواری کیمیادا. سەدان هەزار توێژەری جیهان لەم کۆمەڵەیەدا ئەندامن و سەدان چالاکیی زانستی وەک گۆڤار و کۆنفرانسی پسپۆڕانە بەڕێوەدەبەن.

### ئایتریپڵئی (IEEE)

ئەم دامەزراوەیە ساڵی ١٨٨٤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزرا. ئایتریپڵئی کورتکراوەی دامەزراوەی ئەندازیارانی کارەبا و ئەلکترۆنیکە

و خاوەنی خزمەتگوزارییەکی سەرهێڵە بە ناوی "Xplore" کە تێیدا سەدان گۆڤاری ئەکادێمیک لە بوارەکانی کارەبا، ئەلکترۆنیک و کۆمپیوتێردا نوانەکراون. هەروەها وتارەکانی زیاتر لە دوو هەزار کۆنفرانسی نێونەتەوەییی نوانەکردووە.

## هاوکۆلکەی ئاماژەمەندی بۆ نووسینی ئەکادێمیک

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕووی ژمارەی وتارەوە خاوەنی پلەی یەکەمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. وەک لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە، ژمارەی وتاری بڵاوکراوی ئەمریکا لە ئاستێکی زەمەنیی دیاریکراودا (٢٠١٨) زیاتر لە دوازدە میلیۆن بووە، کەچی لە هەمان کاتدا توێژەرانی چینی بە ناسنامەی چینیەوە شەش میلیۆن وتاریان بلاوکردۆتەوە و توێژەران بە ناسنامەی بریتانییەوە ٣.٥ میلیۆن وتار. هەر لە هەمان ماوەدا ئێران ٥٣ هەزار وتاری بڵاوکردۆتەوە؛ بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە کاتێکدا هاوکۆلکەی ئاماژەمەندی، واتە ڕێژەی ئاماژەکان بۆ یەک دەق، بۆ یەک وتاری ئەمریکی لە دەوروبەری ٢٥ دایە، بۆ وتارێکی چینی لە دەوروبەری هەشت دایە کە بە بەراورد لەگەڵ ئەو زمانانەی وتاریان لە چین کەمترە، زۆر کەمە. چین، ڕووسیا و ئێران لەم خشتەیەدا کەمترین هاوکۆلکەی ئاماژەمەندییان بەرکەوتووە. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە تەنیا ژمارەی زۆری وتاری بڵاوکراوە گرنگ نییە، بەڵکوو گرنگتر لەوە هاوکۆلکەی ئاماژەمەندییە، واتە ژمارەی ئەو ئاماژانەی لە لایەن دەقەکانی ترەوە بەو وتارە دەدرێت، گرنگترە لە ژمارەی وتارە نوانەکراوەکان. (بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ٥: ڕێژەی ئاماژەکاری بۆ بەرهەمی وڵاتان بەپێی وێبئاڤساییێنس لە ساڵی ٢٠١٨دا)

## گەشەی فارسی و پەنگخواردوویی کوردی

لە خشتەکانی خوارەوەدا کۆمەڵێک زانیاریم سەبارەت بەو ناوەند و پێگە ئەلکترۆنیکانەی لە ئێراندا ئەرکی نوانەسازییان بۆ نووسراوەی زانستی بە زمانی فارسی لە ئەستۆیە، پێشکەشکردووە. دیارە سەرجەم ئەو ماڵپەڕانە لەم بیست ساڵەی دواییدا سازکراون، بە حوکمی ئەوەی لەم ماوەیەدا ئینتێرنێت و کەشی مەجازی پەرەیسەندووە. ئێران لە ژێر سەختترین گەمارۆدایە، کەچی هەوڵەکان بۆ گەشەپێدانی زمانی فارسی ڕانەوەستاون و ناوەندەکانی ئاماژەکاری و متمانەپێوی بۆ وتار و کتێبی فارسی لە جاران چالاکترن.

پێویستە سەرنجی ئەو خاڵە گرنگە بدەین کە ناوی کۆمەڵێک ناوەندی گەورە و سەرەکی بۆ پەرەپێدانی زمانی فارسی لەم خشتانەدا دەرنەبڕاوە، وەک ئەکادێمیای زمان و وێژەی فارسی، ئەکادێمیای هونەر، ئەکادێمیای زانستەکان، ئەکادێمیای زانستە پزیشکییەکان، ناوەندی ئێرانناسی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی فەرهەنگ. بێجگە لەم ناوەندانە، دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت کە لە کۆی دوو هەزار زانکۆی گەورە و بچووک لە ئێراندا، پەنجا دانەیان گەورەن و لەم ڕووەوە چالاکن و هەرکامیان دەیتابەیسی تایبەت بەخۆیان هەیە. هەروەها دەیان ناوەندی بڵاوکردنەوەی گەورە لە ئارادان کە هەرکامیان ماڵپەڕی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە ڕووی نوانەکردنی وتار و کتێب بە زمانی فارسی دەوڵەمەندن. لە لایەکی ترەوە، هەوڵەکان بۆ گەشەپێدانی زمانی کوردی لەم ڕووەوە هێندە بچووک و پچڕپچڕن کە دەکرێت بوترێت یەکسانن بە هیچ. بۆ دابینکردنی سەرچاوەی ئەلکترۆنیک بە کوردی کۆمەڵێک هەوڵی دڵسۆزانە و باش دراون، بەتایبەت کارەکانی ناوەندی ڤەژین لە مەریوان و

هەروەها بنکەی ژین لە سلێمانی، بەڵام بۆ نوانەسازی هیچ هەوڵێکی گشتگیر نەدراوە. سەبارەت بە ئاماژەپێویش تا ئەم ساتە بێجگە لە ناوەندی ئایئێس‌سی هیچ ناوەندێکی تر لە دونیا سایتەیشن بۆ نووسین بە ئەلفبێی عەرەبی هەژمار ناکات. نەبوونی ناوەندێک لە چەشنی نموونەکانی سەرەوە بووەتە هۆی پەنگ‌خواردوویی زمانی کوردی لە دونیای زانستدا. (بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ٦: نوانەسازیی گۆڤارە ئەکادێمیکەکان لە ئێراندا)

## ناوەندی ISC و زمانی کوردی

ناوەندی ئاماژەپێویی زانستەکانی جیهانی ئیسلام (ISC) سێیەمین پێگەی گەورەی نوانەسازی و ئاماژەپێویی دەقی زانستییە لە جیهاندا، دوای وێب‌ئاڤ‌سایێنس و سکۆپوس. ناوەندی ISC گەورەترین نوانەی ڕۆژهەڵاتیشە، بە سێ پارزەمینی ئاسیا و ئەفریقا و ئوستراڵیاوە. گۆڤارە زانستییەکانی ٥٧ وڵاتی ئیسلامی بەپێی کۆمەڵێک پێوەری سفت‌وسۆڵ لەم ناوەندەدا نوانە دەکرێن. گۆڤارەکان بە چوار زمانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەرەنسین و سەرجەم زانیارییە پێوەندیدارەکان بە قۆناغەکانی پێش‌وپاش بڵاوبوونەوەی دەقەکانەوە تۆماردەکرێن. ئەم ناوەندە ژمارەی خوێندنەوەی دەقەکان، ژمارە و چۆنیەتیی ئاماژەپێدانیان و دەوریان لە گەشەپێدانی زانست لەو بوارەدا دەپێوێت. بەو پێیە، ئاست، پۆل، چارەک و کاریگەریی ئەو گۆڤارەی دەقەکەی بڵاوکردۆتەوە، دیاری‌دەکرێت. لە هەزاران گۆڤاری زانستی کە لەم ناوەندەدا هەڵدەسەنگێندرێن، تەنیا نزیکەی چوار هەزار ناونیشانیان بوونەتە خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری (IF). لەم ناوەندەدا دەیان بنکەدراوە، یان زانۆکەدانی گەورە بە مەبەستی

جیاجیا دانراون و تێکڕا سەروکاریان لەگەڵ نوانەسازی، بەڵگەمەندکردن، ئاماژەپێویی و کتێبناسیی دەقی زانستیدایە کە بەگشتی دەچنە خانەی زانستپێوییەوە. ئەم ناوەندە کۆمەڵە وتاری کۆنفرانسەکانیش هەڵدەسەنگێنێت و دواتر نوانەسازی و ئاماژەپێوییان بۆ دەکات، هەڵبەت بە مەرجی ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکان. ئەرکێکی تری ISC بریتییە لە ڕیزبەندیی زانکۆکان و ئەم کارەش بە گوێرەی سیستەمی دیاریکراوی خۆی ئەنجام دەدات. بەداخەوە تا ساتی نووسینی ئەم دێڕانە هیچ دەقێکی کوردی، بە کتێب و گۆڤار و جۆرەکانی تری چاپەمەنییەوە، لە دوو ناوەندی گەورەی نوانەسازیی دونیا، واتە WOS و SCOPUS، لە گۆڕێدا نییە. ئەم ڕەوشە لە ISCیشدا تا ماوەیەک لەمەوبەر هەر بە هەمان شێوە بوو. بەختەوەرانە ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی گۆڤاری *پژوهشنامەی ادبیات کردی* کە وتارەکانی بە دو زمانی کوردی و فارسی بڵاودەکاتەوە، لە لایەن ISCیەوە دانیپێدانرا و وەک یەکەمین گۆڤاری کوردی چووە ڕیزی گۆڤارە نوانەکراوەکانی ISCیەوە. ئەم گۆڤارە لە ساڵی ٢٠٢١دا لە لایەن ئەم ناوەندەوە بوو بە خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری و بەم شێوەیە تاقە گۆڤاری کوردییە کە لە لایەن ئەم ناوەندەوە هاوکۆلکەی کاریگەری بۆ دابینکراوە.

## تورکی، کوردی و گەمەی چارەنووس

زمان و وێژەی تورکی بەهۆی گۆڕانکارییەکانی پاش هێرشی مۆغۆلەوە لە سەدەی سێزدەهەم بەملاوە پەرەی سەند. تورکی بۆ سوڵتانە عوسمانییەکانی بەرەی یەکەم، واتە تا سەدەی شانزدە، بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو؛ بەڵام لە سەدەکانی هەڤدە بۆ نۆزدە گەیشتە ئاستی درەوشانەوە.

تورکی، ئێستا تەنیا زمانی وێژە و هونەر نییە، بەڵکوو زمانێکی گرنگی زانستە. گۆڕانکارییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی تورکیا لە سەد ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەت سیاسەتی زانستی و زمانیی چارەکە سەدەی ڕابردوو هۆکاری گەشەی زیاتری تورکی لە ڕووی بەرهەمهێنانی زانستییەوە بوون. تورکی وەک زمان، ئامادەبوونێکی بەرچاوی نەک هەر لە مەکۆ نێوخۆییەکانی تورکیا، بەڵکوو لە ناوندە نێودەوڵەتییەکانی نوانەسازیشدا هەیە. بەپێی دواهەمین ئاماری ئێلزێڤییێر، تورکی لە ڕووی ژمارەی نووسراوەی زانستی و چۆنیەتیی نوانەکراوێتی و ئاستی ئاماژەکارییەوە لە ڕۆژئاوای پارزەمینی ئاسیا زمانی یەکەمە و لەنێو زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاشدا تەنیا ڕووسی ڕکابەریەتی.

لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، یەکەم قۆناغی پتەوی پێکهاتنی وێژەی زارەکی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی دە بۆ سێزدەی زایینی، بەتایبەت لە دوو نەریتی یاری و ئیزدیدا. گەرچی هەندێک سەرچاوە ئاماژە بۆ بەرفراوانیی ئەدەبی نووسراوی ئەو قۆناغە دەکەن؛ بەڵام ئەوەی بە تەواوی لێمان دیارە بریتییە لە بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیری یاری کە وێدەچێت زۆربەشیان بەشێوەی زارەکی هۆنرابێتنەوە. لە سەدەی چاردەی زاییندا، قۆناغێکی جیاواز ئەمجارەیان لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا دەرکەوت، کە مەلا پەرێشان باشترین نوێنەریەتی. وێژەی گۆرانی لە سەردەمی ئاماژە بۆکراودا گەشەی کرد، ئەمەش واتە دوو سەدە پێش سەرهەڵدانی وێژەی کلاسیکی کوردیی سەروو و چوار سەدە بەر لە سەرهەڵدانی وێژەی نووسراوی کوردیی ناوەندی. لەو قۆناغەدا بناغەی شێوازی گۆرانی داڕێژرا کە دواتر بوو بە یەکەمین زمانی یەکگرتووی ئەدەبی و بۆ ماوەی زیاتر لە پێنجسەد ساڵ لە بەشێکی زۆری

کوردستاندا بۆ نووسین بەکارئەهێنرا. ئەم سامانە دەوڵەمەندە هاوکات لەگەڵ هەرەس‌هێنانی عوسمانی و لەبەر هەندێک هۆکاری تر، پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ڕووی لە داکشان کرد و لە ئەنجامدا کۆتایی پێهات. کوردی، سەرەڕای ئەوەی پاشخان و مێژوویەکی دێرینتری هەیە، بە پێچەوانەی تورکییەوە، لە ڕووی ئامادەبوونی لە مەکۆ زانستییەکانی جیهانی ئەوڕۆدا لە خراپترین دۆخدا دەژیت. لە باری ژمارە و ئاستی سەرچاوەی ئەلکترۆنیکەوە کەم و لاوازە و لە ڕووی نوانەسازیشەوە لە لایەن هیچ ناوەندێکی نێودەوڵەتیی پێوەندیدار بە نووسراوەی زانستییەوە دانی پێدانەنراوە و لە ناوخۆشدا ناوەندێک بۆ ئەو مەبەستە پێکنەهاتووە. ئاخۆ ئەمە دەرئەنجامی کێشەی کوردە؟ یان دەرخەری بێ‌پلانیی سیاسەتوانانی کورد؟ گەلۆ ئاکامی خۆحەزی و بێ‌خەبەریی توێژی ڕووناکبیرە؟ یان تەوسی قەدەر؟

(بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ٧: بنکەدراوە و ناوەندی نوانەسازی لە تورکیا).

### پێشکەوتنێکی گەورە بۆ عەرەبی

عەرەبی زمانی فەرمیی ٢٢ وڵاتە و هاوکات زمانی دایکی دانیشتووانی یازدە وڵاتی دیکەش پێکدەهێنێت. گەرچی لە ڕووی ژمارەی دەقی نوانەکراو و ئاماژەبۆکراو لە سەرجەم داتاکانی سکۆپوس و وێب‌ئاڤ‌سایێنس‌دا لە پاش فارسی و تورکی جێگیر بووبوو؛ بەڵام بەم دواییانە بڕیارێکی گرنگ بۆ ئەم زمانە دەرکرا و بەم شێوەیە لە ڕووی ئامادبوونەوە لە ناوەندە گەورەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێویدا لە هەنگاوێکی گەورەدا بازی بە سەر فارسی و تورکی دا. ویب‌ئاڤ‌سایێنس لە ساڵی ٢٠٢٣دا بنکەدراوەیەکی تایبەتی بۆ گۆڤارە ئەکادێمیکە

عەرەبییەکان بە ناوی ARCI[1] دانا و بەم چەشنە ژورناڵە عەرەبییەکان لە لایەکەوە بۆ بەردەنگی نێودەوڵەتی و توێژەرانی سەرانسەری جیهان بە باشترین شێوە بەردەستن و لە لایەکی تریشەوە دەستکرا بە ئاماژەپێویی بۆ وتارەکانی ئەو گۆڤارانە. ویبئاڤسایێنس بەمەشەوە ڕانەوەستا و دەستیکرد بە بەراوردی ئاماژەکارییەکانی ژورناڵە عەرەبییەکان لەگەڵ ژورناڵە ئینگلیزییەکانی خۆیدا و لەم ڕێگەیەوە نقیساری توێژەرانەی عەرەبی مۆرکێکی نێودەولەتییان وەرگرت و هاتنە نێو کاروانی جیهانیی داهێنانی بیر و زانستەوە. بووجەی ئەم پرۆژەیە لە لایەن دەوڵەتی میسرەوە و بە سەرپەرشتیی بانکی نەتەوەیی میسر دابینکراوە و کلاریڤەیت جێبەجێی دەکات. بنکەدراوەکە کۆی ژورناڵە عەرەبی و ئینگلیزییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ناعەرەبی لەخۆ دەگرێت. ئەم هەنگاوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گرێدانی توێژەرانی وڵاتانی عەرەبییەوە بە تۆڕی نێودەوڵەتیی بەرهەمهێنانی زانستەوە و هەروەها دەوری گرنگ لە پەرەپێدانی گوتاری ئەکادیمیکی وڵاتانی عەرەب دەگێڕێت.

[1] Arabic Citation Index

## بەشی چوارەم: نووسینی ئەکادێمیکی کوردی

### نڤیساری کوردی و کتێبخانەی ئەلکترۆنیک

دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی ئەلکترۆنیک و دیجیتاڵکراو یەکێکە لە پێشمەرجەکانی توێژینەوە لەم سەردەمەدا. لە دونیای ئینگلیزی زماندا بە باشترین شێوە ئەو پێشمەرجە دەستەبەر کراوە و لە هەندێک وڵاتی تریشدا کاری زۆر لەم ڕووەوە کراوە. لە ئێران «مەگیران» و لە تورکیا «دەرگیپارک» دوو نموونەی گشتگیر و بەرچاون بۆ مەکۆی گۆڤار و ژورناڵی فارسی و تورکی و هاوکات هەڵگری زانیاریشن لەسەر چاپەمەنی و توێژەر و ناوەندی بڵاوکردنەوە. خاڵی گرنگ ئەوەیە مەگیران و دەرگیپارک ناوەندی نوانەسازی و متمانەپێوی بۆ نووسینی ئەکادێمیک نین، خاوەنی پلە و پایەی ئاکادێمیکیش نین، بەڵکوو تەنیا مەکۆ و ناوەندی کۆکەرەوەی گۆڤار و ژورناڵ و توێژەرن. لە ئێران و تورکیا کۆمەڵێک دەزگای دیکەی گەورە و فرەلق و باشڕێکخراو لە گۆڕێدان کە ئەرکی ئاماژەکارییان بۆ ژورناڵە ناوخۆیی و بیانییەکان لە ئەستۆدایە. ئەو ناوەندانە (نەک ئەو دوو نموونە ساکارەی بەرباس) لە لایەن دامەزراوە زانستی و فەرهەنگییەکانی ئێران و تورکیاوە بەڕێوەدەچن و ناوەرۆکیشیان بەردەوام بەڕۆژ دەکرێتەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا نەک هەر ناوەندێک بۆ ئاماژەکاری و متمانەپێویی نووسراوەکان لە ئارادا نییە، تەنانەت یەک بەشی هیچ وەزارەتێکی پێوەندیدار بۆ کۆکردنەوەی گۆڤار و ژورناڵەکان و ڕێکخستنیان بە شێوەی دیجیتاڵ و ئەلکترۆنیک لە گۆڕێدا نییە. لێرەدا باس لە هەوڵی خەمخۆرانی زمانی کوردی و بەڕێوەبەرانی ڕەوتی زانستی نییە، بەڵکوو مەبەست ئەو ناوەندانەن کە پێویستە لە وەزارەتی پێوەندیداردا ئامادەبن؛ بەڵام مخابن تا ئێستا دانەمەزراون. ئەمەش بووەتە هۆی قوتبوونەوەی گەورەترین ئاستەنگی بەردەم توێژەری کوردی‌نووس، چونکە تەنانەت یەک مەکۆ و ماڵپەڕی فەرمیی لە لایەن دامەزراوەیەکی بڕواپێکراوەوە دەستناکەوێت بۆ کۆکردنەوەی نووسراوەکان دانرابێت. ئەم خاڵە لاوازە لێکەوتەیەکی نەرێنیشی لێ کەوتووەتەوە و ئەویش ئەوەیە کە بە هۆی بەردەستنەبوونی بەرهەمەکانی ڕابردوو ئەگەری زۆرە هەندێکیان دووبارە ببنەوە. یەکێک لە دەرئەنجامەکانیش ئەوەیە کە هیچ جۆرە بەرەوپێشچوونێک لەو بوارەی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە بە دی نایەت.

ژمارەی ئەو ناوەندانەی لە پێناوی دەستەبەرکردنی کتێبخانەی ئەلکترۆنیک هەنگاویان هەڵگرتووە زۆر کەمن و کارەکانیشیان سەرەڕای باش‌بوون، ناتەواون، چونکە ئەمە کارێکی بەرفراوانە و ئەوانیش بووجە و هێزی کاری مرۆییی پێویستان لەبەر دەستدا نییە. بەشێکیشیان دامەزراوەی حکوومی نین و تەنیا بەهۆی دڵسۆزی و ژیرییەوە ئەو ئەرکەیان بەڕێوە بردووە، وەک ناوەندی ڤەژین لە مەریوان، کتێبخانەی ئەلکترۆنیکی بنکەی ژین لە سلێمانی و کتێبخانەی ئەنستیتۆتی کورد لە پاریس و توێژینگەی کوردستان‌ناسی لە سنە. ناوەند و شوێنی تریش

هەن کە لە پێناوی بەئەلکترۆنیککردنی نووسراوەی کوردیی ناوەڕاستدا هەوڵیان داوە؛ بەڵام لە ئاستێکی بەرفراواندا نین. لێرەدا مەبەستم هەندێک ماڵپەڕی وەک کوردوپێدیا، یان هەندێک دەزگا نییە کە تەنیا بڵاوکراوەکانی خۆیان بە شێوەی سەرهێڵ و لە ڕواڵەتی پیدیئێفدا پێشکەش دەکەن (وەک دەزگاگەلی ئاراس، سەردەم، موکریانی، سپیرێز، ئەکادێمیای کوردی، ئەنستیتۆتی کەلەپووری کوردی و هتد، یان دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی). هەروەها مەبەستم ئەو ماڵپەڕانە نین کە بۆ ماوەیەک چالاک بوون و ژمارەیەک کتێبیان بە شێوەی پیدیئێف لەخۆگرتبوو (وەک پەرتووک و هتد)، مەبەستیشم ئەو ناوەندانە نین خەریکی کۆکردنەوە و وەرێخستنی جەستەی جیاجیای زمانین بە مەبەستی توێژینەوەکانی جۆراوجۆر (وەک ئاسۆسافت). هەروەها مەبەستم فەرهەنگە کوردییەکان نییە. مەبەست ئەو ناوەند و دەزگایانەن کە لە ماڵپەڕەکانیاندا بە شێوەی گشتگیر زۆربەی دەقەکانیان لەخۆگرتووە؛ هەندێکیان دەقەکانیان سەرلەنوێ دارِشتۆتەوە (وەک ناوەندی ڤەژین)، یان تەنیا وێنەیان لێگرتوون، یان فایلی پیدیئێفیان دانراوە (وەک کتێبخانەی ئەلکترۆنیکی بنکەی ژین). ئەگەرچی کارەکانی ئەو ناوەندانە جێگای خۆشحاڵی و دەستخۆشی و پێزانینن؛ بەڵام ئەوان تەنیا خەریکی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی دەقەکان بوونە، کەچی وەک دەزانرێت مەبەستی ئێمە لەم کتێبەدا لە نوانەسازی و ئاماژەکاری و متمانەپێوی بۆ نووسینەکان بابەتێکی ترە. دیارە ئەو کارانەش سەرەتا پێویستیان بە بنکەی زانیارییە و ئەمەش بە ئەلکترۆنیک کردنی سەرچاوەکانەوە دەست پێدەکات. لە کاتێکدا وڵاتان بە دەیان ناوەندی گەورەی لەو چەشنەیان هەیە، ئێمەی کورد هێشتا یەک بنکەی گشتگیری زانیاریمان بۆ نڤیساری کوردی نییە.

## نڤیساری کوردی لە داتا و نوانەکانی ئێران و تورکیا

لەو ناوەندانەی سەبارەت بە پرسی نوانەسازی لە ئێراندا چالاکی دەنوێنن، ژمارەی بلاوکراوەی کوردی، بە کتێب و گۆڤارەوە، زۆر کەمن. ئەمە خالێکی زەق و لاوازە و بۆیەش ڕەخنەیەکی جیدی لەم ڕووەوە بەرۆکی بەرپرسانی کاروبارە ڕۆشنبیری و زانستییەکانی ئێران دەگرێتەوە و هاوکات ڕووبەڕووی توێژی کوردیینووس لە ئێران دەبێتەوە کە هەوڵی نوانەسازیی بەرهەمەکانیان نادەن، یان نەیانتوانیوە مەرج و پێشمەرجی ئەو ناوەندانە بۆ بڵاوکراوەکانیان دەستەبەر بکەن. بەش بە حاڵی خۆم بچووکترین دەرفەتم بۆ ڕەخسابێت باسی لەو چەشنەم هێناوەتە ئاراوە و چەندین جار بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە کۆڕی بەرفراوانیشدا ڕەخنەی ڕادیکاڵم لە سیاسەتی ئێران لە هەمبەر زمانی تری بێجگە لە فارسی گرتووە؛ بەڵام نابێت ئەو ڕاستییەش بشارینەوە کە لە ناوخۆی ئێران توێژەر و قەڵەمبەدەستی کوردیینووس لە لایەکەوە ژمارەیان کەمە و لە لایەکی تریشەوە بە دەستی دەیان کێشەی جیاوازەوە دەناڵێنن و ئەمەش بۆتە لەمپەر بۆ ئەوەی کەمتر هەوڵی ئاراستەکردنی بەرهەمەکانیان بە مەبەستی نوانەسازی بدەن، بۆیەش مێکانیزمی کاری ڕۆشنبیری و زانستی بۆ توێژی کوردیینووس لە زۆربەی کات و نموونەکاندا هەر بە هەمان شێوەی سونەتیی جاران ماوەتەوە.

لە تورکیا، بە پێچەوانەی ڕوانگەی زاڵ، بە بەراورد لەگەڵ ئێران لەم ڕووەوە کاری زۆرتر و باشتر کراوە. ژمارەی بڵاوکراوە کوردییەکان لە تورکیا زۆر زیاترن لەوانەی ئێران و مەودایان لە ڕووی بابەتەوە بەرفراوانتر و ئاستیشیان بەرزترە. ساڵی ٢٠٢٠ کە ساڵی بڵاوبوونەوەی

پەتای کۆڤید ١٩ بوو و زۆربەی چالاکییەکان لە دونیادا کزبوون، لە ئێران تەنیا چوار ڕۆمانی کوردی بڵاوبوویەوە، کەچی هەمان ساڵ لە تورکیا ٥٥ ڕۆمانی کوردی کەوتە بەردەستی خوێنەران. ژمارەی هەر دوو گۆڤاری ئاسایی و گۆڤاری ئەکادێمیک بە زمانی کوردی لە تورکیا زۆر زیاترن لەوانەی ئێران. هەروەها کۆمەڵێک ماڵپەڕی کوردیی چالاک هەن لە تورکیا، کەچی لە ئێران ژمارەی ئەو جۆرە ماڵپەڕانە کەمن. لە چەندین زانکۆی تورکیا بەشی زمان و ئەدەبی کوردی کراوەتەوە و هەر سێ قۆناغی کارناسی، کارناسیی باڵا و دکتۆرایان هەیە، کەچی لە سەرتاسەری ئێران تەنیا یەک زانکۆ ئەو بەشەی هەیە و ئەویش تەنیا لە قۆناغی کارناسیدا. دۆخی نوانەسازی بۆ نووسینی کوردی لە تورکیا گەلێک لەوەی ئێران باشترە. سەبارت بە ئاماژەپێویش دۆخی کوردیی کورمانجی باشترە، چونکە ئەلفبێکەیان لاتینییە. سەبارەت بە هەڵنەگرتنی هیچ جۆرە هەنگاوێک بۆ دابینکردنی دۆخێکی هاوشێوە بۆ زمانی کوردی لە باشووردا، دەبێت بڵێم شەڕی ناوخۆ، دووئیدارەیی، مادەی ٥٨ی جاران و ١٤٠ی ئێستا، هێرشی داعش، ناسەربەخۆیی، بێمووچەیی و کۆرۆنا ڕاستە هۆکاربوون بۆ ڕانەپەڕاندنی ئەو ئەرکە گرنگە نیشتمانییە، بەڵام هۆکارێکی دیکەی سەرەکی بریتییە لەو سوبژێکتیڤیتە زاڵەی کە لەبری ئەوەی مۆدێرن بێت، ئایدیۆلۆجیک و نەریتەوانە. نوێخوازی و نوێبوونەوە بە قات و پێڵاو و بۆینباخ نییە، بە زەین و هزر و ئاکارە. لە وتەیەکی بەناوبانگدا، دەخوێنینەوە «جوولەکەی بەرپرسیار تەنانەت لە کوورەکانی مرۆڤکوژیشدا خەریکی نووسیاری و هەڵەچنییە»؛ ئێمەی کوردی لە کاتی ئاسوودەیی و دەوڵەمەندیشدا ئەو کارەمان نەکرد.

لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، چ نووسەران و چ بەرپرسانی پێوەندیدار بەم باسەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ خۆیان ڕووبەڕووی کێشەکە نەکردووەتەوە. زۆربەیان بە هۆی دووربوون لە ڕەوتی دونیاداگری داهێنانی ڕەسەن، لەبری ئەوەی پەرەسەندنی زمانی کوردییان بە لاوە گرنگ بێت، زیاتر سەرنج دەدەنە سایتەیشنی نووسینە ئینگلیزییەکان. زاڵبوونی شرۆڤەگەلی ڕۆژنامەنووسانە و بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆگەلی هەواڵنێرانە هێندە زۆر بووە کە چیدی داهێنانی ئەکادێمیک ناتوانێ ببێتە گوتاری زاڵ و شوێنگرەوە. کێشە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانن هێندەی تر دۆخەکەیان سەخت کردووەتەوە. بەشێکی زۆری نووسەرانیش تەنیا بەرهەم و نووسینی خۆیانیان بە لاوە گرنگ بووە و بۆیەش نەهاتوونەتە نێو گەمەکەوە، لە کاتێکدا ئەمە پرسێکی گشتی و هەمەکییە و پێوەندیی بە هەمووانەوە هەیە.

ژمارەیەکی زۆر کەمی توێژەرانی کوردی‌نووس ئاگاداری کێشەکەن و بە هەند وەریان‌گرتووە. هەندێ کەسی تر لەبەر زەحمەت و گرانیی ئەرکەکە و سەرقاڵی خۆیان و هاوڕێکانیانن لە فەیسبوک، یان لە کۆڕە تەقلیدییەکاندا بە تەواوی وازیان لێ‌هێناوە. بەگشتی، زۆرزۆر کەمن ژمارەی ئەو نوخبە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی تیشکیان خستبێتە سەر ئەم کێشەیە. هەر کامیان بێت، تازە ئیتر قەوماوە؛ بەڵام تا کار لە کار زیاتر لەمە نەترازاوە، پێویستە هەنگاوێک لەم پێناوەدا هەڵبگیردرێت. هەنگاوەکە دەتوانرێت لە دەستپێکدا بچووک بێت، پاشان بەرەبەرە پەرەبستێنێت. ئەم کارەش بە تاکەکەس ناکرێت و تەنیا ئەرکی دەسەڵاتە و لێرەدا بە دیاری‌کراوی مەبەست وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییە و

دواتر دوو وەزارەتی پەروەردە و فەرهەنگ و لە قۆناغێکی تریشدا زانکۆکان دەگرێتەوە.

پێویست بوو ئەکادێمیای کوردی چەند ساڵ لەمەوبەر بیرێک لەم کێشەیە بکاتەوە. ئەندامانی ئەکادێمیا لەبەر هۆکاری ئاشکرا ئاگاداری ئەم کێشەیە نین، هۆکارەکەش بریتییە لەوەی وەکوو دەزگا لەسەر هەمان ڕچەی سونەتین لە بڵاوکردنەوەدا و وەک تاکەکەسیش هیچ جۆرە بەرهەمێکیان لەو ناوەندانەدا نییە، بۆیەش کەمتر بیریان لەم پرسە کردووەتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنیان نەداوە. ڕۆشنبیرانی دەڤەرەکانی تر و ئاستەکانی تریش ناتوانن ئەو کارە بکەن و لە بنەڕەتیشدا کاری ئەوان نییە. ئەوان لە باشترین حاڵەتدا سەرقاڵی پرۆژەی ئەدەبی و هونەری و زانستین بە شێوەی تاکەکەسی و لە خراپترین حاڵەتدا خەریکی دەرکەوتنن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندان، بەبێ ئەوەی یەک نووسینیان لە ژورناڵێکدا بڵاوکردبێتەوە. ئەمە تەنیا ئەرکی دەسەڵاتێکی کوردیی خاوەن دامەزراوەی زانستییە کە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە زەق و ناشیرینە بدات. بەپێی ئامارەکانی سایمگۆ، کە لایەن سکۆپوس-ەوە دانیپێدانراوە، ڕیزبەندیی چوار وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا لە ماوەی ٢٢ ساڵدا (١٩٩٦-٢٠١٨) لە بواری بەرهەمهێنانی نووسینی زانستییەوە (وتار و کتێب) بەم شێوەیەیە:

تورکیا: ٥٨٨٣٢٦ بابەتی نووسراو، پلەی ٢٠

ئێران: ٥١٤٤٩٦ بابەتی نووسراو، پلەی ٢٢

عێراق: ٢٨٠٩١ بابەتی نووسراو، پلەی ٧٠

سووریا: ٧٣٤٨ بابەتی نووسراو، پلەی ١٠٥

زۆرینەی وتار و کتێبە تۆمارکراوەکانی تورکیا لەو ڕیزبەندییەدا بە دوو زمانی تورکی و ئینگلیزین. ئەوانەی ئێران تاڕادەیەک هەر هەموویان بە فارسی و ئینگلیزی نووسراون. ئەوانەی عێراق و سووریا زیاتر بە عەرەبی و ئینگلیزین. خاڵی جێگای تێڕامان ئەوەیە لە کۆی نووسراوە تۆمارکراوەکانی ئەو چوار وڵاتە کە هەموو بوار و بەشە زانستییەکان دەگرێتەوە و ژمارەشیان ١١٣٨٢٦١ نووسینی ئەکادێمیکە، بە کتێب و زیاتر وتارەوە، تەنانەت یەک دانەشیان بە کوردی نییە.
(بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ٨: پلەی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا بەپێی سایماگۆ لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بۆ ٢٠١٨)

**پاشاگەردانی لە ڕێنووسدا: کۆسپی گەڕان لە دونیای دیجیتاڵدا**

نڤیساری کوردی تا کۆتاییی سەدەی بیستەم بە سێ سیستەمی جیاوازی ئەلفبێ نووسراوە کە بریتین لە لاتینی یان ڕۆمی، عەرەبی یان ئارامی و سیریلیک. ئێستا تەنها دوو ئەلفبێی لاتینی و عەرەبی بەکار ئەهێنرێت. پرسی پێوەندیدار بە مژاری ئەم کتێبەوە ئەوەیە کە هەر کام لەم دوو سیستەمە چەندین ڕێنووسی جیاواز دەگرنەوە. لە ڕێنووسی ئەلفبێی عەرەبیدا کەسلەکەسی دەبیندرێت. لە لاتینیدا دۆخەکە تۆزێک باشترە. ئێمە نەتەوەیەکین ڕێز لە ڕێساکانی ڕێنووسەکەی خۆمان ناگرین. حسێن، حسەین، حوسێن و حوسەین تەنیا نموونەیەکی ساکارە بۆ پیشاندانی دۆخی ئاڵۆزی ڕێنووسی کوردی، بەتایبەت لە ئەلفبێی عەرەبیدا. لە توێژینەوەیەکدا کە لە لایەن د. ئاران ئەمینی-یەوە لە سەمپۆزیۆمی پەخشانی کوردی لە زانکۆی کوردستان لە سنە پێشکەشکرا، دەرکەوت ناوی شارێکی وەک «ئەستەمبۆڵ» تەنیا لە دوو ماڵپەڕی کوردیدا بە

نۆزدە شێوەی جۆراوجۆر پیتچنی کراوە، ئەویش تەنیا لە ئەلفبێی عەرەبیدا. لە دونیای دیجیتاڵ و ئەلکترۆنیکدا بوون و نەبوونی یەک خاڵ و تەنانەت یەک مەودا دەرئەنجامەکان دەگۆڕێت. لێرەوە دەرکەوت بۆمان تەنانەت سپەیس-یش خاوەنی کەسایەتییە و نابێ نادیدە بگیردرێت، تەنانەت دیارترین نووسەران و شاعیران و ڕۆژنامەنووسانی کورد و هەروەها کاناڵەکانی ڕاگەیاندن نەک هەر لە ڕێنووسدا یەکگرتوو نین، بەڵکوو تەنانەت ڕەچاوی ڕێسا سادەکانی ڕێنووسیش ناکەن. هەر ئەو ڕێنووسەی بۆخۆیان بەکاری دەهێنن ڕەچاوی ڕێساکانی ناکەن، تەنانەت ئەکادێمیای کوردی لە هەولێر هەندێ جار ڕەچاوی ئەو ڕێنووسەی بۆخۆی دایناوە ناکات. ئەوەی کە کورد هێشتا لەسەر ڕێنووس کۆک نین، دەرخەری زۆر لایەن و ڕەهەندی زەینییەتی تاکی و کۆیی کوردە. گەر لە ڕووی مەعریفییەوە ئەم پرسە لێکبدەینەوە، چەندین خاڵی هاوشێوە لە نێوان سوبژێکتیڤیتەی کوردی و ڕێنووسی کوردیدا دەبینینەوە. پێشتر هەندێ سەرنجم لەسەر لەناوچوونی تاکایەتی و سەربەخۆیی وشە لە ڕێنووسی کوردیدا، بەهۆی چەشنی سوبژێکتیڤیتەی سوژەی نووسیاری کوردەوە درکاندووە. گەر پاشاگەردانی لە ڕێنووسی کوردیدا و تەنانەت شێوەکانی جیاوازی پیتچنی لە دەقەکاندا بە لایەنی مەعریفی و ناسنامەی سوژەی نووسیارەوە ببەستینەوە، گەلێک دەستکەوتی مەعریفی و دۆزراوەی ترمان بۆ دەردەکەوێت.

ڕێنووسی ستاندارد ڕەهەندێکی گرنگی پێوەندیدارە بە بابەتی ئەم کتێبەی بەردەستەوە. سەرەتا پێویستە لە سەرچاوەی ئەلکترۆنیکدا ڕێنووسی ستاندارد ڕەچاوکرابێت، پاشان توێژەر لە هەر کوێی دونیا و سەر بە هەر نەتەوە و زمان و ئایینێک بێت پێویستە بە ڕێنووسی

ستاندارد گەڕانی خۆی بە ناوی دونیای سەرچاوە ئەلکترۆنیکەکاندا دەست پێبکات. لێرەدایە کێشەکان قوت دەبنەوە. بە واتایەکی تر، بەهۆی ڕەچاونەکردنی ڕێنووسەوە لە سەرچاوەکاندا و تەنانەت بۆ بەکاربەری ئاساییی ئینتێرنێتش دەرئەنجامی گەڕانەکان لاوازن، کەواتە بەر لەوەی لەسەر گرنگیی بوونی سەرچاوەی ئەلکترۆنیک بە کوردی باس بکەین، پێویستە تیشک بخەینە سەر ڕەهەندێکی تری گرنگی باسەکە کە ئەویش ڕەچاوکردنی ڕێنووسی ستاندارە لە خودی سەرچاوەکاندا. لێرەدایە بایەخی ئەو هەنگاوە درەوشاوەیەی ناوەندی ڤەزین دەردەکەوێت لەبەر ئەوەی بە ڕێنووسی ستاندارد سەرجەم سەرچاوەکانیان پیتچنی کردۆتەوە کە زیاتر بەرهەمە ئەدەبییەکانن و ئێستا بە شێوەی ئانلاین بەردەستن. گەر ئەو کارە بۆ نووسینی ئەکادیمیکی کوردیش بکرابایە، بەشێکی زۆری گرفتەکان لەم ڕووەوە چارەسەر دەبوون و نقیساری توێژەرانەشمان خاوەنی مەکۆیەکی ئەلکترۆنیک دەبوونە.

## شێوازی دەقەکان لە نێوان ئاخاوتن و نووسیندا

لە فارسی، ئینگلیزی، عەرەبی و زۆربەی زمانەکاندا سنوورێک لە نێوان زمانی قسەکردن و نووسین لە ئارادایە. بە واتایەکی تر، مەرج نییە ئەوەی وەک قسە دەردەبڕدرێت وەک خۆی بێتە نووسین. عەرەب نەک دەیان، بەڵکوو سەدان شێوەئاخاوتنیان هەیە، کەچی لە نووسیندا هەموویان لێک تێدەگەن. فارسیی سەر جادە و ناو بازاڕ و بنەماڵە جیاوازە لەو فارسییەی لە دەقەکان، چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا دەردەکەوێت. سەبارەت بە ئینگلیزیش، ئەوەی پێی دەوترێت «ئینگلیزیی پێوەر و ئەکادیمیک» نەک هەر لە ئاخاوتنی ئینگلیزی ناچێت، بەڵکوو لە زمانی ئاساییی نووسینی

ئینگلیزیش جیاوازە، بەڵام لە ناو کوردا بەداخەوە هێشتا زۆرن ئەو کەسانەی پێیان وایە نووسین بە کوردی دەبێت دەقاودەق لە ئاخاوتنی کوردی بچێت.

لە نقیساری کوردیدا زۆرن ئەو دەقانەی، لە ڕواڵەتی خودژیان‌نامە، بیرەوەری، کتێبی مێژوویی و تەنانەت گوتاری سیاسی و فیکریشدا، لە ئاخافتنی کوردیی نزیکن، کەچی ئەو جۆرە دەقانە پێویستە، وەک یەکێک لە ڕێساکانی هونەری نووسین، پەیڕەوی لە تایبەتمەندییەکانی زمانی نووسین بکەن، نەک ئاخافتن. نموونەیەکی زەقی فەرزکردنی ئاخاوتن و شێوازی قسەی زارەکی بەسەر زمانی نووسیندا بریتییە لە شێوەی نووسینی ناوی کەسەکان لە نقیساری کوردیدا. لەم حاڵەتەدا چەندین لایەنی ڕوانگە گەورە داهێنەر و گۆرانی و فیکری نووسەرمان بۆ دەردەکەوێت؛ بۆ نموونە، کاتێ لەبری بەختیار سەجادی دەنووسرێت بەختیاری سەجادی، ئەوە دەرخەری فەرزکردنی ئاخاوتن بەسەر نووسیندایە. هەروەتر، «ی»ێی زیادکراو دەربڕی «ناسراو»بوونی کەسەکەیە لە لایەن قسەکەرەوە و ئەمەش تایبەتمەندیی جڤاتێکی سونەتییە کە تێیدا بەهۆی بچووکییەوە هەموو دەناسنەوە. نموونەیەکی تری فەرزکردنی ئاخاوتن بە سەر نووسیندا، شێوەی نووسینی ناوی تایبەت بەو جۆرەی خەڵکی ئاسایی بێژەی‌دەکەن؛ بۆ نموونە، ناوی هونەرمەندی هەرە بەرزی کورد، سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی، لەسەر بەردی گۆڕەکەی بە شێوەی «سەیەسکەر» نووسراوە.

زمانی ئاخاوتن و نووسین، گەرچی بەسەر چەندین لقوپۆپی فرەچەشندا دابەش دەکرێن و دەیان شێوازی جیاجیا دەگرنەوە؛ بەڵام لە یەکەم هەنگاودا وەک دوو شێوازی زمانیی لێک جیاواز، بە مۆرک و

تایبەتمەندیی جیاوازی خۆیانەوە سەیر دەکرێن. زمانی نووسین، کە لێرەدا جیاوازە لە زمانی ئاخاوتن، بۆخۆی بەسەر چەندین شێوازی تردا، چ لە ڕووی بابەتی نووسینەکەوە و چ لە ڕووی ئاستەوە دابەش دەکرێت. لە هەندێ ژانری ئەدەبی و هونەریدا، وەک فیلم، شانۆنامە، کورتە چیرۆک و ڕۆمان و تەنانەت هەندێ جار لە شیعریشدا، زۆر ئاساییە دیالۆگەکان بە تەواوی و دەقاودەق وەک شێوەی ئاخاوتنیان تۆمار بکرێن؛ بەڵام لای ئێمە مخابن هەندێ جار شتەکان بەراوەژوو و پێچەوانە ئەنوێنن. فیلم و ڕۆمانی وا هەن تێیاندا کەسایەتییە ئاساییەکان بە شێوازی بەرزی ئەدەبی و فەلسەفی دەدوێن و وتار و نووسینی زانستیشمان هەن لەسەر شێوازی ئاخاوتن دامەزراون. فەرزکردنی زمانی ئاخاوتن بەسەر زمانی نووسین لە دەقی کوردیدا، بە ئەدەبی و نائەدەبییەوە، ئەو هەڵە زەقەیە بەردەوام لە نووسینی ستاندارد دوورمان دەخاتەوە و وەک کۆسپێک ڕێگری دەکات لە گەشەی نووسینی ئەکادێمیکی کوردی. هۆکارەکانی ئەو فەرزکردنە زۆرن، بارودۆخی جیاوازی زمانی کوردی، شێوازی خوتبەخوێنی و گوتاربێژی لە مزگەوت و بۆنە ئایینیی و فەرهەنگییەکاندا، کەمبوونی ڕێژەی خوێندەواری، باڵادەستیی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆر کە لە بنەڕەتدا سەر بە چینی خوار و خوار مامناوەندییە، گەشەنەکردنی نووسین بە کوردی لە هەندێک بواردا، وەک فەلسەفە و زانست، زۆر هۆکاری تریش. دێریدا لە بۆچوونی ڕەخنەییی هەڵوەشاندنەوەدا جێگای نووسین و ئاخاوتن وەک دوانەی لێکدژ دەگۆڕێت و ئاماژە بۆ زاراوەیەک دەکات بە ناوی «سەر-نووسین» (Arch-Writing) وەک کۆکەرەوەی ئاخاوتە و نووسین. دێریدا بەم شێوەیە ئەو بیرە هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێی وایە نووسین دەکرێت وەک بەشێک لە ئاخاوتن دابنرێت، بۆیەش لەسەر ئەو باوەڕەیە دەکرێت

ئاخاوتن بە بەشێک لە سەر-نووسین دابنێین. دێریدا لە شوێنێکی تری هەمان باسدا دەڵێت: شارستانییەتی ڕۆژئاوا لەبری نووسین زیاتر بایەخی بە قسەکردن و گوتاری زارەکی داوە. ئەو پێی وایە ئاخاوتن سەر بە میتافیزیکی ئامادەبوونە و ئەم گرنگیدانە بە ئاخاوتن لە چاو نووسین زیاتر لە حەقیقەت دووری خستووەتەوە. گەر دێریدا سەبارەت بە مەعریفە و ژیاری ڕۆژئاوای پێشکەوتوو وا بێژێت، گەلۆ ئێمەی کورد سەبارەت بە خۆمان چی بڵێین؟

## سێ پۆل توێژەری کورد

توێژەرانی کوردی بواری جیاجیا زانستییەکان دەکرێن بەپێی ئەو زمانەی پێی دەنووسن بە سەر سێ پۆلی جیاوازدا دابەش بکرێن. ئەم شێوازەی پۆلێنبەندی هەر تەنیا توێژەران ناگرێتەوە و دەکرێت نووسەرانیشی پێ پۆلێنبەندی بکەین. وەک دەزانرێت چەندین نووسەری گەورەی کوردی کوردیی‌نەنووس لە شوێن و قۆناغی مێژوویی جیاجیادا سەریان هەڵداوە کە گەرچی مایەی شانازین بۆ نەتەوەی کورد، بەڵام بەرهەمیان ناچێتە خانەی زمان و ئەدەبی کوردییەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایە نووسینی توێژەرانەی توێژەرانی کورد بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێن؛ یەکەم: ئەو توێژەرە کوردانەی توێژینەوەکانیان بە کوردی نین؛ بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی توێژینەوەی جیدی و ڕەسەنن بە زمانەکانی تر. ئەمانە بۆخۆیان بە سەر دوو پۆلی تردا دابەش‌دەکرێن: ئەوانەی بە ئینگلیزی دەنووسن و ئەوانەی بە زمانەکانی تری بێجگە لە ئینگلیزی دەنووسن. ئەم پۆلە توێژەرە لەو ژورنالانەدا وتار بڵاو دەکەنەوە کە دانپێدانراو و نوانەکراون. ئەوان، بەتایبەت ئەو دەستەیەی بە ئینگلیزی

دەنووسن، بەرهەمیان لە ناوەندەکانی نوانەسازی و ئاماژەکاریدا و لە گووگڵ سکالێر و ماڵپەڕە زۆر و بۆرەکاندا ئامادەن. ئەوان لە کار و پیشەی خۆیاندا سەرکەوتوونە و بەرهەمیان سەرلەبەر بە ئینگلیزی، یان زمانێکی ترە، بەڵام بەرهەمی کوردیمان لێنەبینیون. ئەمانە لە ڕێبازناسیی توێژینەوەدا شارەزان، بەڵام بە توێژەری کوردی کوردیـنەنووس دەناسرێن.

پۆلی دووەم توێژەرانی کوردیـنووسن؛ ئەمانە زیرەک و چالاکن، بەڵام ئەو گۆڤارانەی بابەتیان تێدا بڵاو دەکەنەوە نوانەکراو نین، یان ئەگەر نوانەکراویشن، ئاستی نوانەکەیان بەرز نییە. هەروەها ئەو ناوەندانەی کتێبی ئەم پۆلە بڵاو دەکەنەوە زۆربەیان خاوەنی مەرج و پێشمەرجەکانی دونیای ئەوڕۆی چاپەمەنی نین. ئەم گرووپە لە توێژەران کەمتر بە زمانەکانی تر و بە دەگمەن بە ئینگلیزی دەنووسن، بۆیەش هیچ جۆرە ئامادە بوونێکیان لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی داهێنان و بەرهەمهێنانی بیر و زانستدا نییە. بەرهەمی ئەوان دوورن لە ناوەندەکانی نوانەسازیی توێژینەوەی ئەکادێمیک و بۆخۆشیان لە تۆڕ کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە توێژی توێژەران ئامادە نین؛ بە پێچەوانەوە، خۆیان، یان لایەنگرانیان ئامادەبوونێکی بەرچاویان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە گشتییەکاندا وەک فەیسبوک و هاوشێوەکانی هەیە. گرنگیـنەدان بە مێتۆدۆلۆژی، یان ڕێبازناسیی لێکۆڵینەوە دیارترین خاڵی لاوازی نووسینی زۆربەی ئەو توێژەرانە پێکدەهێنێت. ئەمانە لە باشووری کوردستاندا بە نووسەر ناودەبرێن، کەچی نووسەر لە بنەڕەتدا بە چیرۆکنووس دەوترێت.

پۆلی سێیەم کەمینەن. لە لایەکەوە بە کوردی دەنووسن و لە لایەکی تریشەوە بەرهەمیان لە ناوەندە باوەڕپێکراوە نێودەوڵەتییەکانی

نوانەسازیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت. ئەمانە بەداخەوە ژمارەیان زۆر کەمە. ئەم پۆلە توێژەرە بەهۆی ئاگاداربوونیان لە مۆرک و تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی پێوەر لە ئاستی جیهانیدا، هەوڵدەدەن لە بەرهەمە کوردییەکانیشیاندا ئەو مۆرکانە ڕەچاو بکەن. ئەوان بە توندی ڕووبەڕووی خاڵە لاوازەکانی توێژینەوە بە کوردی دەبنەوە و بە هەستیاریی تەواوەوە مامەڵە لەگەڵ کاری توێژینەوەدا دەکەن و نەک هەر شێواز و ڕێبازناسی، بەڵکوو تەنانەت نیشانەکانی خاڵبەندیشیان بۆ گرنگە.

ئەرکی توێژەرانی ڕۆشنبیری کورد قورسە، دەبێ لە لایەک بۆ پەرەپێدان و بووژانەوەی زمانی کوردی لە ساتەوەختی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پرس و کێشە فیکری و زانستییەکاندا بە کوردی بنووسن و هاوکات لە نووسینی کوردیشدا ڕەچاوی مێتۆدۆلۆژی بکەن؛ لە پاڵ ئەمەشدا دەبێ بە ئینگلیزیش بنووسن بە مەبەستی دەستەبەر کردنی ژوورێکی هەرچەند بچووک لە ناوەندە زانستییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ مژار و پرسە پێوەندیدارەکان بە زمان، وێژە، چاند و مێژووی کوردەوە. پۆلی یەک و دوو، سەرەڕای ئەوەی باشترین و ناودارترین توێژەران و ڕۆشنبیرانی کوردیان تێدا جێگیر بوونە؛ بەڵام بۆ من ناتەواون و کەموکووڕییان هەیە و هەر بۆیەش ناتوانن ببن بە نوێنەکێکی باش. گەرچی توێژەرانی هەر دوو پۆلەکە خاوەنی خاڵی بەهێزی تایبەت بە خۆیانن، بەڵام خاڵە لاوازەکانیشیان بە زەقی دیارن. بە کوردی نەنووسینی پۆلی یەک و ڕەچاو نەکردنی مێتۆدۆلۆژی لە لایەن پۆلی دووەمەوە، هۆکارە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنەی جیدی ببنەوە.

## ئەکادێمیا و ڕۆشنبیری: یەکانگیری یان لێکدابڕان؟

لە کوردستاندا، بە هەموو پارچەکانییەوە و لەبەر هۆکاری جیاجیا، دابڕانێکی زەق لە نێوان دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئەکادێمیکدا لە ئارادایە. ئەم تایبەتمەندییە هەر تەنیا تایبەت بە نەتەوەی کورد نییە و زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی گرتۆتەوە، بەتایبەت لە کۆتایی سەدەی بیستەم بەملاوە کە گوتاری ئەکادێمیک لە ڕووی دامەزراوەییەوە گەشەی کرد، وەک هەموو هەستی پێدەکەن، تا دێ لە ژمارە، ئاست، کاریگەریی پراکتیس و تەنانەت نووسین و گۆڤارەکانی سەر بە گوتاری ڕۆشنبیری بە مانا سونەتییەکەی کەمتر دەبێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە هەر لەناو کورددا ڕووی نەداوە و گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوینیشی گرتووەتەوە. ئێمە کە گەنج بووین و خوێندکار، چەندین گۆڤاری بە نرخ و کاریگەری فارسی بڵاودەبوونەوە کە هیچکام نەمان و جێگەشیان پڕ نەکرایەوە (وەک *ارغنون*، *کیان*، *آدینه*، *کارنامه*، *ادبیات معاصر* و هتد). گەر چاوێک بە گۆڤارە کوردییەکانی ئێستا و ڕابردوودا بخشێنین، هەمان دۆخ دەبینین؛ بۆ نموونە، ئەو جێگە و پێگەیەی گۆڤاری *سروە* و *ئاوێنە* و تەنانەت یەکەم حەوتەنامە کوردییەکان لە ئێرانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا هەیانبوو، ئێستا بە هیچ بڵاوکراوەیەک پڕ ناکرێتەوە. لە باشووریش، هەندێک نموونەی دیار بریتین لە ڕۆژنامەی *هاوکاری* لە حەفتاکان، گۆڤارەکانی *بەیان* و ڕۆشنبیریی نوێ لە هەشتاکان و گۆڤارێکی وەک *ڕەهەند* لە دوای ڕاپەڕین. لە تاراوگەش هەر بە هەمان شێوەیە، وەک چۆن کۆمەڵێک گۆڤاری کوردی لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا بڵاودەبوونەوە و دەور و خوێنەری زۆریان هەبووە، کەچی ئێستا بەو لەونە نییە.

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا نێوانی ناوبراو دەمێکە ڕەنگی کزی لێنیشتووە و هەردوو گوتارەکە دەرکەوتەیەکی هاوبەش و یەکانگیریان هەیە، ئەمەش تا ئەو ئاستەی زۆرجار دەبن بە یەک. گەر لێکدابڕاویش بن، پێناسە و ئەرکیان جیاوازە. لە ڕۆژئاوا، زۆرینەی ڕووناکبیران، بەتایبەت لە شەڕی یەکەمی جیهانی بەملاوە، پێش‌وەخت ئەندامی گوتاری ئەکادێمیکن. بەشێکی زۆری ئەو ڕۆشنبیرە ڕۆژئاواییانەی لە لایەن گوتاری ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەردەوام بە شانازییەوە و وەک نوێنەک باسیان دەکرێت، هەڵگری بڕوانامەی بەرزی خوێندنی ئەکادێمیکن. ڕووناکبیری ئەکادێمیک، یان ئەکادێمیسیەنی ڕووناکبیر، مەنتقی دوانەی هەڵسازراوی ڕووناکبیر/ئەکادێمیسیەن لە کۆمەڵگا نەریتییەکانی هاوسەردەمدا هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەم دووفاقێتییە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، مخابن لای ئێمە هەر لە ئارادایە و تەنانەت ڕۆژ لە داوی ڕۆژیش زیاتر تەشەنە دەکات. هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە ئەو دووفاقێتییە خەریکە لای ئێمە دەبێتە دوانەی لێکدژ. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و نەخاسما لە کوردستاندا، بە پێچەوانەوە، ئەو مەنتقە هێشتا هەر لە گۆڕێدایە و تەشەنەش دەکات، بۆیە پێویستە هەوڵبدرێت دابڕانی دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئەکادێمیک هەردەم ڕوو لە داکشان بکات و دووریی نێوانیان، کە بەهۆی هەر لایەنێکیانەوە هاتۆتە دی، بە مۆرکی لایەنی دی پڕبکرێتەوە. لێرەدا باسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی سیاسی، یان دوو جیهانبینی و دوو ئایدیۆلۆجی نییە، بەڵکوو مەبەست پێکهاتەیەکی هاوتەریب و هەڤگرتووە کە لە ئەگەری نەبوونی یەکێکیاندا ئەویدی ناتوانێت سەربکەوێت.

بەشێکی زۆری ئەو ڕەخنانەی لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە ئاراستەی گوتاری ئەکادیمیک دەکرێن دروستن؛ بەشێکی بەرچاوی ئەو ڕەخنانەش لە لایەن ئەکادیمیسیەکانەوە ڕووبەڕووی ڕۆشنبیران دەکرێنەوە ڕاستن. ئێمە نابێت خۆمان بە یەکێک لەو دوو گوتارەوە ببەستینەوە و ڕەخنە لەویدی بگرین. سووژەگەلی نووسیاری هەر دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئەکادیمیک پێویستە لە خود-ڕەخنەکاریی بەردەوام بن و خاڵە لاوازەکانی ئەو گوتارەی گرێدراون، دیاری و چارەسەر بکەن. هەر دوو گوتارەکە، بە ژێربەش و بنجۆرە جیاوازەکانیانەوە، هاوکات هەڵگری خاڵی بەهێز و لایەنی لاوازیشن. خاڵە لاوازەکان بەهۆی پشتگوێخران و هەوڵنەدان بۆ چارەسەرکردنیان و دووبارەبوونەوەیان بە شێوەیەکی بەرفراوان و فرەپات چ لە دەق و چ لە پراکتیسدا بوونەتە ئایدیۆلۆجی. هەر دوو گوتاری ئەکادیمیک و ڕۆشنبیری، لە بنەڕەتدا و وەک تایبەتمەندیش، ناهاوچەشنن لەگەڵ ئایدیۆلۆجی، بەڵام زۆرجار بۆخۆیان دەبنە شوێنی بەرهەمهێنان، یان بەرهەمهێنانەوەی ئایدیۆلۆجی. من پێشتر ئەوانەم بە «ئەگەنا» ناوبردووە کە کورتکراوەی ئەویتری گەورەی ناوەکییە. ئەگەنا ڕاستەوخۆ سوبژێکتیڤیتەی ئایدیۆلۆجیک بەرهەم ئەهێنێت. بەشێک لە ڕۆشنبیران، نووسەران، توێژەران و مامۆستایانی زانکۆ خاوەنی زەینییەتی ئایدیۆلۆجیکن. کە باسی کاریگەریی ئایدیۆلۆژجی لەسەر گوتاری ڕۆشنبیرانە یان ئەکادیمیک دەکەین بەو مانایەیە کە ئەم زەینییەتە بۆخۆی دەبێتە لەمپەرێکی گەورەی بەردەم ڕەوتی گەشەسەندن و پەرەپێدانی سوژەی کورد و بەم چەشنەش، بەبێ ئەوەی خودی سووژە ئاگادر بێت، واتە بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە و ناڕاستەوخۆ، دەبێ بە یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم ئاوات و خەونە لەمێژینەکانی خودی خۆی.

کە ئایدیۆلۆجی بەسەر گوتاری ئەکادێمیک و ڕۆشنبیریدا زاڵ بوو، ئەم گوتارانە واتا و ئەرکی خۆیان لە دەست دەدەن. لە بارودۆخێکی لەو چەشنەدا ئەنجامەکە کارەساتبارە، چونکە خودی ئایدیۆلۆجیک جێگای خودی عەقڵانی دەگرێتەوە.

گومانی تێدا نییە ئەو نووسینەی بڕیارە نوانەسازی و ئاماژەپێویی بۆ بکرێت، پێویستە مەرجەکانی گوتاری ئەکادێمیک دەستەبەر بکات، ئەگینا ناگاتە ئەو قۆناغە. گەر نووسینی ئەکادێمیک لە لایەن تاکێکی ڕۆشنبیرەوە بێتە بەرهەم، بێگومان ئاستی بەرزتر و کاریگەریشی زۆرتر دەبێت. ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا دەیبینم دابڕانێکی زەقە لە نێوان هەر دوو نڤیساردا و بۆیەش دوو جۆر خوێنەری جیاوازی دروست کردووە. دەرئەنجامێکی خێرای ئەو جۆرە ڕوانینە لای ئێمە بۆتە هۆی ئەوەی زۆربەی وتارە بڵاوکراوەکان لە Essay نزیکن تا لە Article. زۆربەی ئەو نووسینانەی لە کوردیدا بە وتار ناوزەدەکرێن بە Essay دەژمێردرێن، نەک بە وتاری ئەکادێمیک، واتە Article. زۆربەی خوێندەواران تەنانەت بە دوو شێوەی جیاواز ڕووبەڕووی زاراوەی «زانستی» و«ئەکادێمیک» دەبنەوە. کەمایەسییەکانی گوتاری ئەکادێمیک لای ئێمە وای لە هەندێک تاکی خوێندەوار کردووە کە هەوڵدەدەن زانستی بن؛ بەڵام دوور لە ئەکادێمیا. ئەمەش ئەو دژوازییە زەقەی توێژی خوێندەواری جڤاتی ئێمەیە، گەرچی نزیکایەتیی زۆر لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا هەیە، بە جۆرێک کە هەندێک جار دەکرێت لە بری یەکتر بەکار بهێنرێن؛ بەڵام بەهۆی جیاوازییەکانیشیانەوە هەندێک جاری ناکرێت؛ بۆ نموونە، ئەوە لای ئێمە بە گۆڤاری زانستی و نووسینی زانستی و توێژینەوەی زانستی ناسراوە، لە ئینگلیزی و فەرەنسیدا بە گۆڤاری ئەکادێمیک و نووسینی ئەکادێمیک و

توێژینەوەی ئەکادێمیک ناوبردە دەکرێت، چونکە لە ڕۆژئاوای ئەورووپا مەبەست لە زانست، تەنیا زانستە پەتییەکانە و بۆیەش ئەدەب و هونەر و زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان ناگرێتەوە.

## گۆڤارەکان وەک دەلاقە بۆ نووسینی ئەکادێمیک

لە سەرەتای سەدەی بیست بەملاوە ژمارەیەکی زۆری گۆڤار لە بواری جۆراوجۆردا بە زمانی کوردی بڵاوکرانەوە. لە گۆڤارەکاندا کەڵک لە چەندین زاری زمانی کوردی وەردەگیردرێت، لە نێوانیاندا کوردیی ناوەندی و سەروو لەوانی تر چالاکترن و زار و شێوەزارەکانی تر وەک زازاکی، هەورامی، ئەردەڵانی، کەڵهوڕی، فەیلی و لەکی کەمترین ڕادەی فرەپاتییان لە گۆڤارە کوردییەکاندا هەیە و هەندێکیان وەک گەڕووسی، یان لەیلاخی بە دەگمەن بەکاردەبرێن. پلەی یەکەم لەم ڕووەوە بەر کوردیی ناوەندی، یان کورمانجی ناوەڕاست دەکەوێت کە وەک زمانی پێوەر لە گۆڤارەکانی سەدساڵی ڕابردوودا بەکارهێنراوە. هاوکات وشە و تەنانەت ڕستەسازیی زارەکانی دیکە لە شێوازی زمانیی ئەو گۆڤارانەدا بەکارهێنراوە. گۆڤارە کورمانجییەکان بە ئەلفبێی لاتینی لە چارەکی دووەمی سەدەی بیستەم بەملاوە سەریانهەڵدا و لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا گەشەی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینی. کوردیی ناوەندی بە ئەلفبێی عەرەبی و کوردیی سەرووش بە ئەلفبێی لاتین زۆرترین ژمارەی دەقی نووسراوی کوردی پێکئەهێنن.

گۆڤارە کوردییەکان زۆرتر لە ژێر کارتێکەریی تەوەرە ئەدەبییەکاندا چاپ و بڵاو کراونەتەوە. پاشان ئەو گۆڤارانە دەرکەوتن کە تەوەرە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانیان دەگرتەوە و لە ناوەڕاستی

سەدەی بیستەم بەملاوە چاپ و بڵاو بوونەوە. دواتر ئەو گۆڤارانە گرنگییان پێدرا کە تەوەری سیاسییان هەبوو، بەتایبەت لە نیوسەدەی ڕابردوودا. هاوکات گۆڤاری تایبەت بە منداڵ و مێرمنداڵیش بڵاودەبنەوە. لە پاڵ ئەمانەشدا، کۆمەڵێک گۆڤاری پسپۆڕانە لە ئارادان؛ بەڵام سەر بە زانکۆ نین؛ ئەمانە ئاوڕ لە هەندێک بابەت وەک ڕەخنەی ئەدەبی، سیاسەت، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، دین، دەستنووس‌ناسی و هتد، دەدەنەوە. هەروەها ژمارەیەک گۆڤاری ئینتێرنێتیش بڵاودەبنەوە. سەرجەم ئەم گۆڤارانە بەشێک لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی دەژمێردرێن. لە لایەکی ترەوە، گۆڤاری ئەکادێمیک، یان ژورناڵەکان لە ئارادان کە سەر بە زانکۆ و ناوەندە ئەکادێمیکەکانن و لە دوو دەستە پێکهاتوونە؛ دەستەی یەکەم لە ئێران و تورکیادان کە تەنیا دەپەرژێنە سەر ئەدەب و زمانناسی و هونەر؛ دەستەی دووەم لە باشوور و بەم دواییانەش لە ڕۆژئاوان کە بوارە زانستییەکانیش لەخۆ دەگرن.

ژمارەی ژورناڵە کوردییەکان بە بەراورد لەگەڵ گۆڤارەکان زۆر کەمە. لە سەرتاسەری ئێران یەک ژورناڵی کورد دەردەچێت و لە تورکیاش چوار ناونیشان؛ لە ڕۆژئاوا یەک ناونیشان و لە باشوور نزیکەی پەنجا گۆڤاری ئەکادێمیک دەردەچن. کەچی گۆڤارە ئەدەبی و فەرهەنگییە کوردییەکان مێژوویەکی دوورتر و پاشخانێکی پتەوتریان هەیە. کەس ناتوانێت دەوری سەرەکی و کاریگەریی زۆری گۆڤاری *گەلاوێژ* لە چلەکاندا پشتگوێ بخات. هەروەها لە حەفتاکاندا *گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد* دەردەچوو کە لە زۆر ڕووەوە گۆڤارێکی ئەکادێمیک بوو. لە هەشتاکاندا *بەیان* و *ڕۆشنبیریی نوێ* لە باشوور و *سروە* لە ڕۆژهەڵات خوێنەری زۆریان هەبوو. لە کۆتایی نەوەدەکاندا *ڕەهەند* وەک گۆڤاری

ڕۆشنبیری و *سەنتەری برایەتی* وەک گۆڤاری ئەکادیمیک دەدرەوشانەوە. لە سەدەی بیستویەکدا هەندێ گۆڤار وەک *سەردەمی رەخنە*، *کاروان*، *ڕامان*، *ئاینده*، *شین* و هتد، لە باشوور و *زرێبار* و *مەهاباد* لە ڕۆژهەڵات درێژەپێدەری ئەو ڕەوتە گەشاوەیە بوون. لە کورمانجیی سەرووشدا گۆڤاری *هاوار* لە سییەکاندا دەوری مەزنی گێڕا. لە سەرەتای سەدەی بیستویەکدا هەندێک گۆڤاری وەک *نوبەهار*، *زارەما*، *وێژە و ڕەخنە* دەرکەتن. لە سەرجەم ئەو گۆڤارانەدا لە پاڵ بابەتی تر توێژینەوەش بڵاوکراونەتەوە. گۆڤار ناچارە بابەتی جیاجیا و تەنانەت ناوهاوچەشنیش لە ڕووی فۆرمەوە بڵاوبکاتەوە، لە بەرهەمی ئەدەبییەوە بگرە تا وەرگێڕان، هەواڵ، وتوویژ و بابەتی هەمەڕەنگ. بەهۆی سروشت و ناوەرۆکی گۆڤارەوە ئەگەری بڵاوبوونەوەی توێژینەوە کەمتر دەبێتەوە، چونکە توێژینەوەی ئەکادیمیک لەوانەیە دەیان لاپەڕە بگرێتەوە. سەرەڕای ئەم بەربەستە، گۆڤارە کوردییەکان بەردەامبوون لە چاپکردنی توێژینەوە و لەم ڕووەوە توانیان دەوری باش بۆ ئاشناکردنی خوێنەری ئاسایی لەگەڵ توێژینەوەدا بگێڕن. لە لایەکی تریشەوە، بۆ خەملاندنی زیاتری زمانی کوردی لە بەکارهێنانی لە توێژینەوەی ئەکادیمیکدا. هەڵبەت ناشبێ ئاکامێکی نەرێنی دۆخی ناوبرا پشتگوێ بخەین کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەرکەوت و بریتی بوو لە شێواندنی واتای توێژینەوە و ڕەچاونەکردنی زۆربەی مۆرکەکانی لەو نووسینانەی بە ناوی توێژینەوەوە لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەبوونەوە.

## خاڵی لاوازی ژورناڵە کوردییەکان و چارەسەرکردنیان

پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ژورناڵە کوردییەکان و نووسینی ئەکادیمیکدا هەیە، بە شێوەیەک کە ئەگەر گۆڤارە ئەکادیمیکە کوردییەکان بەرەوپێش بڕۆن و گەشە بکەن، نووسینی ئەکادیمیکی کوردیش پەرە دەستێنێت. لێرەدا قامک لەسەر پێنج لایەنی ژورناڵە کوردییەکان دادەنێم کە هەڵگری خاڵی لاوازن. ئەم لایەنانە بریتین لە زمانی، توێژینەوەیی، بڵاوکردنەوە، نووسیاران و پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا. خاڵە لاوازەکان لە ڕووی زمانییەوە بریتین لە: کەڵکوەرنەگرتن لە زمانی پێوەر بە تەواوی و بە دروستی، کەڵکوەرگرتن لە دوو جۆر ئەلفبێ و چەندین ڕێنووسی جۆراوجۆر و چەندین شێوەی نووسین. لە باری توێژینەوەشەوە کۆمەڵێک کەمایەسی دەبیندرێن کە بریتین لە: کەڵکوەرنەگرتن لە بنەما شێوازناسانەکان، ڕەچاونەکردنی پێناسە و تایبەتمەندیی هەندێک بەشی پێویستی وتار وەک پوختە، وشە سەرەکییەکان، دەستکەوتەکان و هتد، سەرنجنەدان بە بەشی پاشخانی توێژینەوە وەک سەرەکیترین بەشی چالاکیی توێژینەوەیی، کەڵکوەرگرتن لە بنەما کۆنە تیۆریکەکان، بەڕۆژنەبوونی سەرچاوەکان و کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەگەلی دەستی دوو.

وەک لایەنی بڵاوکردنەوەش، کۆمەڵێک کەموکووڕی لە ژورناڵە کوردییەکاندا وەبەرچار دەکەون کە بریتین لە: لە ئارادانەبوونی هەڵسەنگاندنی دوولایەنە بە شێوەی داخراو، نەبوونی ماڵپەڕ و سیستەمی سابمیشێن، تەرکیزنەکردنی ژورناڵەکان لەسەر یەک بوار، یان لقێکی پسپۆڕانە، کەڵکوەرنەگرتن لە نەرمئامێرەکانی دیاریکردنی لێکچوویی و دۆزینەوەی هاوتا، ڕەچاو نەکردنی یاسای کۆپی ڕایتی ماڵپەڕەکانی

COPE و Creative Commons، پڕنەکردنەوەی فۆرمی بەڵێننامە بە دانەران (Cover Letter) لەگەڵ فۆرمی لێکدژیی بەرژەوەندییەکان (Conflict of Interests)، گرنگی‌نەدانی بە پێنوێنە نێونەتەوەییەکان وەک ORCID، DOI و ISSN، ناتەکووزی و شێواوی لە دەرکردنی بەردەوامدا، لە بەردەست نەبوونی فایلی تەواوی وتارەکان بە شێوەی سەرهێڵ و یەکپارچەنەبوونی ڕێنماییەکان و شێوەی پەسەندکردن. ژورناڵە کوردییەکان لە ڕووی ڕێنماییەکانیشەوە هەڵگری کۆمەڵێک کەموکووڕی، وەک نەبوونی شێوەنامەیەکی یەکدەست و پێوەر بۆ دەستەی نووسیاران و دانەران، ئاستی خواری ئەندامان لە ڕووی بڵاوکردنەوەی نووسینی ئەکادێمیکدا، نەبوونی پێوەندیی دوولایەنە لە نێوانیاندا، نەبوون، یان لاوازبوونی ناوەرۆکی سی‌ڤیی ئەندامان، وەک پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا، نەبوونی پێوەندی لەگەڵ توێژی بەردەنگ بەهۆی نەبوونی ماڵپەڕی چالاک و ئامادەنەبوون لە تۆڕی کۆمەڵایەتی و کەشی مەجازیدا بە گرنگترین خاڵی لاواز لەم ڕووەوە دادەنرێت. هاوکات، دابڕان لە پیشەسازی و کەرتە پێوەندیدارەکانی تر و سنوورداربوونی ڕووبەری بڵاوبوونەوەی ژورناڵەکە بۆ دەزگا پێوەندیدارەکان بە کەموکووڕی دەژمێردرێن.

ئەو خاڵە لاوازانەی سەرەوە بێ‌گومان دەکرێن چارەسەر ببن و ڕێکارەکانیش هێندە ئاڵۆز و دژوار نین، تەنیا تۆزێک لەخۆبردوویی دەوێت. لە ڕووی زمانییەوە، دەبێ یەک شێوەی ڕێنووسی پێوەر و پەسەندکراو بەکاربهێنرێت. هەروەها وشەبژێری و هاوواتاسازی بۆ تێگەهە زانستییەکان بە زمانی کوردی بە مەبەستی پەرەپێدانی زمانی کوردی ئەنجام بدرێت. لە پرسی توێژینەوەشدا، پێویستە سەرنج بدرێتە

بنەماکانی ڕێبازی توێژینەوە و بەردەوام ڕەچاو بکرێن. هەروەتر، دەرکردنی ژورناڵی پسپۆڕانە لە بوارە زانستییەکانی تردا بێجگە لە ئەدەب و زانستە مرۆییەکان دەتوانێت گەلێک کاریگەر بێت. لە بابەتی بڵاوکردنەوەشدا پێویستە یاسا و ڕێساکانی بوارەکە ڕەچاو بکرێن؛ بۆ نموونە، هەڵسەنگاندنی دوولایەنەی داخراو وەگەڕ بخرێت، سیستەمی سابمەیشێن دابنرێت، ماڵپەڕەکە بەردەوام کارا و چالاک بێت، لە ناوەندەکانی ئەخلاقی توێژینەوە و مافی بڵاوکردنەوە بەشدار بێت، هەوڵ بدات بۆ وەرگرتنی پێنوێنە نێودەوڵەتییەکان و لە بەردەستدابوونی فایلی تەواوی وتارەکان بە شێوەی سەرهێڵ. هەر بە هەمان شێوەش دەکرێت کەمایەسییەکانی دوو لایەنی پێوەندیدار بە نووسیاران و پێوەندی لەگەڵ کۆمەلگاوە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست چارەسەر بکرێن.

بە درێژایی سەدەی بیستەم و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کۆمەڵێک گۆڤاری گرنگ و جێگەی سەرنج بە زمانی کوردی لە لایەن ناوەند و دامەزراوەکانی هەر دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئاکادێمیکەوە بڵاوبوونەتەوە؛ بەڵام بەداخەوە هیچکام لە ڕابردوودا نەیانتوانیوە بچنە ڕیزی ئەو ژورناڵانەی کە پەسەندکراوی بنکەگەلی زانیاری و متمانەپێوی بن، چ لە ناوخۆ، یان لە دەرەوە، بۆیەش لێرەدا پێویستە قامک لەسەر زەقترین و گرنگترین خاڵی لاوازی ژورناڵە کوردییەکان دابنێین کە بریتین لە ئامادەنەبوون لە بنکەدراوە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە لایەکەوە و بەشدارنەبوون لە ناوەندەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێوی. دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی پێویستە بنکەدراوەیەکی نێوخۆیی دابمەزرێنێت، یان بنکەگەلی زانیاری ڕێکبخات، یان لانیکەم وەک هەنگاوی یەکەم بنکەدراوەیەک بۆ سەرجەم گۆڤار و ژورناڵە کوردییەکان پێکبهێنێت.

# بەشی پێنجەم: نوانەسازیی نووسینی ئەکادێمیکی کوردی

## دۆخی ئێستای نوانەسازی بۆ توێژینەوەکانمان

جێی داخە بۆ هەموومان، بە ڕۆشنبیر و مامۆستای زانکۆوە، بە نووسەر و توێژەرەوە، بە بەرپرس و سیاسەتوانەوە کە تا ئێستا نەمانتوانیوە گۆڤارێکی کوردیمان هەبێت، هەڵگری نوانەی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی بێت، کە بە هەموومانەوە خاوەنی تەنانەت یەک نووسینی کوردی نین، لە پێگەیەکی، وەک سکۆپوس، یان وێبئاڤساییێنس نوانەکرابێت. نقیساری کوردی تەنانەت نەشیتوانیوە لە ناوەندە هەرێمییەکانی نوانەسازیدا بەشدار بێت. لە ناوەندێکی وەک ئایئێسسیٚ، جگە لە چەند وتارێکی کوردیی گۆڤاری «پژوهشنامه ادبیات کردی»، هیچ دەقێکی دیکەی کوردی لە ئارادا نییە. ژمارەی نووسینی ئەکادێمیک کورمانجی لە بنکەدراوەکانی تورکیا زۆر کەمە. ڕاستە دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیا دڵیان بۆ زمانی کوردی ناسووتێت؛ بەڵام بۆخۆشمان تاوانبارین. کارەکە هێندە ئاستەمە کەس خۆی لە قەرەی نادات. بەرپرسانی فەرمانگە و دامەزراوە پێوەندیدارەکان وەک ئەرکێکی لاوەکی سەیری دەکەن؛ ڕۆشنبیران بە هۆی سروشتی نووسینی ئەدەبییەوە کە کاری لە نووسین لە بوارەکانی تریش کردووە، گرنگی نادەنە پرسەکە. زۆربەی ئەوانەش کە لە بایەخی

پرسی زمان دەگەن ئاگاداری ئەم بوارە نین. لە کوردی گەڕێین، تەنانەت بە زمانەکانی تریش دۆخە هەر بە هەمان شێوەیە: لە هەر چوار پارچەی کوردستان یەک گۆڤارمان نییە هەڵگری نوانەی سکۆپوس، یان دابلیوئۆئێس بێت و لەسەر لایەنێکی پێوەندیدار بە کورد و کوردستانەوە بێت، وەک زمان، ئەدەب، فۆلکلۆر، موزیک، شێوەکاری، پەیکەرسازی، داب‌ونەریت، فەرهەنگ، مێژوو، جوگرافی، سیاسەت و هتد.

ئەم دۆخەی ئاماژەم پێکرد، دەربڕی دوو ڕاستیی تاڵە: دووربوونمان لە ڕەوتی زانستیی جیهانی هاوسەردەم و بزربوونی زمانی کوردیش لەو کاروانەدا. دەرئەنجامەکانی ئەم دۆخەش نەرێنی و زۆرن. کەمترینیان ئەوەیە تا ئێستا لە ناوخۆ نەمانتوانیوە لە بوارە ئەدەبی و زانستی و تەنانەت هونەرییەکان و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بچینە ناو کێبڕکێ جیدییەکانەوە، گەر لە کۆڕ و کۆبوونەوە گرنگە ئەکادێمیکەکان ناتوانین ئامادە بین، یان ئاستی ئامادەبوونمان لاوەکییە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پارادایمی زاڵی ئەکادێمیک، لای ئێمە کە بە هۆیەوە لە مێکانیزمی هاوسەردەمیانەی داهێنانی هزر دوورین. یەکەم هەنگاوی هەر جۆرە ڕێکارێک بۆ دەرچوون لەم دۆخە ئەوەیە هێندە بوێربین تاوانەکە لە ئەستۆ بگرین؛ بەڵام ئێمە تەنانەت باسیشی ناکەین. تا ئێستا نەمبینیوە ڕۆشنبیرێک، نووسەرێک، توێژەرێک، بەرپرسێکی پێوەندیدار، یان سیاسەتوانێکی کورد یەک وشە لەو بارەوە بدرکێنێت. زۆربەی ئەوانەی بە نووسەر ناسراون بە حوکمی ئەوەی زیاتر لە فەیسبوک، یان بۆ ڕۆژنامە و حەوتەنامە و گۆڤاری دانپێدانەنراو دەنووسن، یان لە کاناڵەکانی ڕاگەیاندن دەردەکەون، یان کتێبەکانیان لە لایەن کۆمەڵێک دەزگای نێوخۆییەوە بەبێ هەڵسەنگاندن و دوور لە ستانداردەکانی ئەوڕۆی جیهان

بڵاودەبنەوە بە هیچ شێوەیەک گرنگییان بە پرسی نوانەسازی و ئاماژەپێوی بۆ نووسینەکانی خۆشیان نەداوە، کەچی لەم ڕێگەیەوە کارتێکەریی هزر و بەرهەمیان گەلێک قووڵتر و بەربڵاوتر دەبێتەوە. بەکاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش حەزیان لەم قسەوباسانە نییە چونە دوو بوار و دوو گوتار و دوو پیشەی تەواو جیاوازن، بۆیەش هەوڵەکان لە پێناوی نوانەسازیدا بۆ زمانی کوردی پچڕپچڕ و ناگشتگیرن.

**ئامادەنەبوونمان لە داتاکاندا**

ئەو چەند وڵاتەی ناو خشتەکەی خوارەوە هێندە بچووک و کەمحەشیمەتن کە کەمتر کەسێک ناویانی بیستووە، کەچی لە ڕەوتی جیهانیی بەرهەمهێنانی زانستدا خاوەنی پێگەی تایبەت بە خۆیانن. ئەو وڵاتانە سەربەخۆ نین و لە ژێر دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتێکی تردان. ئەوانە کۆمەڵێک دوورگەی دوورەدەستن و ژمارەی دانیشتووانیان پێکەوە ناگاتە دە هەزار کەس، گەرچی لە خوارەوەی ڕێزبەندییەکەدان، بەڵام هەر ئەو ئاستە کەمەشیان بۆ تۆمارکراوە. کوردستان لەم ڕووەوە تەنانەت لە خوارەوەی ڕیزبەندییەکانیشدا نییە. کورت و کورمانجی، نەک هەر سەرزەمینێک بە ناوی کوردستان، بەڵکوو زمانێک بە ناوی کوردی نەک هەر لە خوارووی ڕیزبەندییە پێوەندیدارەکان بە ژمارە و ئاستی نووسراوەی زانستییەوە نین، بەڵکوو هەر بووونیشیان نییە.

(بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ٩: پلەی وڵاتە بچووکەکان بەپێی سایماگۆ لە ١٩٩٦ەوە بۆ ٢٠١٨)

## بڵاوبوونەوەی زانیاریی نادروست

ئەگەرچی زمانی کوردی لە هەندێک ماڵپەڕە هەمەکییەکاندا بەرچاو و چالاکە، بەڵام لەو ڕیزبەندییانەی کە لە لایەن ناوەندە بڕواپێکراوە نێونەتەوەییەکانەوە بۆ نوانەسازی و ئاماژەکاری ئاراستە دەکرێن، تەنانەت لە خوارترین ئاستی خشتەکانیشدا وەبەرچاو ناکەوێت؛ بۆ نموونە، کوردی لە ویکیپیدیادا لە ڕووی زۆربوونی نووسینەکانەوە لە پلەی نۆهەمدایە کەچی ئەمە پێوەر نییە بۆ دەوری ئەو زمانە لە بەرهەمهێنانی زانستیدا. ئەم خاڵە و دەیان نموونەی تری هاوشێوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەست دەکرێن. هەموومان بینیومانە و بیستوومانە خەڵکانێک بە حەماسەوە باسی گرنگایەتی و گەورەیی و ناوازەیی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دەکەن. ئەمانە زۆربەیان هەڵگری زانیاریی نادروست و بەلاڕێدابەرن. داتای باوەڕپێکراوی ئەم باسەی بەردەست تەنیا لە لایەن ژمارەیەکی کەمی ناوەندی دانپێدانراوەوە بڵاودەبنەوە. (بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ١٠: ڕێژەی زمانەکان لە ویکیپیدیا لە ٢٠١٩دا)

## نڤیساری کوردی و کەشی مەجازی

فەیسبوک و ئینستاگرام و هاوشێوەکانیان، وەک بە ناوەکانیاندا دیارە، تۆڕی کۆمەڵایەتین و شوێنی بڵاوکردنەوەی بابەتی زانستی لە ڕواڵەتی کتێب و وتاردا نین. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لای ئێمە بە ڕۆشنبیر، نووسەر، شاعیر، توێژەر و ڕەخنەگر ناویان دەرکردووە، هیچ جۆرە ئامادەبوونێکیان لە مەڵبەند و مەکۆ نێودەوڵەتییەکانی دانان و بڵاوکردنەوەی بابەتی زانستیدا نییە. تۆڕە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان بۆ

بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد بوونەتە یەکەم وێستگە و دوا وێستگە! هەر بۆیەش زۆربەیان لە پێویستیی دانانی ژێرخانێکی لەو لەونە ناگەن. لەوانەشە هەر بیریان لێنەکردبێتەوە. لەو شەپۆلە بەرفراوانەی نووسینی توێژەرانە کە بە چرکە لە مەکۆ هەرێمی و نێونەتەوەییەکاندا گەشە دەکەن تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەمی توێژینەوەی کوردی دەبیندرێ.

هەر توێژەرێکی دڵسۆزی زمانی کورد کە بە زمانی ئینگلیزی خاوەنی توێژینەوە بێت، تووشی هەژان دەبێت کاتی دەبینێت زاراوە ئینگلیزییە پێوەندیدارەکان بە چەمک و بوارە جیاجیاکانەوە سەدان هەزار لاپەڕە و فالۆوێریان هەیە، کەچی نووسینی کوردی لەو مەڵبەندانەدا بە تەواوی بزرە. نووسراوەی کوردی لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی تایبەتن بە توێژینەوە، نەک هەر زۆر کەمن، بەڵکوو فالۆوێری زۆربەشیان ناگاتە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک. دۆخەکە لەم ڕووەوە بۆ زمانێکی وەک فارسی باشترە. گەر بەشێکی زۆری توێژەرانی کورد بە ئینگلیزی نانووسن، خۆ بەشێکیان خاوەنی توێژینەوەن بە فارسی و ئەوان چما سەرنجی ئەم خاڵەیان نەداوە. توێژەرانی کوردینووس پێویستە زیاتر بایەخ بدەنە نووسینی وتار بە گوێرەی ڕێسا و تایبەتمەندییە دونیاداگرەکانی توێژینەوەی زانستی و واز لە تەرکیزکردنە سەر نووسینی گشتی و فەیسبوکی و ڕۆژنامەنووسانە، یان چاپی هەڕەمەکیی کتێب بهێنن، چونکە ئەو جۆرە نووسینانە لە لایەن هیچ ناوەندێکی نوانەسازی و متمانەپێوییەوە پەسەند ناکرێن. فەیسبوک و هاوشێوەکانی، تۆڕی کۆمەڵایەتین و شوێنی بڵاوکردنەوەی وتار نین. هەر بە هەمان شێوەش، گۆڤارەکان کە شوێنی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستین پێویستە لە

یەکەم هەنگاودا خاوەنی دەستەی نووسیاران بن و بابەتەکان پێش بڵاوبوونەوە بنێرن بۆ لیژنەی هەڵسەنگێنەران. وەشانگەکان پێویستە بەر لە لەچاپدانی خێرا، دەقی کتێبەکان بۆ هەڵسەنگێنەر و پاش ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوە بۆ نووسیار و هەڵەچنی زانستی، ئەدەبی و زمانی بنێرن.

لە بنکەگەلی زانیاری و ناوەندەکانی پێڕستسازی و نوانەسازی و دەزگاکانی ئاماژەکاری و متمانەپێویی بەرهەمە زانستییەکان گەڕێین، نووسراوەی کوردی تەنانەت لە مەکۆ گشتییەکانی بڵاوکردنەوەی بابەتی زانستیشدا بزرە و ئامادەبوونێکی یەکجار لاوازی هەیە. زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە، بەتایبەت لە کوردیی سەروو و ناوەندیدا لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی تایبەتن بە توێژەران تەنانەت لە ئاستی مامناوەندیشدا نابیندرێت و لەم ڕووەوە کوردی بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی تر لە خوارووی ڕیزبەندییەکاندایە، بۆیەش هەڵەمان نەکردووە گەر بڵێین زۆربەی نووسەران و ئەندامانی گوتاری ڕۆشنبیری و تەنانەت ئەکادێمیکی کوردی لە سۆسیال میدیادا چالاکن و لە توێژینەوەدا کڵۆڵ.

## تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ توێژەران

ڕۆشنبیران، توێژەران، ڕەخنەکاران و بیرمەندان دەبێ سەرەتا و پێشوەخت لە شوێنی تایبەت بە خۆیان ئامادە بن، واتە لەو مەکۆ گشتی و بەرفراوانانەی لە دونیای مەجازیدا بۆ دانانی توێژینەوە تەرخانکراون. ئەو مەڵبەندانە گەورە و چالاک و کاریگەرن، بەڵام توێژی خاوەنبەرهەم و توێژەری کورد لەو شوێنانە دەرکەوتنێکی زۆر لاوازیان هەیە. لاپەڕە و وشەی کلیلی و نووسراوە پێوەندیدارەکان بە هەموو لایەنەکانی مێژوو، زمان، وێژە، هونەر و مەعریفەی کۆمەڵگای کوردییەوە لە پێگە و تۆڕە

پسپۆڕانە و ئەکادێمیکەکاندا زۆر کەمن و ناوەڕۆکی زۆربەشیان کز و لاوازە. ئەوەی هەشە و جێگای سەرنجە، هەوڵی تاکەکەسیی چەند توێژەرێکی کوردە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نەریتخواز و سیستەمی فەرهەنگیی وێستاو لە جڤاتە کوردییەکان لەم پرسەشدا ڕەنگی داوەتەوە. توێژەرانی ڕۆژهەڵات - کە بەداخەوە بەشێکی بەرچاویان بە کوردی نانووسن - لەم ڕووەوە، واتە لە ڕووی ئامادەبوونیان لە پێگە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە توێژینەوە، لە توێژەرانی باشوور چالاکترن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوان دوورن لە زمان و نووسینی کوردییەوە. بەشدارییەکان لە باشوور کەمترە و بۆیەش زانکۆکان دەتوانن بە شێوەی سەربەخۆ و بەپێی ڕێنماییەکی ساکار بەشداریکردن لەو پێگە و تۆڕانە وەک مەرج بۆ مامۆستایانی زانکۆ دیاریبکەن. لە خشتەی دیاریکراودا هەندێک نموونەی ئەو پێگە و تۆڕە کۆمەڵایەتییانە کە بۆ توێژی ڕۆشنبیر و خاوەنبەرهەم و ئەکادێمیسیەن دانراون، خراوەتەڕوو. تکایە سەرنجی ئەو خاڵە گرنگەش بدەن ئەمانە ناوەندی نوانەسازی و ئاماژەکاری نین و تەنیا تۆڕی کۆمەڵایەتی، یان مۆتۆری گەڕانن بۆ نووسراوەی زانستی. (بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ١١: تۆڕە کۆمەڵایەتییە ئەکادێمیکەکان)

## نڤیساری کوردی، پلەتفۆرمی دیجیتاڵ و تۆڕی کۆمەڵایەتی

نڤیساری کوردی، بە هەر دوو بەشی داهێنەرانە و توێژەرانەوە، بە شێوەیەکی جیدی و بەرچاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکاندا ئامادە نییە. هێشتا هیچ جۆرە کۆگایەکی گشتگیری دیجیتاڵ بۆ هیچ بەشێکی نڤیساری کوردی دانەنراوە. گەرچی ژمارەیەک هەوڵی باشی لەم پێناوەدا دراون و

هەمووشیان ئاکامی هەوڵی تاکەکەسی، یان بەکۆمەڵی دڵسۆزانی زمان و ناسنامەی کوردین، بەڵام سەرلەبەریان سنووردارن و هیچکام مۆرکی دامەزراوەیی‌یان پێوە دیار نییە. لە ئارادانەبوونی پلەتفۆرمێکی دیجیتاڵ بۆ ناساندن و ئاراستەکردنی هەر دوو بەشی گرنگی نڤیساری کوردی — داهێنەرانە و توێژەرانە- بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ سەرلێشێواویی خوێنەران و توێژەران، بە حوکمی ئەوەی لە لایەکەوە هیچ بەڵگە و ژمارەیەکمان بۆ زانینی ژمارە و ئاستی خوێنەران و چۆنیەتیی خوێندنەوەکان لەبەر دەستدا نییە و لە لایەکی تریشەوە، هیچ ڕێسا و پێوانەیەکی هەڤگرتوو بۆ دابەش‌کردنی بەرهەمەکان بەسەر باش و نەباشدا لە ئارادا نییە. هەوڵدان بۆ پێشکەوتن لە نڤیساری داهێنەرانەدا، ئیدی لە ئەستۆی زانکۆکان و وەزارەتی خوێندنی باڵا نییە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ئەرک و کاری وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، وەک چۆن هەوڵەکان بۆ بە دیجیتاڵ‌کردنی نڤیساری توێژەرانە لە ئەستۆی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیدایە.

گەر بەراوردێکی خێرامان لە نێوان ژمارەی ئەو توێژینەوانەی بە کوردی لەسەر توێژینەوەی کوردی و توێژینەوە بە زمانەکانی تر لەسەر ئەدەب و مێژووی ئەو زمانانە نووسراون، هەبێت، تێدەگەین جیاوازییەکان زۆرن و بە ڕاستی ڕاچڵەکێنەرن. دانانی گەنجینەیەکی لەو چەشنە تەنیا کێشەی خوێنەران و توێژەران چارەسەر ناکات و مەسەلەکە تەنیا لە دەستپێڕاگەیشتندا کورت‌وکۆ ناکرێتەوە، بەڵکوو لە یەکەم هەنگاودا وەک خزمەتێکی گەورە بە زمانی کوردی دادەنرێت. لە قۆناغەکانی دیکەشدا تەنانەت لە چارەسەرکردنی کۆمەڵێک کێشەی تر، وەک ڕێنووسی جیاواز و پەرتەوازەیی زمانی نووسین دەوریشی هەیە. ئامادەنەبوونی نڤیساری

توێژەرانەی کوردی لەو جۆرە پلەتفۆرمانەدا چەندین دەرئەنجامی نەرێنیی لێکەوتۆتەوە کە گرنگترینیان بۆ گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی بریتییە لە تێکەڵاوکردنی بابەتی جیدی و پۆستی ئاسایی گشتی. هەژمارنەکردنی چۆنیەتیی ئاماژەکان و ژمارەی خوێنەرانی جیدی و دیاری‌نەکردنی ئاستی کاریگەریی نووسینەکان لەسەر بواری وتارەکە و بەگشتی نووسینەکان و پۆلێن‌نەکردنی خوێنەران و دیاری‌نەکردنی ئاستی کاریگەرییان بەشێکی دیکەن لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ئامادەنەبوونی نڤیساری کوردی لە شوێنی تایبەتمەند. لە هەندێک کۆمەڵگای مەجازیی تایبەت بە نڤیساری توێژەرانە، وەک ئەکادمیا، ڕیسێرچگەیت، مێندێلی و گووگڵ سکالێر، کۆمەڵێک وتەزای وەک ڕەخنەی ئەدەبی و توێژینەوە فەرهەنگییەکان بە میلیۆنان فالۆوێریان هەیە و سەدان هەزار توێژینەوەیان تێدا دانراوە. سەبارەت بە وتار و بابەت لەسەر زمان و ئەدەب و لێکۆڵینەوەی فارسی و تورکی و عەرەبی ڕەوشەکە لە ئاستی مامناوەندیدایە؛ بەڵام کە دەتهەوێت هەندێ وتەزای پێوەندیدار بە کوردەوە ببینییەوە، وەک زمانی کوردی، ئەدەبی کوردی، شیعری کوردی، ڕۆمانی کوردی، مێژووی کورد و هتد، بە داخەوە، دەبینی ژمارەی بابەتە دانراوەکان کەمترن لە چەند سەد دانە و فالۆوێرەکانی هەندێ بواریش لە ژمارەی قامکەکانی دەستێک کەمترە.

هەرچەند زمانی زاڵی ژینگەکانی تایبەت بە نڤیساری توێژەرانە، ئینگلیزییە، بەڵام توێژینەوە بە زمانەکانی تر لەو جۆرە پێگانەدا ئامادەبوونی بەرچاویان هەیە. بەشێکی زۆری توێژەر و نووسەر و ئەندامانی گوتاری ئەکادێمیک و ڕۆشنبیری لە کوردستان، ئینگلیزی نازانن. لە ئێرانیش زۆربەی توێژەران ئینگلیزی نازانن؛ بەڵام چەندین ژینگەی

گەورە و بچووکی لەو چەشنە بۆ توێژینەوە بە فارسی دروستکراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندان و تەنانەت ساڵانەش ڕێزبەندی دەکرێن. توێژینەوە بە زمانی فارسی چەندین پلەتفۆرمی دیجیتاڵی بۆ دروستکراوە و هەمووشیان حکوومین و زیاتر لە لایەن دوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و فەرهەنگەوە بەڕێوەدەچن. کوردی، چ وەک زمان و چ وەک نڤیسار، لە ڕووی ئامادەبوون لە پلەتفۆرم و کۆمەڵگا مەجازییەکاندا زۆر لە دوایە. دروستکردنی کۆگە، ژینگە، پلەتفۆرم، نەرمئامێر، یان تۆڕێکی لەو چەشنە بۆ هەرکام لە بەشەکانی نڤیساری کوردی لە ئەستۆی تاکەکەسدا نییە و ئەرکی دامەزراوەیەکی گەورەی زانستی و فەرهەنگی، وەک زانکۆیەکی گەورە، یان وەزارتخانەیەکی پێوەندیدارە. وەک لە خشتەکانی کۆتاییی ئەم کتێبەدا پیشان دراوە، هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو و زۆربەی وڵاتانی تریش بە گرنگییەوە ڕووبەڕووی ئەم پرسە بوونەتەوە و ژێرخانی دیجیتاڵیان بۆ نڤیسار و توێژینەوەکانیان دامەزراندووە. سەبارەت بە دابینکردنی پلەتفۆرمێک بۆ توێژینەوەی توێژەرانی کوردی هەموو لقەکان بە گشتی و توێژینەوەی کوردی بە تایبەتی هیچ ئاسۆیەکی ڕوونم تا ئێستا نەبینیوە و هیوادارم ئەم قۆناغەش تێپەڕێنین.

## گۆڤارە زانستییەکان: داخستن، یان چاکسازی؟

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢١دا بانگەوازێک بە ناوی «یاداشتنامەی کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ و توێژەر سەبارەت بە داخستنی گۆڤارە ئەکادیمییەکان» لە هەندێک هەژمار و لاپەڕە و گرووپی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بڵاوبووەوە. من ئەو بانگەوازەم یەکەم جار لە گروپی تۆڕی ئەکادێمیی کوردی و دواتر لە لاپەڕەی کەیسابن لە فەیسبوک بینی و ناشزانم لە

لایەن کێ، یان کام گرووپەوە نووسراوە؛ بەڵام بە پێویستم زانی ئەو سەرنجانەی خوارەوە دەرببڕم. گۆڤارە زانستی و زانکۆییەکانی باشوور هەڵگری کۆمەڵێک کەمایەسی و خاڵی زەقی لاوازن و بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو قسەیەش چەندین سیمینار و وێبینارم لەو بارەوە پێشکەشکردووە و چەندین بەڵگە و داتای جیاوازیشم خستۆتەڕوو کە تێکڕا ئاماژەن بۆ کێشە جیدییەکانی ئەو گۆڤارانە. ئەو داتا و زانیارییانەی سەبارەت بەم پرسە یەکەم جارە بە کوردی باس دەکرێن و هەمووشیان هەڵگری کۆمەڵێک ئاماژەی مەترسیدارن بۆ لاوازیی ئەو گۆڤارانە بەگشتی و ئاستی خواری نووسینی کوردی بە تایبەتی.

گۆڤارناسی (Journalogy)، گۆڤارپێوی (Journal Metrics) و زانستپێوی (Scientometrics) کۆمەڵێک بواری پسپۆڕانەن کە ئەوڕۆکە لە لایەکەوە بەهۆی بایەخی زۆری مێکانیزم و شێوەگەلی جیاوازی پێشکەشکردنی وتاری زانستی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی زانست و لە لایەکی تریشەوە، بەهۆی ژمارەی زۆری لقە زانستییەکان لە دونیای هاوسەردەمدا نەک هەر بوونەتە جێگەی سەرنجی ناوەندەکانی توێژینەوە، بەڵکوو تەنانەت حکوومەتەکانیش بە گرنگییەوە لێیان دەڕوانن و بووجەی تایبەتیان بۆ تەرخانکردووە. ئێمەی کورد هێندە لەم ڕووەوە کڵۆڵین کە تەنانەت توێژی هەڵکەوتووشمان ئاگاداری هاوواتا کوردییەکانی زاراوە پێوەندیدارەکانی ئەم بوارە نین.

ژمارەی گۆڤارە زانستییەکانی ناوخۆی هەرێم، کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە دانیان پێدانراوە، سەرووی ٤٥

گۆڤارن کە لە لایەن زانکۆ و ئەنستیتۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵاوە چاپ و بڵاو دەبنەوە. ئەو گۆڤارانە بە کوردی، عەرەبی و ئینگلیزین و لقە جیاجیا زانستییەکان دەگرنەوە. سەرجەم ئەو گۆڤارانە لە ڕووی پێوەر و پێنوێنە نێودەوڵەتییەکانەوە لە خراپترین دۆخدان و هەر بۆیە تەنانەت یەک دانەشیان لە لایەن هیچ دامودەزگایەکی تایبەت بە ئاماژەپێوی و وانەسازی لە دەرەوەی هەرێم پەسەند و نوانە نەکراوە. دۆخەکە بۆ گۆڤارە زانکۆییەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات تاڕادەیەک لەبارترە بە حوکمی ئەوەی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای دوو وڵاتی ئێران و تورکیاوە سەرپەرشتی دەکرێن کە هەر دووکیان مەرجی سفتوسۆڵیان بۆ متمانەبەخشین هەیە. ئەو پێشمەرجانەی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای حکوومەتی هەرێمەوە بۆ متمانەدان بە گۆڤارەکان دانراون، کۆمەڵێک پێوەری ساکارن و هەر بۆیەش گۆڤارەکانی هەرێم بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانیوە متمانەی لایەنێکی زانستیی دەرەوەی هەرێم بە دەست بهێنن، کەواتە پێویستە لە یەکەم هەنگاودا گۆڕانکاریی بنەرەتیی بەسەر ئەو مەرج و پێوەرانەدا بهێنرێن تا گۆڤارە زانکۆییەکانی هەرێم لەو قەیرانە چەقبەستووەی تێیدان ڕزگاریان بێت.

لەگەڵ داخستنی ئەو گۆڤارانەدا نیم، بەڵکوو باشترین چارەسەر ئەوەیە چاکسازییان بۆ ئەنجام بدرێت و بۆ ئەوەی ئاستی زانستی گۆڤارەکان بچنە سەرێ، دەبێ مەرجەکانی زانستی بەرز بکرێنەوە. هەروەها ئەو گۆڤارانە پێویستە ڕیزبەندی بکرێن. لەم ڕێگەیەوە ئەوانەی دەکەونە خوارەوەی ڕیزبەندییەکەوە چیدی دانیان پێدانانرێت. ناوەندە جۆراوجۆرە زانستییەکان خاوەنی چەندین سیستەمی جیاوازی ڕیزبەندین بۆ گۆڤارەکان و وەزارەت سەرپشکە لە هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی

یەکێکیان. بڵاوکردنەوە گۆڤاری زانکۆیی و دەستەبەرکردنی ئاستی بەرز و دانپێدانراو بۆ ئەو گۆڤارانە یەکێکە لە گرنگترین نیشانەکانی پێشکەوتنی زانستی لە وڵاتێکدا. هەر ئەمەش دەور دەگێڕێت لە چوونەسەری ئاستی زانکۆکانی هەرێم لە ڕیزبەندیی نێودەوڵەتیی زانکۆکانی جیهاندا. هەڵبەت ئەو سیستەمی ڕیزبەندییەی لە هەرێمدا زاڵە و کاری پێدەکرێت، واتە وێبۆمێتریکس، گرنگی بەم پرسە نادات. جگە لەمانەش، بڵاوکردنەوەی گۆڤاری زانستیی ئاستبەرز، جۆرێک لە مەرجەعیەتی زانستی دروست دەکات کە بەداخەوە لە زانکۆکانی هەرێمدا نابیندرێت. نوانەسازی (indexing) و ئاماژەپێدانی نووسینەکان (citation) بە گۆڤاری زانکۆیی و هی تریشەوە، جگە لەوەی نیشانەی پێشکەوتنی زانستییە، بۆ بەرزبوونەوەی پێگەی زمانی کوردی زۆر سوودبەخشە. گەر زمانی کوردی، زمانی فەرمییە، بەپێی دەستووری عێراق و لە هەرێمی کوردستانیش زمانی نووسینە، کەواتە پێویستە کاری زیاتری بۆ بکرێت. ئەم جۆرە باسانەی ئێستاش دەتوانن دەوری سەرەکی لە گەشەپێدانی توێژینەوە بە کوردی بگێڕن کە ئەمەش بۆخۆی هۆی بەرزبوونەوەی پێگەی زمانی کوردی وەک زمانی زانست، چ لە ناوخۆی کوردستان و چ لە ئاستی دەرەوەدایە.

گۆڤارە ئاماژەبۆکراوەکان نەک هەر لە لایەن ناوەندەکانی دەرەوەی هەرێم دانپێدانراو نین، بەڵکوو زۆربەی توێژینەوەکان بە شێوەی ئەلکترۆنیک لە بەردەست نین تا وەک سەرچاوە لە توێژینەوەی تردا بەکار بهێنرێن. گەر ئاماژەشیان بۆ بکرێت، بە هۆی نەبوونی سیستەمێکی تایبەتمەند بۆ هەژمارکردنی ئاماژەدانەکان، هەژمارناکرێن. لە زۆربەی کاتەکانیشدا نە شتێک دەخەنە سەر توێژینەوەکە و نە توێژینەوەکەش

پەرە بە بوارەکە دەدات. بە واتایەکی تر، هاتوچۆی زانیاریی پەرەپێنەدراو لە گۆڤارەکانەوە بۆ توێژینەوەی دەرەوەی گۆڤارەکان و بە پێچەوانەوە، لە ئاکامدا هیچ جۆرە پێشڤەچوونێکی زانستی و فیکریی لێناکەوێتەوە. ئەرکێکی سەرەکیی ئەو گۆڤارانە ئامادەکردنی بەستێنێکە بۆ بڵاوبوونەوەی توێژینەوە. بۆیەش پێویستە بە میکانیزمی بەرزبوونەوەی نازناوی زانستیی توێژەراندا بچینەوە، بە شێوەیەک کە توێژینەوەی متمانەپێبەخشراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە هەند وەربگیردرێن.

## پلەتفۆرمی گۆڤارە ئەکادێمییەکانی کوردستان: ڕەخنە و پێشنیاز

لە هاوینی ساڵی ٢٠٢٢دا پێگەیەکی ئەلکترۆنیک بە ناوی گۆڤارە زانستییە ئەکادێمییەکانی کوردستان[1] لە لایەن ئەنجومەنی باڵای توێژینەوە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دامەزرا کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ پلاتفۆرمی گۆڤارە زانستییەکانی کوردستان. پلەتفۆرمەکە گۆڤارە زانستییەکانی ٢٢ زانکۆ و توێژینگەی هەرێمی کوردستانی کۆکردووەتەوە و لەسەر بنەمای زانکۆکان پۆلێنبەندی کردوون. وێڕای دەستخۆشی لە بەڕێوەبەرانی ئەم کارە پڕبایەخە، لە ڕاستیدا پێویست بوو زۆر زووتر پێگەیەکی لەم چەشنە بنیاتبنرێت. جێبەجێکردنیشی لە ئێستادا لە لایەکەوە نیشانەی تروسکاییی هیوایە و لە لایەکی تریشەوە دەرخەری ئەوەیە نووسین و سیمینار و بەدواداچوونەکانمان لەم ساڵانەی دواییدا سەبارەت بە پرسی نوانەسازی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی تاڕادەیەک کاریگەر بوونە. لە خوارەوە کۆمەڵێک ڕەخنە و پێشنیاز سەبارەت بە دانانی ئەم پلەتفۆرمە پێشکەش دەکەم:

---

[1] https://kasj.krd/ku

١. ئەم کارە وەک هەنگاوی یەکەم و خاڵی دەستپێک لێکدەدەمەوە، بۆیەش پێوستە هەمووان بزانن ئەمە سەرەتایە، نەک دوا وێستگە، واتە پرۆژەکە تەواو نەبووە و تازە دەستی پێکردووە.

٢. دانانی هەر دوو وشەی زانستی و ئەکادیمی لە ناونیشانی پلەتفۆرمەکەدا بە گونجاو نازانم. لەم جۆرە بەستێنانەدا «ئەکادیمی» دروستە، چونکە "ساینس" لە ئینگلیزیدا ئەدەب و هونەر و زانستە مرۆییەکان ناگرێتەوە.

٣. بەداخەوە، لە وەرگێڕانی کوردیی بابەتەکاندا ژورناڵیان کردووە بە «ڕۆژنامەی زانستی». ئەمە هەڵەیەکی زەقە و ئەبێت ڕاست بکرێتەوە. دەکرێت گۆڤاری زانستی، یان گۆڤاری ئەکادیمی دابنرێت.

٤. پێویستە گۆڤارەکان بەپێی ئاستی زانستی و لەسەر بنەمای هەندێک پێوەری ئەکادیمیک ڕیزبەندی بکرێن و ساڵانەش ئەو ڕیزبەندییە نوێ بکرێتەوە. گەر گۆڤارێک مەرج و تایبەتمەندییەکانی دەستەبەر نەکرد، لە ڕیزبەندییەکە بکرێتە دەرەوە.

٥. ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە هیچکام لە گۆڤارەکانی ناو پلەتفۆرمەکە لە لایەن ناوەند و دەزگاگەلی پێوەندیدار بە نوانەسازی Indexing و ئاماژەپێدان Citation لە دەرەوەی هەرێم پەسەند نەکراون.

٦. وەزارەت ئەبێ هاوکات لەگەڵ گرنگیدان بە پێشکەشکردنی بابەتی زانستی بە ئینگلیزی، بایەخیش بە زمانی کوردی بدات و هەوڵ بدات زمانی کوردی زیاتر ڕووبەڕووی دونیای زانست بێتەوە.

٧. تا ئێستا هیچ نووسینێکی کوردی (ی ناوەندی بە ئەلفبێی عەرەبی) نەبۆتە خاوەنی سایتەیشن و هیچ گۆڤارێکی ئەم زمانە نەبۆتە خاوەن هاوکۆلکەی کاریگەری. تاقە نموونەی ئاوارتە، ژورناڵی ئەدەبی کوردی-یە

کە زانکۆی کوردستان لە سنە چاپ و بڵاوی دەکاتەوە و لە لایەن ناوەندی ISCیەوە بۆتە خاوەنی سایتەیشن و ئای ئێف. هیوادارم ئەم ڕچەیە لە هەرێمی کوردستانیش بشکێت.

٨. پێویستە مەرجەکانی پەسەندکردنی گۆڤارە زانستییەکان لە لایەن وەزارەتەوە پوختەتر بکرێنەوە، چونکە ئەوەی ئێستا هەیە زۆر ساکارن و گۆڤارەکان بە هاسانی بەسەریاندا باز دەدەن.

٩. پێویستە گۆڤارەکان لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی ئەخلاقی توێژینەوەدا ئەندام ببن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەبێ گۆڕانکاری لە شێوەی وەرگرتن و هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەی وتارەکاندا بکەن.

١٠. پێوستە بیرێکی جیدی بۆ چارەسەری کێشەی سایتەیشن لە دەقە کوردییەکاندا و بۆ دەقە کوردییەکان بکرێتەوە. ئەم پرسە زێدە گرنگە لە هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی لە لایەن ڕۆشنبیران، نووسەران، توێژەران و بەرپرسانەوە پشتگوێ خراوە.

١١. هەوڵبدرێت بۆ یەکدەستکردنی ناونیشانی ئەلکترۆنیکی گۆڤارەکان لەبەر ئەوەی ئێستا هەرکام بە شێوەیەکی جیاواز ناونیشانی ئەلکترۆنیکییان بۆ دانراوە و ئەڵێی هی چەند وڵاتی جیاوازن.

١٢. کار بکرێت بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی گۆڤارەکان بەپێی بوار و پسپۆڕی، نەک بە گوێرەی ناوی زانکۆ، یان کۆلێژ. ژورناڵەکانی هەرێم گشتی و هەمەچەشنن و زیاتر لە کەشکۆڵ ئەچن تا ژورناڵ. ئەمەش ئەو نەشتەرگەرییە گەورەیەیە ساڵانێکە بانگەوازی بۆ دەکەم.

١٣. هەوڵدان بۆ دانانی بنکەدراوەیەک Database کە لە ناوەرۆک و وتارەکانی ئەو گۆڤارانە پێکهاتبێت. دەکرێت ئەم هەنگاوەش بقۆزرێتەوە

بۆ لانیکەم یەکدەستکردنی ڕێنووسی گۆڤارەکان و شێوەی ئاماژەدان بە سەرچاوەکان.

١٤. دانانی مەکۆیەکی دیجیتاڵ بۆ زانستپێوی Scientometrics لەسەر بنەمای وتارەکانی ئەو گۆڤارانەی لە پلەتفۆرمەکەدان، بە مەبەستی دیاریکردنی ئاست و بواری توێژەران و بەرهەمیان.

## بەشی شەشەم: گۆڕانکاریی پارادیگماتیک بەرەو نوانەسازی

### پێویستیی گۆڕانکاری

ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و پارادیگماتیک لە شێوەی دانان و هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەی نووسینی ئەکادێمیک بە هەر زمانێک لە کوردستاندا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، هەر لە مێتۆدۆلۆژیی وتار و کتێبەکانەوە بگرە تا گرنگیدان بە هەندێک بواری زانستی کە کەمتر کاریان لەسەر کراوە. پێویستە شارەزای پارادایمی ئێستای توێژینەوە بین و خۆمان دووربخەینەوە لە پارادایمی نیوسەدە و زیاتر لەمەوبەر کە مخابن لای ئێمە هێشتا هەر زاڵە و ڕووبەرێکی بەرفراوانی دامودەزگا و چالاکییە ئەکادێمیکەکانی گرتووەتەوە. هەروەها پێویستە ئاگاداری ئەو ڕەوتە بین کە لە دونیای ئەوڕۆدا توێژینەوەیەکی پێدا تێدەپەڕێت و مێکانیزمەکانی دەستەبەر بکەین.

ئەوەی بە تەواوی بۆ من دەرکەوتووە بریتییە لە جیاوازیی پارادیگماتیک لە نێوان توێژینەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئەو توێژینەوانەی بە کوردین، بۆیەش زۆرجار کە توێژینەوە و نووسینێکی کوردی دەدرێتە ئینگلیزی، لە لایەکەوە گۆڕانکاریی زۆری تێدا ئەنجام دەدرێت و لە لایەکی تریشەوە بە کەمی دەرفەتی بڵاوبوونەوەی لە

ژورناڵێکدا بۆ دەرەخسێت. ڕوونتر بڵێم، بەشیکی زۆری ئەو توێژینەوانەی بە کوردین بە بەراورد لەگەڵ نڤیساری توێژەرانەی ئەوڕۆی گوتاری ئەکادێمیک ئاستێکی نزمتریان هەیە. مەبەست لە جیاوازیی پارادیگماتیک لەم باسەدا کەمیی سەرچاوە و نەبوونی شارەزا و شێوازیی سادەی زمانی نییە، بەڵکوو مەبەست پێویستیی خەملاندنی وردەکارانەتری باس‌وخواسەکانە لە توێژینەوە بە کوردی و دوورکەوتنەوە لە ساکارسازی و گشتیبێژی و دووبارەکاری. مەبەست خۆدوورخستنەوەیە لە شێوازی باوی بەشێکی زۆری توێژینەوەکان کە جیاوازییان زۆرە لەگەڵ توێژینەوە لە ئاستی جیهانیدا.

جیاوازییەکان هێندە زۆرن گەر توێژینەوە، یان نووسینێکی فیکریی کوردی وەربگێڕینەوە سەر زمانێکی وەک ئینگلیزی، تێدەگەین کە وەرگێڕانەکە لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەوە تاڕادەیەک نیوەی دەقە سەرەکییەکەیە. بێجگە لەمەش، هەموو دەقێک، بە ئەدەبی و زانستی و هەواڵنێرانەشەوە، پێویستە بەر لە بڵاوبوونەوە لە لایەن نووسیارەوە بخوێندرێنەوە، تەنانەت نووسەر و توێژەرە بەناوبانگەکانی دونیاش بەرهەمەکانیان بەر لە چاپ دەنێرن بۆ نووسیار تا پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت. ئەمە نەک شوورەیی، بەڵکوو یارمەتیدەریشە بۆ ئەوەی ئاستی کارەکە بچێتە سەرەوە. دەقی ئەدەبی دەنێردرێت بۆ نووسیاری ئەدەبی و دەقی زانستیش بۆ نووسیاری زانستی و پاشان ئەدەبی. بێگومان گۆڕانکاریی پارادیگماتیک لە ژورناڵ کوردییەکاندا لە ڕەوتێکی تیژتێپەڕی ڕووکەشییانەدا ئەنجام نادرێت و پێویستی بە بڕیار و زانایی و بوێرییە. هەر جۆرە هەوڵدانێکی جیدیش لەو پێناوەدا، بێگومان ڕووبەرووی ئاستەنگ دەبێتەوە. وێڕای چاکسازی لە توێژینەوەش، جێبەجێکردنی ئەم

کارە یەکەم خزمەتە بە زمانی کوردی و هەوڵدەدات پێگەی زمانی کوردی لە ناوەندە زانستییە دانپێدانراوەکاندا، کە ئێستا یەکسانە بە سفر، بەرزبکاتەوە. لە خوارەوە هەندێک لە گرنگتین تەوەرەکانی گۆڕانکاریی بە مەبەستی نوانەسازیی نووسینی ئەکادیمیکی کوردی دەخەمە ڕوو.

**نەشتەرگەرییە گەورەکە: لە کەشکۆڵەوە بۆ گۆڤار**

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا زۆربەی زانکۆ و کۆلێژەکان گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبوو. تا چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر کۆمەڵێک ناونیشان وەک گۆڤاری زانکۆی ...، یان گۆڤاری کۆلێژی ... بە شێوەیەکی فرەپات بەکار ئەهێنرا، نەک هەر لای ئێمە، بەڵکوو لە زمان و وڵاتانی تریشدا دۆخەکە بە هەمان شێوە بوو. ئێستا ئیتر ئەو جۆرە ناونیشانانە لە گوتاری ئەکادیمیکی هاوسەردەمدا خاوەن هیچ جۆرە قورساییەک نین. ئەو گۆڤارانە، وەک بە ناوەکەیاندا دیارە، مۆرک و تایبەتمەندییەکی گشتییان هەیە و وتاری هەموو بەشە زانستییەکان بڵاودەکەنەوە. ئەوڕۆکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا چیدی گۆڤار لە زانکۆ و کۆلێژەکاندا بەو ناونیشانەوە بڵاو نابنەوە. جگە لەمەش دەزگا و ناوەندەکانی نوانەسازی و ئاماژەپێوی متمانە نابەخشنە ئەو جۆرە گۆڤارانە.

بە مەبەستی ئەوەی هەنگاوێک لە کاروانی زانستیی جیهانی ئێستامان بچینە پێشەوە و بۆ ئەوەی زمانی کوردیش بتوانێت لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی زانستیدا بەشدار بێت، پێویستە نەشتەرگەرییەکی گەورە لە بەشی توێژینەوەی وەزارەت و زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدرێت. پێویستە سەرجەم گۆڤارە دانپێدانراوەکانی زانکۆکانی هەرێم، کە ژمارەیان سەرووی ٤٥ ناونیشانە، سەرلەنوێ ڕێکبخرێنەوە و

ئەمجارەیان تەنیا لە ڕووی بابەت و بوارەوە پۆلێنبکرێن، نەک بە ناوی زانکۆ، یان کۆلێژێکی دیاریکراوەوە کە چەندین بەشی زانستیی دەگرێتەوە. لە وەها ساتەوەختێکدا هەر گۆڤارێک بۆخۆی بەسەر کۆمەڵێک گۆڤاری تردا دابەشدەکرێت و چەندین گۆڤاری نوێ لە گۆڤاری دایک لەدایک دەبن. ئەم گۆڕانکارییەی باسی دەکەم بنەڕەتییە و زۆر ئەستەم، بە ماوەیەکی درێژخایەنیشدا تێدەپەڕێت، تەنانەت گەر بە زووییش پەسەند بکرێت، لانیکەم دوو ساڵ دەخایێنێت تا توێژەران بێنەوە سەر ڕێبازە نوێیکە و جێبەجێکردنی بە قوناغێکی سەختدا تێدەپەڕێت. گەرچی نەشتەرگەرییەکی قووڵ و سەرتاسەری و بەرفراوانە، بەڵام هەرچی زووتر ئەبێ ئەم کارە بکرێت، گەر سەد ساڵی دیکەش بێ، ئەبێت هەر بکرێت ئەگینا هیچ تروسکاییەک بۆ پێشکەوتن لەم دەڤەرەدا نامێنێت. هیوادارم بەرپرسانی بەشی توێژینەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەنجوومەنی وەزارەت بە گرنگییەوە بۆ ئەم پرسە بایەخدارەی توێژینەوە لە دونیای ئەوڕۆماندا بڕوانن، ئەگینا هیچ دەرفەتێک بۆ گەشەپێدانی گۆڤارە ئەکادیمیکەکانی هەرێم لە ئاردا نامێنێت. هیچ ناوەندێکی نوانەسازی لە دونیادا متمانە نابەخشێتە ئەو گۆڤارانەی پێوەندییان لەگەڵ چەندین لق و بەشی زانستیدا هەیە، گۆڤاری لەو چەشنە لە گوتاری ئەکادیمیکدا بە کەشکۆڵ ناودەبرێن، چونکە بابەتی هەموو بەشەکانی تێدا دەبینرێتەوە. یەکەم تایبەتمەندیی گۆڤاری ئەکادیمیک ئەوەیە کە پێویستە پسپۆڕانە بێت و تەنیا تایبەت بە یەک لق و بوار زانستی بێت، یان لانی زۆر دەربارەی دوو سێ لقی بوارێک بێت.

**بایەخدان بە جۆرەکانی دیکەی نووسینی ئەکادیمیک**

گەرچی نوسینی ئەکادێمیک زیاتر لە ڕواڵەتی وتار و کتێبی توێژینەوەییدا خۆی دەبینێتەوە؛ بەڵام هەرکام لەمانەش بۆخۆیان چەندین بەشی جیاواز دەگرنەوە و هەندێکیان بە تەواوی لە بەرهەمی توێژەرانی گرێدراوی ناوەند و دەزگا ئەکادیمیکەکان بزرن. هەندێک لە جۆرە سەرەکییەکانی نووسینی ئەکادێمیک هێشتا لە کوردستان نەبوونەتە باو، کەچی ئەمانە ڕێک ئەو جۆرانەن کە لە دونیای ئەوڕۆی توێژینەوەدا خاوەنی قورساییین؛ بۆ نموونە، کتێبی پێکهاتوو لە چەندین توێژینەوەی توێژەری جیاجیا کە لە لایەن نووسیارێک، یان کۆمەڵێک نووسیارەوە ڕێکدەخرێت، ئەوڕۆکە وەک یەکێک لە فۆرمە پەسەندکراوەکانی کتێبی توێژینەوەیی دادەنرێت. ئەم جۆرە کتێبە بە کتێبی بەرهەڤکارانە، یان ئێدیتکراو[1] دەناسرێن و سەرەڕای گەشەی زۆری لە گوتاری ئەکادێمیکی ڕۆژئاواییدا، مخابن تا ئەم ساتە لای ئێمە نەبۆتە دیاردە و نوێنەک بۆ توێژینەوە. لە پاڵ ئەمەشدا، ناوەندکانی بڵاوکردنەوە و توێژینەوە، پرۆژەی گەورە لە ڕواڵەتی Reader و Companion و Guideدا بڵاودەکەنەوە؛ بەڵام لە زمانی کوردیدا هێشتا لەسەر هاوواتا کوردییەکەی خۆمان ساخنەکردۆتەوە. لە فارسیدا بۆ ئەو کتێبانەی وەک Reader یان Companion دەردەچن کەڵک لە «کتاب راهنما» یان هەندێک جار «کتاب قرائت» وەردەگرن. «کتاب راهنما» بێجگە لەو مەبەستەی سەرەوە بۆ Guide-یش بەکاردەبرێت، ئەگەرچی هەر سێ حاڵەتەکە لە ئینگلیزیدا چەندین قۆناغ و پلە و ئاست دەگرنەوە؛ بەڵام بەگشتی ئاستی Companion و Reader لەGuide

[1] Edited book

سەرترە، واتە پسپۆڕانەترە. هەندێک ناوی تر وەک «درسنامە»، «کتابنامە»، «پژوهشنامە» و «دانشنامە» «شناختنامە». هەرکام واتا و پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەم بەستێنەدا و بۆ ئەم مەبەستی ئێمە سوودبەخش نین. «ڕابەر» و «ڕێبەر»، وێڕای کەموکووڕییەکانیان، بۆ Guide بەکاردەبرێن. پێشتر هەندێک کەس «ڕابەر» و تەنانەت «هاوڕێ»یان بەکارهێناوە، وەک «ڕابەری ڕۆژنامەوانیی کوردی»، یان «هاوڕێی زمانی ئینگلیزی». «ڕابەر» تاڕادەیەک گرفتسازە، چونکە وێڕای کێشە و واتاکانی دیکەی، بە مانای جۆرێکە لە «"کتاب راهنما» کە لەبری شیکاری، زیاتر ژمارە، خشتە، نوانە و ناونیشانی تێدایە. بێجگە لەمەش، ڕابەر زیاتر بە مانای Leader بەکارئەبرێت. پێم وایە «ڕێنوێن» هاوواتایەکی پڕبەپێست بێت، وەک بۆ نموونە، «ڕێنوێنی زانکۆی کەمبریج بۆ ئەدەبی سەردەمی ڤیکتۆریا، یان ڕێنوێنی ئەکادیمیای کوردی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی».

سەبارەت بە دانانی وتاری ئەکادیمیک، پێویستە بڵێین ئەم جۆرەی نووسینی ئەکادیمیک خۆی تەنیا لە ڕواڵەتی وتاری توێژینەوەیی و ڕەسەندا[١] نابینێتەوە، بەڵکوو چەندین فۆرم و جۆری دیکەشی هەیە، وەک وتاری ڕانان،[٢] کە دوو جۆری ڕانانی کتێب[٣] و ڕانانی وتار[٤] دەگرێتەوە، وتاری کورت،[٥] توێژینەوەی حاڵەت، یان لێکۆڵینەوەی نموونە،[٦] وتاری

[1] Research/original article
[2] Review article
[3] Book review
[4] Article review
[5] Short paper
[6] Case study

کارپێکراو،[1] وتاری چەمکی، یان واتایی،[2] وتاری تەکنیکی[3] و وتاری برەوپێدان.[4] تەنانەت لە هەندێ بواری زانستیشدا وتار هەیە بە نوێ ڕوانگە، یان بۆچوون.[5] هەرکام لەو جۆرانە خاوەنی مۆرک، تایبەتمەندی، ئاست و مەبەستی جیاوازە و هەرکام لە کۆمەڵێک بەشی پێویستی جیاواز پێکهاتوونە.

## ڕێکخستنی جۆرەکانی چالاکیی ئەکادێمیک

کۆڕ و کۆبوونەوی ئەکادێمیک بە شێوەی ئامادەبوون، یان کۆبوونەوەی توێژەران چەندین فۆرمی جیاواز دەگرنەوە و هەرکام خاوەنی پێناسە و تایبەتمەندیی جیاوازی خۆیانن و ئەرکەکانیشیان جیاوازە و بەپێی ئاست و ڕێژەی بەشداربوون، بە سەر چەندین جۆری جیاوازدا دابەش دەکرێن. گرنگترین فۆرمەکانی ئەم جۆرە چالاکییە ئەکادێمیکانە بریتین لە سیمینار، کۆنفرانس، سەمپۆزیۆم، وۆرکشاپ و کۆلۆکوییێم. ئەم چالاکیانە لە ژینگەی ئەکادێمیکدا بەڕێوەدەچن و گرێدراوی گوتاری ئەکادێمیک دەژمێردرێن، بۆیە نەشازە گەر ئاوەڵناوی ئەکادێمی بخرێتە سەریان، لەبەر ئەوەی پێشوەخت بۆخۆیان هەڵگری ئەو تایبەتمەندییەن. بە واتایەکی تر، کەمتر دەبینین لە ڕۆژئاوا کەڵک لە دەستەواژەگەلێک، وەک سێمیناری ئەکادێمیک، یان کۆنفرانسی ئەکادێمیک وەربگیردرێت، کەچی لە کوردی و فارسی و عەرەبیدا بۆتە باو.

---

[1] Applied paper
[2] conceptual paper
[3] Technical paper
[4] Promotional paper
[5] Viewpoint/Opinion

سیمینار بریتییە لە پێشکەشکارییەکی فەرمی لە لایەن کەس، یان کەسانێکی پسپۆڕەوە بۆ بەردەنگی تایبەت و سنووردار لە ماوەیەکی کەمدا بۆ چەند کاتژمێرێک، لە کاتێکدا کۆنفرانس کۆبوونەوەی فەرمیی کۆمەڵێک خەڵکی هاوبوارە کە لەسەر بابەتێک، یان کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدارەوە بۆ بەردەنگی بەرفراوان قسە ئەکەن و لەوانەشە دووسێ ڕۆژ بگرێتەوە. سەبارەت بە پێناسەی سەمپۆزیۆم، ئەبێ بڵێین کۆبوونەوەیەکی فەرمییە کە تێیدا کۆمەڵێک پسپۆڕ بەکورتی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو قسە ئەکەن و بەردەنگیش سنووردارە، چونکە ئەندامان بەردەنگی یەکترن و چەند کاتژمێرێک دەگرێتەوە. لە لایەکی ترەوە، وۆرکشاپ کۆبوونەوەیەکە تێیدا خوێندکاران، یان فێرخوازان بە شێوەی کردەیی فێری لێهاتووییەک دەبن و هەر لەوێش پیشانی دەدەن، یان تاقیدەکەنەوە، بێجگە لەمانەش، چالاکییەکی تری ئەکادێمیک بریتییە لە کۆلۆکویێم، کە کۆبوونەوەیەکی لووتکەییە بۆ پسپۆڕانی بوارێک کە تێیدا لەسەر کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار قسە ئەکەن و وڵامی بۆچوونەکان دەدەنەوە و چەند ڕۆژێک دەگرێتەوە.

ماوەیەکە زیاتر لە جاران گوێمان لە وشەی «دیدار» دەبێت. مەبەستم ئەو کاتانەیە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی زانستی و ڕۆشنبیری کەڵکی لێوەردەگیردرێت. هەندێک نموونەی چەند ساڵی ڕابردوو بریتین لە: دیداری پیرەمێرد بۆ پەندی پێشینان، دیداری شێخ نووری بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، دیداری ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، دیداری هێمن بۆ ئەدەبی ڕۆژهەڵات، دیداری شاعیران: هێمن، هەژار، هێدی، دیداری لەتیف هەڵمەت بۆ ئەدەبی منداڵان. یەکەم جار کە ئەم وشەیەم لە بەستێنی ناوبراودا بینی، ناونیشانی کتێبێک بوو بە ناوی «دیداری شیعری کلاسیکی کوردی» کە

لە هەشتاکاندا لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە. هەر ئەو کات تێگەیشتم بەکارهێنانێکی هەڵەیە؛ بەڵام هیچم نەدرکاند، چونکە وامدەزانی یەک جار بووە و کۆتایی پێدێت، کەچی ئەوڕۆکە بە لێشاو هاتۆتەوە نێو نووسراوەی کوردی. سەیریش لەوەدایە کەس ڕەخنە لەم جۆرە بەکارهێنانە ناگرێت و خەریکە ئەبێتە پەتایەکی دیکەی گوتاری ڕۆشنبیری و تەنانەت ئەکادیمیکمان، بۆیە پێویستە هەڵوێستی لەسەر بگرین. ئەوەی بە دیدار لای ئێمە ناسراوە، زیاتر لە کۆنفرانس نزیکە تا لەو جۆرانەی لە سەرەوە ناوم بردن. گەر دیدار لەبری «فۆرۆم»ی ئینگلیزی و «الملتقى»ی عەرەبی بەکار ببرێت، ئەوە کۆبوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە و چ کەمایەسیی نییە؛ بەڵام لە دونیای ئەکادیمیکدا کۆبوونەوەی لەو چەشنە کەمتر ساز دەکرێت. دیدار هەڵگری واتایەکی ئاساییە و بە مانای سەردان و یەکتربینینە، یان لە واتای پاڵەکیدا وتوویژیش دەگرێتەوە؛ بەڵام بەکارهێنانی لە بەستێنی ئەکادیمیکدا و بە مانای کۆبوونەوەی زانستی نەک هەر دروست نییە، بەڵکوو لێکەوتەی نەرێنیشی لێدەکەوێتەوە. لە کۆنفرانسدا سەرەتا تەوەرەکان دیاریدەکرێن، پاشان پوختەی توێژینەوەکان بۆ هەڵسەنگاندن دەنێردرێن؛ گەر ڕەزامەندییان لەسەر درا، تەواوی توێژینەوەکە ڕەوانەی نووسینگەی کۆنفرانسەکە دەکرێت، کە ئەوڕۆکە خۆی لەو ماڵپەڕەدا کە بۆی دانراوە، دەبینێتەوە. لە کۆنفرانسدا جگە لە وتاربێژی سەرەکی، کەس بۆی نییە بەبێ ئەوەی پێشتر بابەتەکەی هەڵسەنگێندرابێت، وتارەکەی پێشکەش بکات. کۆنفرانس ماڵپەڕ، لیژنەی زانستی، کتێبۆکی پوختەکان و هتد، هەیە.

لە «دیدار»ەکاندا هیچ کام لەو بنەواشانەی سەرەوە لە ئارادا نین و ڕەچاوناکرێن. خەڵکانێک بانگهێشت دەکرێن، قسەی خۆیان دەکەن و

زۆربەی کاتیش قسەکان لە هەوادا دەمێننەوە و گەر هەڵەشیان تێدا بێت، ناکرێت وڵام بدرێنەوە، چونکە دەقەکە لەبەر دەستدا نییە. ڕاستییەکی تاڵی گوتاری «ڕۆشنبیری»ی ئێمە ئەوەیە بەشێک لە قەڵەمبەدەستان توێژینەوەی نوێ بۆ کۆنفرانسەکان ئامادە ناکەن، یان ناتوانن قەبووڵی بکەن کەسێکی تر نووسینەکەیان هەڵبسەنگێنێت. لە «دیدار»دا ئامادەبوونی فیزیکی لەو شوێنکاتەدا گرنگە؛ ئەو بەرهەمەش کە وەک نووسین بە دوایدا دێت دەکەوێتە پەراوێزەوە، هەڵبەت گەر دەقی وا هەر لە ئارادا بێت. لە دیداردا «میتافیزیکی ئامادەبوون» دەور دەگێڕێت، بۆیەش دەقی نووسراو کە دەلالەتە لە ئامادەنەبوون، دەکرێت پاش کۆبوونەوەکە بخوێندرێتەوە، هیچ جێگایەکی تێدا نابێتەوە. لە دیداردا ڕەهەندی زارەکێتی چالاکە؛ دیدارەکانی گوتاری ڕۆشنبیری و تەنانەت سیاسیی ئەورۆ درێژەی هەمان نەریتی کۆنی زارەکین، بۆیەش ئەو چالاکییانە ناچنە خانەی نقیساری کوردییەوە. وێڕای ئەمانەش، دیدار زیاتر لە میوانی و ئاهەنگ دەچێت تا کۆبوونەوەی ئەکادێمیک. سەمپۆزیۆم لە یۆنانی کۆندا بە مانای میوانییە، بەڵام ئەم دوو میوانییە دونیایەک جیاوازییان لە نێواندایە. بەکارهێنانی وشەی دیدار لەبری کۆنفرانس تەنیا ناولێنانێکی ساکار نییە، بەڵکوو دەرخەری دووریی «ڕۆشنبیر» و «نووسەر» و توێژەری کوردە، لە ڕەوتی هاچەرخی داهێنانی هزر و بەرهەمهێنانی زانست کە «دیدار» لەبری کۆنفرانس دانرا، واتە شتەکانمان سەر لە نوێ سادەکردەوە. گەر لە عەرەبیش وەرگیراوە، ئەوە نموونەیەکی باش نییە. دیدار زیاتر لە باشووردا بەکار ئەهێنرێت و تا ئێستا لە ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوا نەمبینیوە بۆ ئەو مەبەستە دابنرێت. پێناسە و پۆلێنکردنی کۆڕ و کۆبوونەوە زانستییەکان لە

ئەستۆی وەزارەتی خوێندنی باڵادایە و پێویستە هەمووان ڕەچاوی بکەن. هاوکات پێویستە چالاکییە فەرهەنگییەکان لە پارچەکانی کوردستاندا مۆرکی ئەکادیمیک و مامەڵەی ڕەخنەگرانە لەخۆبگرن، دەنا ناچنە خانەی پەرەپێدانی زمان، ئەدەب و چاندەوە. پێدەچێت هەستی نۆستالژیکی بەشێکی هەڵسووڕاوانی کاروباری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری بۆ حەفتاکان و هەشتاکان هێندە قووڵ بێت کە بەر بە هەر چەشنە چاکسازییەک لە میکانیزمی بەڕێوەبردنی چالاکییەکاندا دەگرێت.

## چاکسازی لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەدا

نووسینی ئەکادێمیک، لە یەکەم چرکەساتی لە دایکبوونی بیرۆکەکەوە تا کاتی بلاوبوونەوەی، بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت و ئەم پرۆسەیەش زۆربەی کات ماوەیەکی زۆر دەخایێنێت. وەک حەقیقەتێکی تاڵ، بەشێکی زۆری کتێب و وتارە کوردییەکان نیوەی ئەو قۆناغانەش نابڕن، بۆیە پێویستمان بە چاکسازییە لەم ڕەوتەدا و لێرە پشکی شێر بەر هەڵسەنگاندنی نووسینەکە بەر لە بڵاوبوونەوە دەکەوێت کە گرنگترین قۆناغی پرۆسەکەشە. پێویستە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە زەینییەتی توێژەران، بەرپرسانی گۆڤارەکان و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی کتێب سەبارەت بە پێناسەی دونیاداگری توێژینەوە و نووسینی زانستی بێتە ئاراوە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا یەک بگرنەوە. هۆکاری بەشێکی زۆری کەمایەسییەکانی بڵاوکردنەوە لای ئێمە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیستەمی بڵاوکردنەوەی نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان کردۆتە نوێنەک، بێئەوەی بزانین سیستەمەکانی ئەوانیش چەندین ڕەخنەی جیدییان لەسەرە.

هیوادارم بەشێکی بچووکی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە زیاتر گرنگی بدەنە پێشکەشکردنی توێژینەوە تا چاپکردنی کتێب. توێژینەوە پێویستە بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی نووسینی ئەکادێمیک پێشکەش کرابێت، نەک وەک ئەو پێودانگ و شێوەیەی لە ناو ڕۆشنبیرانی فارس و عەرەبدا باوە، واتە لەبری ئەو کتێبەی بەر لە بڵاوبوونەوە کەس پێیدا ناچێتەوە، توێژینەوەیەک بنووسن کە بەر لە بڵاوبوونەوەی هەڵسەنگێنەران بیخوێننەوە. گەر کتێبیشە، ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە، دەقەکە بەر لە چاپبوونی بنێرن بۆ هەڵسەنگێنەران. بەشێکی زۆری گۆڤارە کوردییەکان و زۆرینەی ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی کتێب لە کوردستان بنەما و ڕێساکانی زانستی بڵاوکردنەوە ڕەچاو ناکەن، بۆیەش ناوەندەکانی دەرەوە دان بە بەرهەمە کوردییەکاندا نانێن. بڵاوکردنەوەی کوردی، بە کتێب و گۆڤارەوە، پێویستی بە گۆڕانکاریی پارادیگماتیک هەیە، واتە پێویستە پاردایمی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لای ئێمە لە لەچاپدانی خێراوە بگۆڕدرێت بۆ هەڵسەنگاندنی بەر لە چاپ، لە لایەن پسپۆڕانی ئەو بوارەوە. ئەم وتانە بە هیچ شێوەیەک بە مانای سانسۆر نین، بەڵکوو مەبەست هەڵسەنگاندنی زانستییە کە ئەرکە سەرەکییەکەیە و لە دواقۆناغیشدا دەگاتە پێداچوونەوەی زمانی لە ڕووی ڕێزمان و ڕێنووسی یەکگرتوو. ئەمەش ئەو ڕەوتەیە هەموو گۆڤارێکی دانپێدانراو و هەموو ناوەندێکی متمانەوەرگرتووی بڵاوکردنەوەی کتێب لە جیهاندا پەسەندیان کردووە.

لە ڕەوتی پییر ڕیڤیودا سەرەتا ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکان گرنگە و پاشان تاوتوێی ڕەهەند و بابەتە گشتییەکانی نووسینەکە دەکرێت و پێویستە کۆمەڵێک فۆرم و فایلی دیکەش ئامادە بن. پاشان قۆناغی

هەڵسەنگاندن دەست پێ‌دەکات و نابێت هیچجۆرە ناو و نیشانێکی نووسەرەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە وتارەکەدا هەبێت. سەرەتا دەقەکە دەنێردرێت بۆ دوو هەڵسەنگێنەر کە دانەری نووسینەکە ناناسن وەک چۆن دانەر نازانێت هەڵسەنگێنەران کێن. ئەم جۆرە لە هەڵسەنگاندن بە داخراو، یان کوێر ناسراوە. دوای ئەوەی سەرنجی هەڵسەنگێنەران دەنێردرێت بۆ دانەر، دەقی تازەی نووسینەکە بۆ هەڵسەنگێنەری سێیەم ڕەوانە دەکرێت کە وەک چاودێری گۆڕانکارییەکانی دەقە، بڕیار دەدات. پاشان، بەراوردی سەرچاوەکانی کۆتاییی نووسینەکە و سەرچاوەکانی نێو دەقەکە و بە پێچەوانەش، بەجۆرێک کە لە پێڕستی سەرچاوەکاندا بە هەموو سەرچاوەکانی نێو دەقەکە ئاماژە کرابێت و تەواوی سەرچاوەکانی کۆتاییی نووسینەکەش لە دەقەکەدا بەکارهێنرابن. لە دواقۆناغی ئەم بەشەدا نووسینەکە دەنێردرێت بۆ هەڵەچنی زانستی و ئەدەبی. لە دواییشدا نوسخەی کۆتایی پێش لە چاپ دەنێردرێت بۆ دانەر بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ بڵاوبوونەوە.

چاپەمەنیی کوردی، بە کتێب و وتارەوە، وەک دوورگەیەکی دوورەدەست و داخراون لە جیهانی ئەوڕۆدا. کتێب، گۆڤار، وتار و تەنانەت خودی توێژەرانیش لە جیهانی ئەوڕۆدا خاوەنی دەیان کۆد و ناسێنە و ژمارەی چەشناوچەشنی ستانداردی نێودەوڵەتین، کە زۆربەیان لای ئێمە لە گۆڕێدا نین و نەناسراون. ئەوەی جێگای سەرنجە و نابێت پشتگوێ بخرێت ئەوەیە هەر جۆرە گۆڕانکاری و پەرەسەندنێک لەم ڕووەوە لە درێژماوەدا نەک هەر کار لە "زمانی کوردی" دەکات و لانیکەم لە ڕووی ڕێنووس و شێوازی بابەتیانەی نووسینەوە یەکدەستی دەکاتەوە، بەڵکوو جێگە و پێگەکەشی لە ڕووی ئامادەبوون و ئاماژەمەندییەوە لە ناو

زمانەکانی تردا دەباتە سەرێ و بەم شێوەیەش زمانەکە دەبووژێتەوە. (بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ١٢: قۆناغەکانی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی زانستی)

## ڕیزبەندیی گۆڤارە ئەکادێمیکەکان

گۆڤارە زانستییەکان لە وڵاتانی جیاجیا و لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پێودانگ ساڵانە ڕیزبەندییان بۆ دەکرێت. ئەو گۆڤارانی لە سکۆپوس نوانەکراون و بەپێی کۆمەڵێک پێوەر وەک Q و SJR و SNIP ڕیزبەندی دەکرێن. لە وێبئاڤسایێنسدا گۆڤارەکان لە JCRدا بەپێی IF ڕیزبەندییان بۆ دەکرێت. گۆڤارە کوردییە ئەکادێمیکەکان لە ئێران و تورکیا لە لایەن هەندێک ناوەند نێوخۆیی ئەو وڵاتانەوە ڕیزبەندی دەکرێن. لە وەزارەتی خوێندنی باڵای ئێران بەپێی a و b و c و d ڕیزبەندی دەکرێن. لە ناوەندی ISC گۆڤارەکان سەرەتا بەپێی ئەوەی Citationیان هەیە، یان نا، دەکرێنەوە دوو بەش و پاشان ئەو بەشەی هەیەتی بۆخۆی دەکرێتە سێ بەش و هەر بەشێکیش دەبێتە خاوەنی Qی تایبەت بەخۆی.

لە باشوور گۆڤارە دانپێدانراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕیزبەندییان بۆ ناکرێت کە ئەمە خەسارێکی گەورەیە و هیوادارم هەرچی زووتر دەست بکرێت بە ئەنجامدانی ڕیزبەندی بۆ گۆڤارەکان. تا ئێستا هیچ گۆڤارێکی زانکۆیی لە باشوور بە گوێری سایتەیشن ڕیزبەندی نەکراوە. کێشەکە ئەوەیە کە ئەم گۆڤارانە سایتەیشنیان نییە، کەواتە یان پێوستە پوختەی درێژکراوی ئینگلیزی لە هەموو وتارەکاندا دابن کە لە بەشی دواییدا باسی دەکەم، یان هەوڵبدەن لە ئایئێسسیدا نوانە بکرێن، چونکە تاقە ناوەندێکە بۆ دەستەبەرکردنی

سایتەیشن بۆ ئەو نووسینانەی بە ئەلفبێی عەرەبین. لێرەدا مەبەست لە سایتەیشن ئەوە نییە کە لە لایەن گووگڵ سکالێرە دابین دەکرێت، چونکە لە لایەکەوە تایبەتە ئەلفبێی لاتینی و لە لایەکی تریشەوە، هیچ سیستەمێک ڕیزبەندی بۆ گۆڤار کەڵکی لێوەرناگیردرێت.

خاڵێکی گرنگی تر ئەوەیە ئەو مەرج و تایبەتمەندییانەی لە هەرێم بۆ گۆڤارە زانکۆییەکان دانراون هەموویان خاڵی گشتی و سادەن و کەم گۆڤار هەیە نەتوانێت دەستەبەریان بکات. پێویستە پێشمەرج و مەرجەکان لە لایەن وەزارتەوە چڕتر بکرێنەوە، بۆ ئەوەی گۆڤارەکان پێشبکەون و لەم حاڵەتە وێستاوییەی ئێستا بێنە دەرێ. گەر گۆڤارەکانمان بەو ئاراستەیەدا نەڕۆن، نەمانیان لە دونیای ئەوڕۆدا مسۆگەرە. کێشەکە تەنیا لە گۆڤارە ئەکادێمیکەکاندا نییە، چونکە لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیشدا گۆڤاری وامان هەیە، تەنانەت دەستەی نووسیارانیشی نییە؛ گەر هەشیانە، بابەتەکانیان بە مەبەستی هەڵسەنگاندن نانێردرێت.

گەر نووسەران و توێژەرانی کورد بە ئاراستەی ڕەوتی دونیاداگری توێژینەوەدا هەنگاو هەڵنەگرن، نابێ چاوەڕێی هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی فیکری و زانستی بین. ڕۆشنبیران، نووسەران، توێژەران، مامۆستایانی زانکۆ و تەنانەت ڕۆژنامەوانان و ڕاگەیێندکارانی کورد چیدی نابێ خۆیان لەم ڕەوتە دونیاداگرەی بەرهەمهێنانی فیکری و زانستی دووربخەنەوە. ئەوان پێویستە بەشداریی زیاتریان هەبێت لەو چالاکیانەی، بە کۆنفرانس و ژورناڵەوە، جۆرێک لە کۆدەنگییان لەسەر و متمانەی نێودەوڵەتییان پێ بەخشراوە. هاوکات، ئاراستەیەک دەبینم کە پشتگیریی نووسین بە کوردی ناکات؛ بۆ نموونە، ماڵپەڕی هەندێک گۆڤار بە تەنیا گرنگی نووسین بە ئینگلیزی دەدات.

## ڕێکخستنی ناونیشانی ئەلکترۆنیک

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ناونیشانی ئەلکترۆنیکی ناوەندە زانکۆیی و ئەکادێمیکەکان بە یەک شێوە و لە ڕواڵەتێکی یەکگرتوودا ڕێکخراون؛ بۆ نموونە، ناونیشانی سەرجەم زانکۆکانی وڵاتێکی گەورە و بەرینی وەک هیند بەac.in کۆتاییان پێدێ. لە خوارەوە، دوابەشی URL، یان ناونیشانی زانکۆکان لە هەندێ وڵاتدا دەبینن:

وڵاتە یەکگرتووەکان: edu

تورکیا: edu.tr

بریتانیا: ac.uk

ئێران: ac.ir

ژاپۆن: ac.jp

زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک بەشێک لە ئێران، وەک زانکۆکانی تری ئێران بە شێوەیەک ناونیشانی ئەلکترۆنیکییان بۆ دابینکراوە. لە باکووریش زانکۆکان وەک ئەوانەی تورکیا ڕێکخراون؛ بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا زانکۆکان لەم ڕووەوە یەکدەست نین و ناونیشانی هەرکام بە شێوەیەکی جیاواز دانراوە؛ بۆ نموونە، سەیری ئەم ناونیشانانە بکەن.

زانکۆی سەلاحەدین[١]: edu.krd

زانکۆی سلێمانی[٢]: edu.iq

زانکۆی دهۆک[٣]: ac

زانکۆی چەرموو[٤]: org

---

[1] https://su.edu.krd/

[2] https://univsul.edu.iq/

[3] http://web.uod.ac/

[4] http://www.charmouniversity.org/

پێوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان ناونیشانی ئەلکترۆنیکی زانکۆکان و گۆڤارەکانیاندا هەیە. بە واتایەکی تر، هەرچی ناونیشانی ئەلکترۆنیکی زانکۆکان ڕێکوپێک و تایبەت بێت و دەربڕی مۆرکی ئەکادێمیکی ئەو ناوەند بێت، بێگومان سەرجەم ئەم تایبەتمەندییانەش ماڵپەڕی گۆڤارەکە دەگرنەوە، چونکە ماڵپەڕی گۆڤارە ئەکادێمیکەکان، ژێرچەشنی ماڵپەڕی ئەو ناوەندە ئەکادێمیکەن کە گرێدراوین.

ناونیشانی زانکۆکانی پەنجا ویلایەتی ئەمریکا لە یەک مۆدێل پەیڕەوی دەکەن؛ بەڵام لە کوردستان هەر زانکۆیەک ناونیشانی جیاوازی خۆی هەیە. ماڵپەڕی گۆڤارە ئەکادێمیکەکان کۆسپی گەورەی بو گۆڤارەکان دروستکردووە. لە هەرێم تەنانەت هەندێکیشیان هەر بە کوردی نین و زیاتر گرنگییان داوە بە ئینگلیزی. لەمەشدا یەکگرتوو نین، بە جۆرێک کە ئەگەر دەکرێنەوە، ڕاستەوخۆ لەسەر زمانێکی جیاواز لەوی تر دەردەکەون. ڕێکخستنی ناونیشانی ئەلکترۆنیکی گۆڤارەکان بۆ نوانەسازیی گۆڤارەکان هەنگاوێکی گرنگە. لە بەشی دواییدا کۆمەڵێک خاڵی تر هەر سەبارەت بە ماڵپەڕی گۆڤارەکان دەدرکێنین.

## چاکسازی لە ماڵپەڕی ژورناڵەکاندا

ماڵپەڕی زۆربەی گۆڤارە ئەکادێمیکە کوردییەکان هەڵگری دەیان کەموکووڕین و تا چارەسەر نەکرێن مەحاڵە لە لایەن ناوەندە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی نوانەسازییەوە دانیان پێدابنرێت. سەرەتا ئەوە بڵێین کە گرنگترین بەشی ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادێمیک بریتییە لە سیستەمەکەی، واتە ئەو بەشەی ماڵپەڕەکە بۆ کار تێیدا پێویستی بە خۆناونووسکردن و پاشان چوونەژوورەوە هەیە. لە فارسیدا بەم سیستەمە «سامانە» دەڵێن،

لە کوردیدا هەمان سیستەم کە ئینگلیزییە دابنرێت. ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادێمیک پێویستی بە سیستەمی چالاک هەیە، بۆ ئەوەی توێژینەوەکان لەو ڕێگەیەوە ڕەوانە بکرێن و هەر لەو ڕێگەیەشەوە بۆ هەڵسەنگاندن بنێردرێن و سەرجەم مێکانیزم و پرۆسەکەش هەر لە ناو سیستەمەکدا جێبەجێ بکرێت و بەم جۆرە هەموو توێژینەویەک دەبێتە خاوەنی هیستۆریی تایبەت بە خۆی کە ناسرڕدرێتیشەوە. ئێستا چیدی توێژینەوە بە ئیمەیل بۆ گۆڤارەکان نانێردرێت؛ بەڵام وەک دەبینین هێشتا ژمارەیەکی زۆری گۆڤارە ئەکادێمیکە کوردییەکان بەم شێوەیە وتارەکان وەردەگرن. هەندێک بەشی پێویست لە ماڵپەڕەکاندا ئەبێ هەبن، وەک ئەو بەشانەی تێیاندا سیاسەتی گۆڤارەکە لە حاڵەتە جیاوازەکاندا ڕوونکراوەتەوە (پرۆسەی هەڵسەنگاندنی هاوتا، مێکانیزمی پێواژۆکاریی وتارەکان، چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی نموونەکانی دزیی زانستی، یان ساختەکاری، ڕێساکانی هەڵسوکەوتی ئەندامانی دەستەی نووسیارن و دانەران و هەڵسەنگێنەران و هتد). هەرەهاش پێویستە بە شێوەیەکی بەرچاو ئاماژە بۆ چوارچێوەی ئەخلاقی توێژینەوەی گۆڤارەکە بکرێت. پێویستە ئەندامێتیی لە ناوەندەکانی کۆپی رایت، یان ئەخلاقی توێژینەوە ڕابگەیێندرێت. سەبارەت بە وەرگرتنی پارە لە دانەران پێویستە بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ بکرێت و گەر پارە وەردەگیردرێت، بڕەکەی و کات و شێوەی وەرگرتنەکە دیاریبکرێت و نابێ تاکەکەسی بێت. لە پاڵ ئەمانەشدا پێویستە نموونەی فۆرمی دژایەتیی قازانجەکان لەسەر ماڵپەڕەکە لەگەڵ ئیمەیلی وتاری بڵاوکراوە دابنرێت.

پێویستە ڕێنماییەکانی چۆنیەتی دانان و وەرگرتن و چاپی وتار لە گۆڤارەکە بە ئاشکرا و بە وردی باس بکرێن. ماڵپەڕ پێویستە بە شێوەی

بەردەوام بەڕۆژبکرێتەوە (نووسینەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتەکان، نوانەکانی نوێ، گۆڕانکاریی بنەماکانی گۆڤارەکە، ڕێکخستنی مێنۆکان، ڕێکخستنەکانی ماڵپەڕ و هتد). پێویستە وتارەکانی سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکە بە شێوەی ئانلاین بەردەست بن. پێویستە زانیاری تەواو لەسەر ئەندامانی دەستەی نووسیاران، ئاستی خوێندن و پلەی زانستییان، بواری پسپۆڕییان، ناونیشانی ئیمەیل و گرێدراویی دامەزراوەییان و ناونیشانی تەواوی شوێنی کار دابنرێت. هەر ئەم زانیارییانە بۆ دانەری وتارەکانیش پێویستن. پێویستە پێوانی گۆڤارەکە بە شێوەی خشتە دابنرێت، وەک ژمارەی وتارە نێردراوەکان، ژمارەی وتارە پەسەندکراوەکان، یان ڕەتکراوەکان. هەروەها پێویستە ئەو نوانانەی گۆڤارەکەیان پەسەند کردووە، دابنرێن.

## بڵاوکردنەوە و نوانەسازی

هەڵەیە گەر وا بزانین بڵاوبوونەوە دواهەمین قۆناغی کاری گۆڤاری ئەکادێمیکە. بەر لە بڵاوبوونەوە پێویستە سەرجەم داتاکانی نێو فایلەکان و ئەوانەی ناو سیستەمەکە پێکەوە یەکسان بن، واتە ناونیشانی وتار و نووسەران و زانیاری لەسەر نووسەران، پوختە و سەرچاوە و ژمار و ڕیزی وشەگەلی سەرەکی لە هەموو زمانەکاندا؛ بۆ نموونە، زۆرجار دەبینین فایلی ئەلکترۆنیکی وتارەکە لەگەڵ زانیارییەکانی هەمان وتار لەسەر ماڵپەڕەکەدا یەک ناگرنەوە و جیاوازییان هەیە. کۆمەڵێک قۆناغی گرنگیش هەن کە پێویستە پاش بڵابوونەوە ئەنجام بدرێن کە هەندێکیان بریتین لە دانانی وتارەکانی ئەو ژمارەیە لە گووگڵ سکالَر، ئەکادێمیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تری پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوە، یان ناوەندەکانی

نوانەسازییەوە. هەروەهاش، پێویستە بەدواداچوون بکرێت بۆ ڕەوتی نوانەسازیی تەواوی ژمارەکانی بڵاڤۆکەکە لە نوانەکانی ئێستایدا، دانانی پوختەی ئینگلیزیی پێکهاتوو لە ناونیشانی وتار، ناو و گرێدراویی ڕێکخراوەییی نووسەران، پوختە و وشەگەلی سەرەکی لە هەندێک ماڵپەڕدا، نووسینەوە و دانانی هەموو زانیارییە پێویستەکان بە شێوەی ئیکسئێمئێل لە ماڵپەڕی گۆڤارەکەدا بە مەبەستی ئەوەی سایتەیشنەکان لە هەندێ ماڵپەڕ و نوانەدا، وەک گووگڵ سکالێر، بە شێوەی خۆکار دابنرێن.

# بەشی حەوتەم: ئاماژەپێویی نووسینی ئەکادێمیکی کوردی

**ئاواتێک بۆ زمانی کوردی: ئاماژەکاری و هاوکۆلکەی کاریگەری**

زمانی کوردی گەرچی لە چەندین ڕووەوە بە زمانێکی دەوڵەمەند و فرەڕەهەند و خاوەن پاشخانی پتەو دادەنرێت؛ بەڵام لە جیهانی ئێستادا وەک زمانێکی هەژار سەیر دەکرێت، چونکە نەک تەنیا هەر لە خوارووی ڕیزبەندییە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ نوانەسازیی نووسینی زانستیدا بوونی نییە، تەنانەت هیچ ناونیشانێکیشی لە سیستەمەکانی ڕیزبەندیی زمانەکان سەبارەت بە نووسینی زانستیی بۆ دابین‌نەکراوە، بەم پێیە یەکسانە بە سفر. گەرچی هەندێک لە شێوەزارە کوردییەکان لە ژێر مەترسیی توانەوە و لەناوچوون‌دان؛ بەڵام هەندێکیشیان بە درێژایی مێژوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە فۆلکلۆر و ئەدەب و هونەری کوردیدا پارێزراون و پەرەیان سەندووە و لەسەر دەستی سەدان شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەوان، توێژەر، وەرگێڕ، زمانەوان و هونەرمەندی دڵسۆز و بلیمەت گەشەیان کردووە؛ بەڵام ئەم زمانە وێڕای ئەو هەموو لق‌وپۆپە و ئەو مێژووە دروەشاوەیە ئێستا بێ‌بەشە لە زۆر دەرفەتی گەشانەوە و بووژانەوە. توێژینەوەی ئینگلیزیی توێژەرانی وڵاتان وەک بەشێک لە سەروەرییەکانی زمانی ئینگلیزی هەژمار دەکرێت؛ بۆ نموونە، گووگڵ سکالێر ئاماژەکاری و سایتەیشن تەنیا بو ئەو

بەرهەمانە دەکات کە بە ئینگلیزی نووسراون. گووگڵ سکالێر پشت دەبەستێتە ئەو ماڵپەڕ و تۆڕە تایبەتانەی تەرخانکراون بۆ نووسینی زانستی لە ڕواڵەتی وتار و کتێبدا. ئەکادێمیا و ڕیسێرچگەیت هەر تەنیا دوو نموونەی بچووکی ئەو دەزگا زەبەلاحانەن کە میلیۆنان نووسینی زانستییان لەخۆگرتووە. توێژەرانی کوردی کوردی‌نووس ئامادەبوونێکی لاوازیان لەو جۆرە شوێنانەدا هەیە و ژمارەی توێژەرانی کوردی ئینگلیزی‌نووسیش لەو مەکۆیانەدا بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی تر زۆر کەمە.

لە ئێراندا جگە لە چالاکیی چەندین ناوەندی نوانەسازی بۆ نووسینی فارسی، بەم دواییانەش ژمارەیەک دەزگای گەورە بۆ ئاماژەپێویی نووسینی فارسی دانراون؛ بۆ نموونە، ناوەندی ئای‌ئێس‌سی (ISC) لە شیراز لە ڕووی تۆمارکردنی ئاماژەکانی دەقی فارسییەوە تاڕادەیەک هاوشێوەی گووگڵ سکالێرە و سەرجەم ئاماژەکان دەپێوێت و هەژمار و پۆلێنیشیان دەکات. وتارێک کە گەیشتە ئەو قۆناغە، کار دەکاتە سەر "هاوکۆلکەی کاریگەریی ئەو گۆڤارەی وتارەکەی تێدا بڵاوبۆتەوە. هاوکۆلکەی کاریگەری، یان IF ئەو دەستەوشە نامۆیەی هەر دوو گوتاری ڕۆشنبیرانە و ئەکادێمیکی کوردییە کە زۆرینەی ئەندامانی ئەو دوو گوتارە بایەخی پێ نادەن.

خوێندکارانی زانستە پزیشکییەکان زیاتر لە چارەکەسەدەیەکە بەردەوام گوێیان لە مامۆستاکانیانە کە دەڵێن: گەر توێژینەوەکەتان لە گۆڤارێکی بی‌ئای‌ئێف‌دا بڵاوبکەنەوە، وەکوو ئەوەیە هیچتان بڵاونەکردبێتەوە. ئەم گوتە فرەپاتەی گوتاری ئەکادێمیکی پزیشکی، لە جیهانی ئێستاماندا لە زانستە مرۆییەکانیشدا ڕەچاو دەکرێت. گەر

مامۆستای زانکۆ لە ئێران، لە هەموو بەشە زانستییەکاندا، وتار لە گۆڤاری بەبێ ئایئێف بڵاوبکاتەوە، هیچ قازانجێکی زانستی دەست ناکەوێت و نمرەی سفریشی بۆ تۆمار دەکرێت. بەشێکی ئەو گۆڤارە بیانییانەی لە زانکۆکانی هەرێم دانیانپێدانراوە لە زۆربەی وڵاتاندا لە لیستی ڕەشدان. لە کۆمەڵێک وڵاتدا، وەک ئێران و تورکیا و ئیمارات، دەیان ماڵپەڕ و دەزگا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڤارانە دانراون، کەچی نازناوی مامۆستای زانکۆ لە هەرێمدا بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتار لەو گۆڤارانەدا بەرزدەبێتەوە. لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ٤٥ گۆڤاری زانکۆیی متمانەپێدراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بڵاو دەبنەوە. بێجگە لە دوو گۆڤار لە زانکۆی کۆیە و گەرمیان، کە بەم دواییانە بوونە خاوەنی نوانەی ئاستبەرز، ئەوانی دیکە خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری نین و ئەو وتارانەش کە لەواندا بڵاو دەبنەوە خاوەنی سایتەیشن نین. ئەو گۆڤارانە نە لە لایەن ناوەندەکانی نوانەسازیی دەرەوەی هەرێمەوە دانیانپێدانراوە و نە لە خودی هەرێمیش ناوەندێکی لەو چەشنە دامەزراوە، بۆیە گەر مامۆستایەکی زانکۆ لە دەرەوەی هەرێم توێژینەوەکەی خۆی لەو گۆڤارانەدا بڵاوبکاتەوە، هیچی دەستناکەوێت و ئەو زانکۆیەی تێیدا کار دەکات پەسەندی ناکات. دەداتێ.

نووسینی کوردی تا نەگاتە ئاستی "نوانەکراوێتی" و پاشان "ئاماژەپێوان" و گۆڤاری کوردی تا نەبێتە خاوەنی ئایئێف (IF) و وەشانگەکانی بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی، تا نەبنە ئەندام لەو ماڵپەڕانەی ئەرکی نوانەسازی و ئاماژەپێوییان لە ئەستۆدایە، دۆخ و ئاستی زمانی کوردی هەر بەو شێواوی و هەژارییەی ئێستا دەمێنێتەوە. تۆمارکرانی

ئاماژەکاری (سایتەیشن) بۆ نووسینی کوردی ئەو خەونەیە ساڵانێکە لێرە و لەوێ باسی دەکەم و تا ئێستا هیچ هەنگاوێکیشی بۆ نەنراوە. دیارە ئەم کارە لە سنووری توانی تاکەکەسدا نییە و ئەرکی دەسەڵات و کۆمەڵێک وەزارەت و بەتایبەت وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕۆشنبیری و پەروەردە، یان لە چوارچێوەیەکی بچووکتردا، ئەرکی زانکۆکان و بەتایبەت ناوەندێکی وەک ئەکادێمیای کوردییە، شێلگیرانە لەم پێناوەدا هەنگاو هەڵبگرن. قۆناغە سەرەکییەکانی گەشەسەندنی زمانی کوردی لە لایەکەوە و نووسینی ئەکادێمیکی کوردی لە لایەکی ترەوە لەم ڕووەوە بریتین لە:

یەکەم: دانانی کتێبخانەی ئەلکترۆنیک کە لە نڤیساری توێژەرانەی کوردی پێکهاتبێت؛

دووەم: دامەزارندنی بنکەدراوە، یان بنکەی دیجیتاڵی زانیاری لەسەر بنەمای سەرچاوەی ئەلکترۆنیک؛

سێیەم: نوانەسازیی نڤیساری توێژەرانەی کوردی، بەتایبەت بۆ گۆڤارە ئەکادێمیکەکان؛

چوارەم، پێشاندان و خستنەڕووی ئاماژەکاری و ئاماژەمەندیی دەقەکان؛

پێنجەم، پێوانی ئاماژەکان؛

شەشەم، دابینکردنی هاوکۆلکەی کاریگەری بۆ گۆڤارەکان بەپێی ئاماژەپێویی نووسینەکان.

جگە لەو خاڵانە، چەندین قۆناغی لاوەکیش وەک، دیاریکردنی پێنوێنی خێرایی بۆ گۆڤارەکان، گۆڤارە ئاماژەپێکراوەکان، گۆڤارە ئاماژەپێدەرکان و چارەکسازی لە ئارادان. لە ڕۆژئاوا زمانی ئینگلیزی و

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زمانی فارسی سەرجەم ئەو قۆناغانەی سەرەوەیان بڕیوە و ئێستا نووسینی ئەکادێمیک بەو دوو زمانە خاوەنی چەندین مۆرک و کۆد و هاوکۆلکە و ژمارەیە کە زمانێکی وەک کوردی لەوانە بێبەشە.

**سایتەیشن و ئەلفبێ لە زارە کوردییەکاندا**

لە گوتاری ئەکادێمیکی هاوسەردەم و جیهانیدا، بە پێچەوانەی گوتاری ڕۆشنبیریی ئەو ناوچەیەی ئێمە تێیدا دەژین، چۆنیەتی و چەندێتیی سایتەیشن و تۆمارکردنی ئاماژەدان بە نووسراوەکان لە لایەن بەرهەمی ترەوە بە هۆکارێکی گرنگی ڕادەی کاریگەربوونی ئەو نووسینە دادەنرێت، کە ژمارەی ئاماژەپێدانی وتارەکە ڕووی لە زیادبوون کرد، ئایئێفی (IF)، واتە ڕادەی کاریگەریی ئەو نووسینە و ئەو گۆڤارەی نووسینەکەی بڵاوکردۆتەوە دەچێتە سەر. ئاماژەپێویی نووسینەکان و ئایئێفی گۆڤارەکان هێندە بۆ توێژەرانی بوارە زانستییەکان گرنگن کە ئەوڕۆکە زۆربەی توێژەرانی ئاستبەرزی دونیا لە هەموو بوارەکاندا نووسین لە گۆڤارێکی بێ ئایئێفدا بڵاو ناکەنەوە.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە سایتەیشن لە زمانی کوردیدا ئەوەیە کە لە کوردیی سەرووا (واتە لە کورمانجیدا و زیاتر بۆ توێژەرانی باکوور و ڕۆژئاوا) سایتەیشن بۆ دەقی کوردی هەژمار دەکرێت، کەچی ئەم خەسڵەتە لە کوردیی ناوەندی و خوارووا (واتە لە ڕۆژهەڵات و باشووردا) هیچ دەق و نووسراوەیەک ناگرێتەوە. کوردیی ناوەندی، سەرەڕای ئەوەی بۆ بەشێکی زۆری کورد، زمانی پێوەرە، لە ڕووی سایتەیشنەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کوردیی خواروو و

هەورامیدا نییە، چونکە هیچکام خاوەنی سایتەیشن نین. بە واتایەکی ڕوونتر، سایتەیشنی سەرجەم نووسینە کوردییەکان، بێجگە لەوانەی بە ئەلفوبێی لاتینی (ڕۆمی) نووسراون، سفرە. توێژەری لاوی باکووریمان هەیە، تەنیا یەک وتاری بە کورمانجی نووسیوە و بەوەشە بۆتە خاوەنی سایتەیشن، کەچی هەموو ئەو توێژەر و نووسەرانەی بە کوردیی ناوەندی دەنووسن بە هەموویانەوە نەبوونەتە خاوەنی تەنانەت یەک سایتەیشن لە ئینتێرنێتدا. هۆکاری ئەو جیاوازییەش چەشنی ئەلفبێی بەکارهاتووە لە نووسینەکاندا.

هەموو ناوەند و دەزگاکانی نوانەسازی و ئاماژەپێویی نووسینی زانستی لە دونیادا، ئەلفبێی ڕۆمی (ئەوەی لای ئێمە بە "لاتینی" ناسراوە) هەژمار دەکەن، کەچی ڕەوشەکە بۆ ئەو نووسینانەی ئەلفبێی دیکە بەکارئەهێنن جیاوازە. تەنیا ناوەندێک ئاماژەپێدانی نووسین بە ئەلفبێی ئارامی–عەرەبی هەژمار دەکات ئەویش ناوەندی نوانەسازیی ISCیە لە ئێران کە سایتەیشنی دەقی فارسی، عەرەبی و هەر زمانێک بەم ئەلفبێیە بێت، هەژمار دەکات (وەک ئوردوو، پەشتوو، تورکی ئازەری، کوردی و هتد). لە لایەکی تر، وڵاتانی عەرەبی پشتگیری بەرهەمهێنانی دەقی زانستی بە ئینگلیزی دەکەن، بۆیەش بە ٢٢ دەوڵەتەوە یەک ناوەندیشیان بو سایتەیشنی دەقی عەرەبی دانەناوە. لە چەندین سیمیناردا پەنجەم لەسەر ئەو خاڵە داناوە کە ئەو کارەی تورکیا بۆ زمانی تورکی و ئێران بۆ زمانی فارسی کردیان، ٢٢ دەوڵتی عەرەبی بۆ زمانی عەرەبییان نەکرد.

ئێمە لە کوردیی ناوەندیدا، بەهوی چەشنی ئەلفبێی بەکارهاتوو لە نووسینەکانماندا، دوو نموونەمان لەبەر دەستدایە، یان وەک زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان بە سڕینەوەی پرسیارەکەوە کێشەکە یەکسەر پشتگوێ

بخەین و پشتگیریی سایتەیشن بە ئینگلیزی بکات، یان وەک چۆن لە ئێران ناوەندێک بۆ گەشەی فارسی لەو ڕووەوە دانراوە، ئێمەش ببینە خاوەنی ناوەندێک بۆ گەشەی کوردی لەو پێناوەدا. پێشتریش لە دەیان نووسیندا و بەپێی چەندین بەڵگەی پشتڕاستکراو وتوومە ئەو کارەی ئێران بۆ زمانی فارسی کردوویەتی بووەتە هۆی بووژانەوەی بەرچاوی زمانی فارسی. بەراوردێکی خێرای ژمارەی ئامادەبوونی نووسینە فارسییەکان لە ناوەندە گرنگەکانی دونیا لە بیستساڵی رابروو و ئێستادا زۆر خاڵی نادیارمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. سەرنجدان بە هاوکۆلکەی کاریگەریی ئەو گۆڤارانەی بە فارسی و عەرەبی و تورکین لەگەڵ گۆڤاری کوردی کە خاوەنی تایبەتمەندیی لەم چەشنە نین زۆر خاڵمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە گرنگترینیان ئەوەیە نڤیساری توێژەرانەی کوردی - بە کتێب و وتارەوە — با ئەگەر ئامادە کرابێت و خوێنەریشی هەبێت، بەڵام وەک ئەوەیە بڵێین تا ئێستا هیچ بابەتێک لە بواری زانستی و فیکریدا بە کوردیی ناوەندی نەنووسراوە.

### ئاماژەپێوی و هاوکۆلکەی کاریگەری لە کوردیی ناوەندیدا

هەبوونی ئاماژەکاری و شیکاریی ئەو ئاماژەکاریانە و لە ئەنجامدا گەیشتن بە هاوکۆلکەی لە دەقەکانی کوردیی ناوەندیدا پێویستی بە نەرمئامێری تایبەت هەیە، لەبەر ئەوەی کۆی ئەو ناوەندانەی خەریکی ئەنجامدانی ئەم کارانەن پێوەندییان لەگەڵ ئەو زمانانەدایە کە بە ئەلفبێی لاتینی (ڕۆمی) دەنووسرێن، بۆیەش بێجگە لە یەک نموونەی ئاوارتە کە لە خوارەوە باسی دەکەین، تا ئێستا هیچ جۆرە ئاماژەکارییەک بۆ شێوەی دیجیتاڵ بۆ نووسینەکانی کوردیی ناوەندی تۆمارنەکراوە و بۆیەش هیچ

گۆڤارێکی ئەم زارە نەبۆتە خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری. تا ساتی نووسینی ئەم کتێبە، *پژوهشنامه ادبیات کردی*، واتە ژورناڵی ئەدەبی کوردی، تاقە گۆڤارێکی کوردیی ناوەندییە لە ڕابردوو و هەنووکەدا ئاماژەکاریی وتارەکانی بە شێوەی دیجیتاڵ تۆمار دەکرێت و بۆیە پاش شیکارییان، هاوکۆلکەی کاریگەرییان بۆ دابین دەکرێت. هاوکۆلکەی کاریگەریی ئەم گۆڤارە یەکەم جار لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا (٢٠٢١) پێی بەخشرا. هاوکۆلکەی کاریگەری بەردەوام بۆ ژمارەکانی دوو ساڵی پێشووی گۆڤارەکان دابین دەکرێت، بۆیە هاوکۆلکەی کاریگەریی ئەم گۆڤارە هی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، واتە (٢٠١٩) بوو. ئەم تایبەتمەندییە لە لایەن دامەزراوەی ئاماژەپێویی زانست و تەکنۆلۆژیای دونیای ئیسلام-ەوە، ناسراوە بە ISC، بەخشرایە گۆڤاری ناوبراو کە تاقە سیستەمی دیجیتاڵی بۆ ئاماژەپێویی نووسینی ئەو زمانانەی بە ئەلفبێی عەرەبی دەنووسرێن، پێکهێناوە. پێشتر هەر لەم کتێبەی بەردەستدا ئەو ناوەندە ناسێندراوە.

گەرچی ئەم تایبەتمەندیە وەک شانازی بۆ گۆڤاری ناوبراو هەژمار دەکرێت، لەبەر ئەوەی دوای تێپەڕبوون بە ڕێگایەکی سەخت و دوورودرێژدا بوو بە خاوەنی ئاماژەمەندی و هاوکۆلکەی کاریگەری، هاوکات هەواڵێکی ڕاچڵەکێنەریشە، چونکە ئەو هەموو نووسینەی بە زاری کوردیی ناوەندی بڵاوبوونەتەوە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە نین. گەرچی هاوکۆلکەی کاریگەری (IF) بۆ گۆڤارە زانستییە ئینگلیزییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەمێک ساڵە هەژمار دەکرێت و گۆڤارە زانستییە فارسییەکانیش هەر بەم پێیە ڕیزبەندی کراون؛ بەڵام ئەم دیاردەیە یەکەم جارە بۆ کوردیی ناوەندی و گۆڤارێکی کوردی ڕوو دەدات. ژورناڵی

ئەدەبی کوردی لە نێو زیاتر لە ٤٥ گۆڤاری ئەکادێمی کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتدا بە کوردیی ناوەندی بڵاودەبنەوە، تاقە گۆڤارە دەبێتە خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری (IF) و نوانەی خێرایی (II)ـە. ٢٤ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی (١٤ی ئاداری ٢٠٢٢) ڕۆژێکی مێژووییە لە گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی، لە ڕووی بەرهەمهێنانی زانستی بە شێوەی دامەزراوەیی و بووژانەوەی دەقی ئەلکترۆنیک و ئامازەپێویی دانپێدانراوەوە، چونکە بۆ یەکەم جار شیکاری بۆ ئامازەکارییەکانی توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی کرا و گۆڤارێکی کوردی بۆ یەکەم جار بوو بە خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری. خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە توێژینگەی کوردستانناسیی زانکۆی کوردستانە و بە دوو زمانی کوردی و فارسی و لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی، ئەدەبی بەراوردکارانە و ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبیدا بە دوو شێوەی ئەلکترۆنیک و کاغەزی، بڵاو دەبێتەوە. ئەم دوو–وەرزنامەیە لە لایەن چەندین بانک و بنکەی زانیاریی بڕواپێکراوی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە نوانە دەکرێت و لە ڕیزی ئەو ژورناڵانەدایە کە لێژنەی گۆڤارە زانستییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا پەسەندی کردوون و خاوەنی پلەی زانستییە. جێگای سەرنجە گەرچی چەندین گۆڤاری کوردیی سەروو خاوەن پلەی زانستی و دانپێدانراو لە باکوور بڵاو دەبنەوە و گەرچی نووسینەکانی کوردیی سەروو بە حوکمی ئەوەی بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسرێن، خاوەی سایتەیشنن و لەم ڕووەشەوە لەگەڵ نووسینەکانی کوردیی ناوەندی بەراورد ناکرێن؛ بەڵام هیچ گۆڤارێکی کوردیی سەروو تا ئێستا خاوەنی هاوکۆلکەی کاریگەری نییە.

جێی ئاماژەیە پژوهشنامه ادبیات کردی یەکەمین و تاقە گۆڤاری کوردیی دانپێدانراوی وەزارەتی خوێندنی باڵای ئێران و یەکەمین و تاقە گۆڤاری کوردیی نوانەکراوە لە ناوەندی ISC. هەروەها یەکەمین و تاقە گۆڤاری کوردییە کە وتارەکانی بوو بە خاوەنی دابینکردنی نادیبا (ناسێنەی دیجیتاڵی بابەت) بە هەر دوو شێوەی DOI و DOR. نادیبا (DOI) ژمارەیەکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتییە و وەک مۆرکێک دەبەخشرێتە نووسراوە و توێژینەوەکان. ئەم ناسێنەیە پاش بینینەوەی لە ئینتێرنێتدا هەموو جۆرە زانیارییەک سەبارەت بە وتارەکە و نووسەرەکان بە خوێنەر دەدات. وتاری زۆربەی ژورناڵە گرنگە ئینگلیزییەکان هەڵگری ئەو ژمارەیەن. لە گۆڤارە فارسییەکانیشدا وەک دیاردەیەکی تازە سەیر دەکرێت و زۆربەشیان تا ئەم ساتە خاوەنی ئەو ژمارەیە نین. هەروەهاش، سەرجەم وتارەکانی لە Academia و Google Scholar دادەنرێن و گۆڤارەکەش تاقە گۆڤاری کوردیی ناوەندییە، خاوەنی ئاماژەکاری لە گووگڵ سکاڵێرە. لە پاڵ ئەمانەشدا، سەرجەم وتارەکانی ئەم گۆڤارە لەDOAJ نوانە دەکرێن کە هەڵگری زیاتر لە ٧/٥ وتارە بە هەشتا زمان، بەڵام ژمارەی ژورناڵە کوردییە نوانەکراوەکان لە دواج ناگاتە ژمارەی قامکەکانی دەستێک. نوانەکرانی گۆڤارە کوردییەکان لە DOAJ هەنگاوێکی دیکەی قایمە بۆ مسۆگەرکردنی جێگەوپێگەی زمانی کوردی وەک زمانی زانستی.

## جێگە و پێگەی ئاماژەپێوی لە ڕیزبەندیی زانکۆکاندا

توێژینەوە و نووسینی ئەکادێمیک لە هەموو سیستەمەکانی ڕیزبەندیی زانکۆکانی جیهاندا دەوری بەرزی خۆی لە دیاریکردنی ئاستی زانکۆکاندا هەیە. گرنگترین سیستەمی ڕیزبەندیی زانکۆکانی جیهان بریتین لە: شانگهای، سایماگۆ، تایمز، لیدن، کیۆ-ئێس و وێبۆمتریکس. لە خوارەوە

کۆمەڵێک پێنوێن دەخەمەڕوو کە لە هەموو سیستەمەکاندا، وەک پێوەر بۆ بەدەستهێنانی خاڵ بۆ زانکۆکان دانراون. گەرچی لەم سیستەمانەدا جیاوازی هەیە لە نێوان خاڵی دیاریکراو بۆ ئەو پێنوێنانەی پێوەندییان بە توێژینەوەوە هەیە؛ بەڵام تێکڕا بە تایبەتمەندیی بەرچاو پێناسەکراون و تەنانەت لە زۆربەشیاندا خاڵی یەکلاییکەرەوەیان بەرکەوتووە. هەندێک لە پێنوێنە پێوەندیدارەکان بە توێژینەوەوە لە سیستەمە جیاجیاکانی ڕیزبەندیی زانکۆکانی جیهان بریتین لە:

ژمارەی وتارە بڵاوکراوەکان لە ژورناڵەکانی Nature و Science (N& S).

ژمارەی وتارە نوانەکراوەکان لە نوانەی SCI بنکەی زانیاریی (PUB). ISI

کارتێکەریی زانستی بەپێی هاوکۆلکەی کاریگەریی گۆڤارەکانی ئەو زانکۆیە

وتارە زانستییە نوانەکراوەکان

گۆڤار و ژورناڵە بڵاوکراوەکان لە لایەن زانکۆوە

ژمارەی ئەو وتارانەی نووسەری بەرپرسی سەر بە زانکۆکەیە

ڕێژەی وتارە پڕئاماژەکان (دە لەسەدی ئاستبەرزترین وتارەکانی نووسەری بەرپرسی هەمان زانکۆ)

داهات و قازانجی توێژینەوەیی

ژمارە و پشکی وتارەکانی زانکۆ لە ١% پڕئاماژەترین بەرهەمهێنانە زانستییەکان

ژمارە و پشکی وتارەکانی زانکۆ لە ٥% پڕئاماژەترین بەرهەمهێنانە زانستییەکان

ژمارە و پشکی وتارەکانی زانکۆ لە ١٠% پڕئاماژەترین بەرهەمهێنانە زانستییەکان

ژمارە و پشکی وتارەکانی زانکۆ لە ٥٠% پڕئاماژەترین بەرهەمهێنانە زانستییەکان

ژمارە و تێکڕای ئاماژەکاری بۆ بەرهەمهێنانە زانستییەکانی زانکۆ

ژمارە و تێکڕای ئاماژەکاری بۆ بەرهەمهێنانە زانستییەکانی زانکۆ بەپێی بەش و ساڵ

ژمارە و پشکی وتارە هاوبەشەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکان، زانکۆکان، یان دامەزراوەکانی دیکە

ژمارە و پشکی وتارە بڵاوبووەکان لە ژورناڵە کراوەکان (Open Access Journals)

**دەوری توێژینەوەی هاوبەش**

ئەوڕۆکە توێژینەوەی هاوبەش لە نێوان چەند توێژەری سەر بە زانکۆی جیاجیا دەورێکی گرنگی هەیە لە چوونەسەری ژمارەی ئاماژەکارییەکانی نووسینی ئەکادێمیکدا. گۆڤاری نەیچێر لەو خشتەیەی ساڵی ٢٠١٩ بڵاوی کردەوە دەریخست کە تا دێ ژمارەی توێژینەوەی هاوبەش ڕووی لە زیادبوونە، بە چەشنێک کە ژمارەی توێژینەوەی تاکەکەسی لە گۆڤارەکەدا بۆ ساڵی ٢٠١٩ لە سفر نزیک بووەتەوە. ئەم گۆڤارە بە بۆنەی سەدوپەنجاهەمین ساڵی دەرچوونییەوە ئینفۆگرافییەکی سەبارەت بە جۆری توێژینەوە و تایبەتمەندیی ئەو توێژەرانە بڵاوکردەوە، کە هاوکارییان لەگەڵ گۆڤارەکە کردووە. ئەوەی جێی سەرنجە بریتییە لە چەند نەتەوەیی بووونی توێژەرانی یەک توێژینەوەیە. زانست هێندە

بەربڵاو و بەرفروان بووەتەوە کە ئەوڕۆکە ئیدی ناونیشانێک لە عەلامەکان نییە. هزر و زانست چیدی لای یەک کەس نییە. ئەمەش تا ئەو ئاستەی ئەوڕۆکە دەوترێت «زانا مرد، بژی زانست».

هەروەها لە ڕاگەیێندراوێکدا لە لایەن دامەزراوەی ئاسیئێس‌سی-یەوە، کە بارەگای سەرەکیی لە شیرازە، تیشک خراوەتە سەر ئەو خاڵەی کە ژمارەی هاوکارییە زانستییەکانی توێژەرانی ئێرانی لەگەڵ دەرەوەدا ڕووی لە زیادبوونە. ئەم هاوکارییە زانستییانە هێندە گەشەیان سەندووە کە لە ماوەی پێنج ساڵدا نزیکەی دوو هێندە زیادی کردووە و لە هەشت هەزارەوە گەیشتۆتە سەرووی چواردە هەزار. یەکێک لە دەرئەنجامە سەرەکییەکانی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی هاوبەش بریتییە لە: چوونەسەری ژمارەی ئاماژەکارییەکان، کە دەوری زۆری هەیە لە بەرزبوونەوەی هەموو پێنوێنە پێوەندیدارەکان بە گوتاری ئەکادێمیکەوە، لە هاوکۆلکەی کاریگەرییەوە بگرە تا ڕیزبەندیی زانکۆ، یان دامەزراوەکە.

(بڕوانن بۆ خشتەی ژ. ١٣: هاوکاریی نێودەوڵەتی لە توێژینەوەکانی گۆڤاری نەیچێردا لە ساڵی ١٩٥٠ـەوە بۆ ٢٠١٩، لەگەڵ خشتەی ژ. ١٤: هاوکاریی نێودەوڵەتیی توێژەرانی ئێرانی لەگەڵ وڵاتاندا لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە بۆ ٢٠١٩)

## دەوری ڕانانی کتێب و وتار

یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی هەر جۆرە چالاکییەکی زانستی لە دونیای ئەوڕۆدا بریتییە لە "بینراوبوون"، چ لە ئاستێکی بەرفراوان و چ لە شوێنی دانپێدانراودا. ڕانانی نووسینی ئەکادێمیک یەکێکە لە ڕێگەکانی بینراوبوون، چونکە لە گوتاری ئەکادێمیکدا پێوندیی دوولایەنە لە نێوان بینراوبوون و

ڕانان‌دا هەیە. دەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ڕانانی کتێب و وتار بریتییە لە بینراوبوون کە بۆخۆی دەوری بەرچاوی لە چوونەسەرەوەی ڕادەی ئاماژەکارییەکانی توێژینەوەکاندا هەیە. ئەوەی جێگای وردبوونەوەی قووڵە بۆ توێژەرانی کوردی‌نووس ئەوەیە کە مخابن ڕانانی نووسینی ئەکادێمیکی کوردی، تەنانەت لەم ساڵانەی دواییشدا، گەشەی نەکردووە و ئەمەش هۆکارێکی دیکەی خاوی ئاماژەکارییە لە نووسینی ئەکادێمیکی کوردیدا. ئەو توێژەرانەی بە ئینگلیزی دەنووسن، باش دەزانن بە دەگمەن هەڵدەکەوێت کتێبێکی ئینگلیزی خێرا پاش بڵاوبوونەوەی ڕانانی بۆ نەکرێت، یان لانیکەم بە کورتیش بووە لەسەری نەنووسرێت، یان هەر هیچ نەبێت لە چەند دێڕێکدا نەناسێندرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندیی ئەو نەریتە کۆنەی نووسینی ئەکادێمیک لە ڕۆژئاوا کە لەم ڕووەوە لەگەڵ شوێنەکانی تری دونیا بەراورد ناکرێت. بوک ڕیڤیو لە ڕۆژئاوای سەرەتای سەدەی هەژدەدا هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ژورنالیزمدا گەشەی کرد و سەد ساڵ دواتر بوو بە ژانرێکی سەربەخۆی نووسین. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بوک ڕیڤیو لە گوتاری ئەکادێمیکی ڕۆژئاواییدا بوو بە خاوەنی قورساییەکی زۆر، ئەمەش تا ئەو ئاستەی کە یەکەمین گۆڤارە ئەکادێمیکەکان گرنگیی زۆریان پێ‌دەدات. ئێستا "بوک ڕیڤیو" یان ڕانانی کتێب چ وەک نووسینی ژورنالیستی و چ وەک جۆرێک وتاری ئەکادێمیک لە هەر دوو حاڵەتەکەدا خاوەنی قورسایی و پێگەی گرنگی خۆیەتی.

لە تورکیا و ئێراندا بایەخی زۆر دەدرێتە ڕانانی کتێبی تورکی و فارسی؛ ئەوان بۆ ڕانانی کتێب خاوەنی چەندین ماڵپەڕ و بڵاوکراوەی تایبەتن. لە ئێران پرۆژەی «کتاب ماه» ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو و

هەموو مانگێک لە ڕواڵەتی چەندین گۆڤاری جیاواز و تایبەت بە ڕانانی کتێبی بەشە زانستییە جیاجیاکان بڵاو دەکراوە. نموونەیەکی تر بۆ ڕانانی کتێبی فارسی بریتییە لە «هەفتەنامەی کتێب» کە سەردەمانێک هێندە دەوڵەمەند و فرەچەشن بوو، وەک دیاردەیەکی ڕۆشنبیری ناوی دەرکردبوو. لە ئێران ئاژانسێکی گەورەی هەواڵنێری و تەنانەت کاناڵی تەلەڤیزیۆنیی تایبەت بە کتێب لە چالاکیدان.

سەبارەت بە ڕانانی کتێبی کوردی دەبێ بڵێین مخابن لە خراپترین ئاستی خۆیدایە، ئەمەش تا ئەو ئاستەی دەکرێت، بوترێت، جگە لە چەند نموونەیەک، هەر لە ئارادا نییە. گەرچی هەندێک هەوڵی باش لەم پێناوەدا لە گوتاری ڕۆشنبیری و ئەدەبیماندا دراوە؛ بەڵام لە گوتاری ئەکادێمیکی کوردستاندا سەرنجی نەدراوەتێ. هەر دوو ژانری وتاری بوک ڕیڤیو و نەخاسما ئارتیکڵ ڕیڤیو لە زانکۆکانی کوردستان لە هەژاریدا دەژین. ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی چالاکیی ئەکادێمیک لە کوردستاندا و دەرخەری واقیعێکی تاڵی دیکەی گوتاری ئەدەبی و ڕەخنەییمانە کە توێژی خوێندەواری کوردیﻧووس گرنگی بە ڕانانی کتێب نادات.

لاوازیی ڕانانی کتێب لە کوردستان گرێدراوی کۆمەڵێک هۆکاری ترە، وەک خراپیی دۆخی بازاڕی کتێب، کەمیی ڕێژەی خوێندنەوە، بەدامەزراوەیینەبوونی ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، نادروستبوونی سیاسەتەکانی وەگەڕخستنی خوێندنەوەی کتێب، خراپیی باری ئابووریی و هتد، لە پاڵ ئەمانەشدا، کاتێک هەمووان دەبنە نووسەر و شاعیر، ئیدی کەس نابێتە ڕانەر و نووسیار. چاپەمەنیی کوردیش کەمتر گرنگی دەداتە ئەم بەشە گرنگەی نووسین. زۆر کەمن ژمارەی ئەو بڵاوکراوانەی، بە ڕۆشنبیرانە و ئەکادێمیکەوە، شێلگیرانە سەرنجیان

داوەتە ئەم ژانرەی نووسین. گەرچی لە لایەن هەندێک چالاکوانی دڵسۆز و خەمخۆرەوە تاڕادەیەک لەم ڕووەوە خزمەتی کتێبخانە و نووسینی کوردی کراوە؛ بەڵام جێگای تێڕامانە کە تا ئێستا هیچ ناوەند و دەزگایەکی کوردی بە شێوی تایبەت و پسپۆڕانە لەو بوارەدا کاری نەکردووە. وەزارەتی فەرهەنگ، واتە ڕۆشنبیری، لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەموو کابینەکاندا، مخابن تا ئێستا بە هیچ شێوەیەک بیری لەم پرسە گرنگەی گوتاری فەرهەنگی و ئەدەبی نەکردۆتەوە. بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی وەزارەتی ناوبراو نەیانتوانیوە حەوتەنامە یان گۆڤارێکی تایبەت بە ڕانانی کتێبی کوردی بڵاوبکەنەوە، تەنانەت گەر دوو لاپەڕەش بێت. ئەوان هێشتا نەیانتوانیوە لانیکەم ماڵپەڕێک بۆ ئەم بابەتە دروست بکەن. کێشەکان لەم ڕووەوە هێندە زەقن کە دەبنە جێگای واقوڕمانی هەر کەسێک لە دونیای خویندنەوە و توێژینەوەدا بژیت. بۆ نموونە، بەشێکی زۆری کتێبە کوردییەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە باشوور دەردەچن، پێڕستیان لە دواوەوە بۆ دانراوە، یان لە دووتوێی کتێبەکەدا بە چەندین زمان پوختەیان بۆ دانراوە کە بە راستی هیچ سوودێکی نییە لەبەر ئەوەی کتێبەکە بۆخۆی تەنانەت ناونیشانەکەشی لە ئینتێرنێتدا نییە.

گەر ڕانانی کتێب لە هەر دوو گوتاری ڕۆشنبیرانە و ئەکادێمیکدا جێگە و پێگەی خۆی هەیە، ڕانانی وتار زیاتر لە بەستێنی ئەکادێمیکدا گەشەی سەندووە و کاری پێدەکرێت، بۆیەش هاوکات لەگەڵ گەشەی بوک ڕیڤیو لە گوڤارە زانکۆییەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت لەو بەشەی ڕۆژئاوا کە ئینگلیزی تێیدا باڵادەستە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئارتیکڵ ڕیڤیو-ش، واتە ڕانانی وتاری زانستی، هاتە گۆڕێ. ئێستا دەور و کاریگەریی ئارتیکڵ ڕیڤیو گەیشتۆتە ئاستێک کە بەشێکی زۆری

پێشکەوتنە زانستییەکانی سەردەمی ئێمە گرێدراوی ئەم جۆرە وتارەن. گەرچی بوک ڕیڤیو بۆ کتێبی فارسی و تورکی پەرەی‌سەندووە؛ بەڵام ئارتیکڵ ڕیڤیو لە ئێران و تورکیا هێشتا جێگەی ڕاستەقینەی خۆی نەدۆزیوەتەوە. هۆکارێکی سەرەکیی ئەو دواکەوتووییە بریتییە لەوەی زانکۆکان لەم دوو وڵاتە لە لایەکەوە زۆر کۆن نین و پاشخانێکی دەوڵەمەندی مێژوویی‌یان لە ڕووی بەدامەزراوەیی‌بوونەوە نییە و لە لایەکی تریشەوە، زانکۆکانی ئەو دوو وڵاتە ئەو دەور و پێگەیەیان نییە کە زانکۆ لە ڕۆژئاوا هەیەتی. لە زانکۆ و دامەزراوە ئەکادێمیکەکانی کوردستانیشدا ڕەوشەکە لەم ڕووەوە بە هەمان شێوەیە و بەداخەوە ڕانانی وتار بایەخی نەدراوەتێ.

**دەوری پوختەی پەرەپێدراو**

پوختەی پەرەپێدراو، یان پوختەی بەربڵاو (Extended Abstract)، وەک بە ناوەکەیدا دیارە، بریتییە لەو پوختەیەی توێژینەوەی زانستی کە بە بەراورد لەگەڵ پوختەی ئاسایی بەربڵاوتر و وردەکارانەترە. بە واتایەکی تر، ئەگەر پوختەی توێژینەوە خۆی لە نێوان ١٥٠ بۆ ٢٥٠ وشەدا دەبینێتەوە، پوختەی درێژکراو لە دەوروبەری هەزار وشەدایە. هەر یەک لە پێشەکی، ئامانج، ڕێبازناسی، بنەمای تیۆریک و دەرئەنجام لە پوختەی ئاساییدا یەک دوو ڕستەیان بەردەکەوێت؛ بەڵام لە پوختەی پەرەپێدراودا دەبنە خاوەنی بەشێکی سەربەخۆ. پوختەی بەربڵاو زیاتر بە زمانی ئینگلیزییە و بۆ ئەو توێژینەوانە دادەنرێت کە بە زمانێکی جگە لە ئینگلیزی نووسراون؛ بە شێوەیەکی گشتیتر، تایبەتە بەو زمانانەی بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسرێنەوە، بۆیەش ئەوڕۆکە لەو توێژینەوانەی بە کوردی، فارسی و عەرەبین کەڵک لە پوختەی بەربڵاوی ئینگلیزی وەردەگیردرێت. پوختەی

درێژکراو لەو توێژینەوانەی بە ئەلفبێی لاتینی نووسراون لە ئارادا نین، چونکە سیستەمەکانیی خۆکاری ژمارەی ئاماژەکانی توێژینەوەکە دەردەخەن و ئیدی پێویست بە پوختەی درێژکراوی ئینگلیزی نییە.

چەند ساڵێکە گۆڤارە زانستییە فارسییەکان دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی بۆ وەرگرتنی ئەوەی ناویان ناوە «چکیده مبسوط»، واتە پوختەی بەربڵاو بە ئینگلیزی، لەگەڵ دەقی سەرەکیی نووسینەکەدا. ئەوان داوا لە توێژەران دەکەن تەنانەت سەرچاوە فارسییەکانی توێژینەوەکە بە ئینگلیزی و بە ئەلفبێی لاتینی تۆمار بکەن. لەم ڕێگەیەوە گووگڵ سکاڵێر سایتەیشن و ئاماژەکارییەکانی وتارە فارسییەکانیش هەژمار دەکات. ئێستا سەدان توێژەری ئێرانیی فارسی‌نووس هەن کە خاوەنی یەک نووسینی ئینگلیزی نین، کەچی لە گووگڵ سکاڵێردا خاوەنی سایتەیشنن، ئەمەش دەرئەنجامی دانانی پوختەی بەربڵاو بە ئینگلیزییە بۆ وتاری فارسی لە ماڵپەڕی ئەو گۆڤارانەی لە لایەن ناوەندێکی متمانەپێدراوەوە نوانەکران.

گەر بمانهەوێت زمانی کوردی لە دونیای زانستدا ببێتە خاوەنی جێگە و پێگەی خۆی، دوو ڕێگامان لە بەردەستە؛ یەکەم، کورد بۆخۆی ببێتە خاوەنی نوانەیەکی دانپێدانراو کە هاوکات ئاماژەپێوی بۆ نووسینە کوردییەکانیش بکات؛ دووەم، لەو توێژینەوانەی بە کوردین پوختەی پەرەپێدراوی ئینگلیزیش دابندرێت تا ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی نوانەسازی بتوانن ئاماژەکانی توێژینەوەکە بپێون، واتە ژمارەی ئاماژەدانەکان لەو توێژینەوەیەدا و بەو توێژینەوەیە تۆمار بکرێن. ئەوەندەی من بزانم تا ئێستا هیچ گۆڤارێکی کوردی پوختەی بەربڵاوی ئینگلیزی بۆ توێژینەوەکان دانەناوە، جگە لە هەندێک نموونەی دەگمەن، نووسەر و

توێژەری کوردیینووس (جگە لە کوردیی سەروو، چونکە بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسرێت) ناناسم بۆ نووسینەکانی خاوەنی ئاماژەمەندی بێت. بە زمانێکی سادەتر، سایتەیشن لە کوردیی ناوەندیدا گەر سفر نەبێت، نزیکە لە سفر. دەرئەنجامێکی دیکەی نەبوونی ئاماژەکارییەکان لە نووسینی کوردیدا بریتییە لەوەی ژمارەی کیتێرم و وشەگەلی سەرەکی لە گووگڵ سکالێر و ئەکادێمیا و لە وێبئاڤساییێنس، یان نین، یان کەم و کورتن، یان ژمارەی نووسین و ئەندامیان کەمن.

## بەشی هەشتەم: ئەنجام

پەرەپێدانی زمانی کوردی هەر تەنیا پرسی خوێندن بە زمانی دایکی، ڕەچاوکردنی مافە زمانییەکان، گەشەی چاپەمەنیی کوردی، یان بەکوردیﻧووسینی تابلۆی سەر دووکانەکان ناگرێتەوە. تەنانەت ناشبێ هەر تەنیا بۆ گەشەپێدانی زمانی زانستی لە ڕێگەی زاراوەسازی و هاوواتادانان بۆ زاراوە زانستییەکانەوە کورتوکۆ بکرێتەوە. لە ئاستێکی بەرزتردا، دەکرێت باسی ئەو سیاسەتە زمانییە بکەین کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە مەبەستی مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردیدا بڕیاری لەسەر دەدرێت، وەک ئەو زمانانەی لە ناوەندە زانستییەکاندا ئامادەن. بە واتایەکی تر، پلاندانانی زمانی هەر تەنیا بۆ فێرکاریی زمان و پاراستنی زمان کورتوکۆ ناکرێتەوە، بەڵکوو وەک ئەندازیاریی زمانی دەتوانێت هەوڵبدات بۆ دامەزراندنی بنکەگەلی زانیاری بۆ زمانی بەرباس و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە هەنووکەییەکان، بەتایبەت لە ڕووی دابینکردنی سەرچاوەی زانستییەوە بە شێوەی خۆکاری.

لێرەوە دەتوانین بڵێین نوانەسازیی ئەو دەقانەی بە زمان کوردی نووسراون، یەکێکە لە گرنگترین هەوڵەکان بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی. گەر پلاندانانی زمانی زیاتر ئەرکی دامودەزگا حکوومییەکان بێت، نوانەسازیی پێویستە ببێتە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەو دامەزراوە حکوومییانە کە سەروکاریان لەگەڵ توێژینەوەی زانستی و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی کتێبدایە.

گەر خوێندنی کوردی یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەردە، گەشەی چاپەمەنیی کوردیش یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەتی فەرهەنگ، نوانەسازی بۆ نووسینی ئەکادێمیکی کوردی ئەرکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییە، تاکوو زمانی کوردیش، هەر وەک فارسی و تورکی و عەربی، لەو ناوەندە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا ئامادە بێت.

نوانەسازی بۆ دەقی کوردی بە هەر دوو ماناکەیەوە کە لە پێناسەکانی بەشی یەکەمدا باسم لەسەر کردن بنەمای نەخشەڕێگایەکی دروست و هەنووکەیی پێکدەهێنێت بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی لە لایەکەوە و زاڵبوون بە سەر ئەو کۆسپانەی لە بەردەم توێژەرانی کورددا قوت دەبنەوە. هاوکات پێویستە چاکسازی بکرێت لە شێوە و جۆر و مێکانیزمی ئەنجامدانی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەیان، چ بە کوردی و چ بە زمانەکانی تر. لەم پێناوەدا پێویستە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و پارادیگماتیک لە سەرجەم ئەو بەشانەی پێوەندییان بە گوتاری ئەکادێمیکەوە هەیە بێتە ئاراوە. گرنگترین قۆناغەکانی گۆڕانکاریی پارادیگماتیک کە لەم کتێبەدا باسیان لەسەر کرا، بریتین لە: بەرتەسککردنەوەی بابەتی بەرباسی وتارەکان لە چەند بواری جیاوازی زانستییەوە بۆ یەک، یان هەندێ بواری پێوەندیدار، بایەخدان بە جۆرەکانی دیکەی نووسینی ئەکادێمیک، ڕێکخستنی جۆرەکانی چالاکیی ئەکادێمیک، چاکسازی لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەدا، ڕیزبەندیی گۆڤارە ئەکادێمیکەکان، ڕێکخستنی ناونیشانی ئەلکترۆنیکی ناوەند و زانکۆکان، چاکسازی لە ماڵپەڕی ژورناڵەکاندا و لە شێوەی بڵاوکردنەوە و نوانەسازیدا. دامەزراندنی ژێرخانی زانیاریی دیجیتاڵ بۆ کتێبخانە، زانکۆ، مۆزەخانە و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی کوردستان کە وەک پێشمەرجی

